لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# پرسیار و وەڵامە گرنگەکان

# بـــۆ تێکـڕای مـوسـڵمانان

## بەتـایـبەت پێش نوێژ و وتـاربێژان

**نوسینی**

الشيخ: محمد بن زيد بن محمد المدخلي.

قدَّم لها : الشيخ العلامة: أحمد بن يحيى بن محمد النجمي

والشيخ العلامة: زيد بن محمد بن هادي المدخلي – رحمهما الله –

**************

**وەرگێڕانی**

**پشتیوان حسن کرم**

**پێداچوونەوەی**

**مامۆستا خلیل أحمد**

---

**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**

**ماڵپەرێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

# پــێشەکی شێخ زید بن محمد بن هادى المدخلي

الحمدلله ، وصلّى الله وسلّم على عبده ورسوله محمّد النبــيّ الهـاشمي القرشـي العربي، وعلى كلّ من تخلّق بخلقه واتّبع بالفهم الصحيح هُداهُ، أمّا بعد:

ئەم کتێبە خرایە پێش چاوم لەلایـەن بـەڕێز کـوڕی خـۆم (محمـد ابـن زیـد المدخلی) کە توێژینەوەیەکی کورت و پوخـت وسوودبەخشـە بـۆ خـۆی و بـرا فێرخوازەکـانی تـری زانسـتی شـەرعی بەگشـتی و پێشـنوێژ و ووتاربێـژی مزگەوتەکان بەتایبەتی، کەلە دووتوێی ئەم کتێبەدا باسـی ڕاسـت کردنـەوەی بیروباوەڕ و دروشمە گەورەکانی تر و ئەوەش پەیوەندی پێیانـەوە هەیـە لـەماف وئەرك و هەڵسوکەوت و ئاکاری جوان لەسەر ئـەو پـەیڕەو و بەرنامەیـەی کـە گەورەی مرۆڤایەتی و پێغەمبەری ئیسـلام محمـد هێناویـەتی ﷺ ، ئەمـەش لەسەر شێوازی پرسیار و وەڵامە، وە باسـی ئـەو هۆکارەشـی کـردووە کـەوای کردووە ئەم کتێبە لەسەر ئـەو شـێوازەی کـەباس کـرا بنووسـێت، وە منـیش بەباشم زانی کە چاپ بکرێ و بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی سوودەکەی هەموو لایەك بگرێتەوە و پاداشتەکەشی بمێنێتەوە بۆی ، وأسأل الله لنا وله ولجميع المؤمنين

التوفيق والسداد في كل ما نأتي نذر، وصلّى الله وسلّم على نبينا محمد سيّد البشر وصاحب الشرع العظيم المطهر.

زيد بن محمد بن هادي المدخلي

١٤٢٧/١١/٢٠

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی شێخ أحمد بن يحيى النجمي

الحمدلله، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه. وبعد:

شێخی بەڕێزی خاوەن فەزڵ ( محمد بن زيد بن محمد بن هادی المدخلی ) خوای گەورە سەرکەوتووی بکات ئەم کتێبەی بۆ ناردم کەناوی ناوە " **إعانة الخطباء والأئمة بفقه إمامة الأمة** " کەلە ڕاستیدا وەڵامی چەند پرسیارێکە و لەدوو کۆمەڵە پێك دێت، ئەوانیش:

١. ئەو کۆمەڵە پرسیارانەی کە پەیوەستن بە بواری بیروباوەڕەوە.

٢. ئەو کۆمەڵە پرسیارانەی کە پەیوەستن بە بابەتە فیقهیەکانەوە وەکو: پاکوخاوێنی ونوێژ بەکۆمەڵ وهەینی و جەژنەکان ونوێژە بارانە و خۆرگیران و مانگ گیران ومردووشۆردن، وە منیش زۆر جەختم لەسەر پرسیارەکانی بواری بیروباوەڕ کردووەو دووجار خوێندمەوە بینیم بەڕێزیان سەرکەوتوو بوونە لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بەشێوەیەکی کورتی بێ کەموکورتی، هەر بۆیە بەسوودە بۆ فێرخوازی سەرەتای زانستی شەرعی و بەهەمان شێوە بۆ کەسێکیش کە دەرکەوێ بۆ پێشەوایەتی خەڵك، وە من هانی فێرخوازانی

زانستی شەرعی دەدەم بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە و سوودلێ وەرگرتنی، وبـالله التوفیق.

**أحمد بن يحيى النجمي**

**١/١/١٤٢٨هـ**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پـێشەکی دووەمی شێخ زید بن محمد بن هادی المدخلي

پێشـەکی شـێخی خـاوەن فـەزڵ بـاوکی بەڕێـزم خـوای گـەورە بیپارێزێـت و لەشساغی بکات و سەرکەوتوی بکات بۆ هەموو خێرێك

ئەم پێشەکیە لە کۆمەڵە دێڕێکی شیعری پێك دێت کە باوکم وەکو پێشەکیەك ووتویەتی بەبۆنەی دەستپێکردنم بۆ کۆکردنەوەی ئـەو ووتانـەی ئـەهلی عـیلم لەکتێبەکانیاندا کە پڕن لە زانستی بەسوود وە لەو کتێبانە، کتێبەکانی باوکی بەڕێزمە وە من ئەم کتێبەم ناونا " **إعانة الخطباء والأئمة بفقه إمامة الأمـة** " وە کاتێك کتێبەکەم ڕادەسـتی بـەڕێزیان کـرد دوو پێشـەکی بـۆ نووسـی کـە یەکێکیان بەشێوەی پەخشان و ئەوی تریـان بەشـێوەی هـۆنراوە، کـە ئەمـەی خوارەوەیە:

**باكورة العمر ما أجلى معانيها     كالروضة (الحسنا) طابت لجانيها**

**أحكام فقه وتوحيد مبيّنة     كذاك آدابها تمّت مبانيها**

**مأخوذة من خيار الكتب واضحة     في اللفظ والسبك لاتخفى مراميها**

ما شانها منطق فالعلم ألبسها ثوب الجمال فلا تزهدوا فيها

فيها غذاء كشهدٍ في خزائنه طوبى لعبد يوالي من يواليها

ضمت فنونا كضوء الشمس إذ سطعت ونورها مشرق قد خاب شانيها

وكونها لأصول الدين جامعةً لاشكّ فيه فسل عنها نواديها

وكونها سهلة جاءت ميسرة فذروة الفوز يا نعمى لقاريها

فالمدح للعلم تكريم ومنقبة بشرى لمن نال شيئاً من معانيها

قد صاغ تقريظها النجمي [1] مبتهجاً سدت ثغوراً وصوت الحق حاديها

والشكر مني لمن قد قام يرصدها في جنح ليلٍ لقد طابت لياليها

والحمدلله في سرّ وفي علن ما رفرف البرق من أعلى أعاليها

ثم الصلاة على المختار من مضرٍ خير البرية قاصيها ودانيها

والآل والصحب تغشاهم تحيتنا بالمسك فوّاحة تحلو لراويها

---

[1] الشيخ العلامة أحمد بن يحي النجمي حفظه الله.

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی شێخ محمد بن زيد بن محمد مدخلي

الحمدلله الذي منّ علينا بدين الإسلام، واصطفى لرسولنا ﷺ من بين الأنام، وأشهد أن لاإله إلاّ الله الملك العلاّم، وأشهد أن محمداً عبدالله ورسوله الداعي إلى سبل السلام.

**أما بعد:**

لەبابی داننان و باسکردنی نیعمەتەکانی خوا بەسەرمەوە ئەوەیە کە نیعمەت ومنەتی خۆی بەسەرمدا ڕشت بەوەی کە هاوکاری کردم لە ڕۆژی سیازدەی مانگی شەعبانی ساڵی هەزار و چوارسەد و بیست و حەوتی کۆچی بە تەواوکردن و لەچاپ دانی ئەم کتێبەی بەردەستی خوێندەوارانی ئازیز و ناوم لێنا: " **إعانة الخطباء والأئمة بفقه إمامة الأُمّة** " ، جا منەت وسوپاس بۆ خوای گەورە و داوای لێ دەکەم هاوکار و یارمەتیدەرمان بێت بۆ زیکر و شوکر و جوان پەرستنی و نیعمەتە دیار و نادیارەکانی خۆیمان بەسەردا تەواو بکات لەم دونیا و لەدوارۆژیشدا چونکە هەر ئەو دەوڵەمەند و بێ پێویست و سوپاسکراوە.

**خوێنەری بەڕێــز:** پێم خۆشە هۆکاری کۆکردنەوەی ئەم وەڵامــە زانســتیە شەرعیانەت بۆ باس بکەم کە بۆ ئەو پرسیارە ئامانجدارانــەی کــە کــراون، کــە لەلایەن لیژنەی ڕاوێژکاریەوە دەرچووە لە لقی وەزارەتــی کاروبــاری ئیســلامی لەناوچەی (جازان)، کە سەرۆکی لیژنەکە زۆر بەڕێز سەرۆکی دادگا شەرعیەکان شێخ دکتۆر: عبدالرحمن بن محمد الغزی، خــوای گــەورە هــەمووان ســەرکەوتوو بکات بۆ ئەوەی خۆی لێی ڕازیە.

جا منــیش نوســخەیەکیم لــێ دەســتکەوت و پێــی سەرســام بــووم و پێویستم کرد لەســەر خــۆم کەبــەدوای وەڵامەکانیانــدا بگــەڕێم لــە سەرچــاوە باوەڕپێکراو و متمانەپێکراوەکانەوە بۆ ئەوەی هەندێك لەکاتەکانم بەرهەمــدار بن و وەبیرخستنەوەو یادخستنەوەیەکیش بێت بــۆ زانیاریــەکانم، وە داواکــار و ئومێدەوارم کە ئەمە لــە ســەر میزانــی چــاکەکانم بێــت، هــەر بۆیــە ئەمــەی بەردەستی لێ دەرچوو.

منیش وەڵامەکانم کورت کردۆتەوە و تەنها لەسەر ئەوە وەستاووم کە زانایان تەرجیحیان داوە وپەسەندیان کردووە و جگە لەوەش هەندێك پرسیاری تــرم بــۆ زیاد کردووە لەپێناو کامڵ کردنی سوود و ئامانجەکەی.

وه لەبەر ئەوەی هەڵەکردن لەسروشتی مرۆڤە بۆیە دەڵـێم: ئـەوەی حەق و ڕاستی تێدا بوو ئەوا فەزڵی خوایە پاشان بەکۆکردنەوەی نووسراوی ئـەو زانا بەڕێزانەیە کەهەوڵیان داوە، وە ئەوەش لەهەڵە و نـاڕێکی تێـدابێت ئـەوە لەخۆم وشەیتانەوەیە و خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ لێـی دوورن ، وە ئومێـدەوارم هەرکەسێك کەچاوی بەهەڵە و کەموکورتیەك دەکەوێت کە پێویست بێت ڕاست بکرێتەوە ئەوا ئاگادارم بکـات بـۆ ئـەوەی چـاکی بکـەم و ئـەوەش کرۆکـی هاوکاری و کۆمەکی کردنە لەسەر خێر و چاکە وەکو شاراوە نیە.

وفي الختام أشكرالله تعالى، ثمّ أشكر أبي وشيخي، وفقه الله وأسبغ عليه نعم الدين والدنيا، وصلى الله وسلم على النبـي المصطفى ومن بهديه اقتفى.

نوسینی

**محمد بن زيد بن محمد مدخلي**

١٤٢٧/٨/١٣هـ

# پرسیارەکانی تایبەت بە بیروباوەڕ

# أسئلة العقيدة

**الحمد لله رب العالين، والصّلاة والسّلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، أمّا بعد:**

بیروباوەڕی ئیسلامی ئەو چەمکەیە کە لەپێناویدا خوای گەورە تەواوی پێغەمبەرانی ناردووە و کتێبەکانی بۆ دابەزاندووە و واجب و پێویستی کردووە لەسەر هەموو دروستکراوەکانی لە مرۆڤ و جنۆکە، وەکو دەفەرموێت: ﴿ **وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلا لِيَعْبُدُونِ (٥٦) مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ (٥٧)** ﴾ من مرۆڤ و جنۆکەم دروست نەکردووە ، و هەموو پەیامبەرانیشم نەناردووە ئیللا بۆ ئامانجێکی بەرز وبڵند نەبێت ، ئەویش بە تاك و تەنها پەرەستنمە دوور لە پەرستنی جگە لە خۆم . من هیچ ڕزق و ڕۆزیەکم لەوان ناوێت و ناشمەوێت نانم بدەن ، چونکە تەنها هەر خۆم ڕۆزیدەر و بەخشەرم، بێگومان پەروەردگار پێویستی بە دروستکراوەکان نیە ، بەڵکو دروستکراوەکان هەژارن و پێویستیان بەو هەیە لەهەموو سات و حاڵێکدا ، چونکە هەر ئەوە بەدیهێنەر و ڕۆزیدەریان ، و پێویستیشی پێیان نیە .

هەروەها دەفەرمویێت: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ... ﴾ بێگومان ئێمە هەموو ئوممەتانی پێشوو پەیامبەرمان بۆ ناردوون فەرمانیان پێ بکات بە تاك وتەنها پەرستنی خوای پەروەردگار و گوێڕایەڵی کردنی ، وە بە وازهێنان لە پەرستنی جگە لەو لە شەیتانەکان و بت و مردووان و جگە لەوانەش کە دەکرێنە دۆست و پشتیوان جگە لەخوای پەروەردگار.

جا هەموو پێغەمبەران بەم بیروباوەڕە ڕێك وتەواوەوە هاتوون و گشت کتێبە ئاسمانیەکانیش کەلەلایەن خواوە دابەزێنراون هاتوون بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیروباوەڕە و ئاشکراکردنی ئەوەی بەتاڵی دەکاتەوەو هەڵی دەوەشێنێتەوە یان کەموکورتی دەخاتە نێویەوە.

وە هەموو ئەو کەسانەی کە موکەلەفن و تەکلیفی شەرعیان لەسەر شانە بەمە فەرمانیان پێکراوە، جا ئەگەر چەمك و باوەڕ وبابەتێك ئەمە شکۆوپایە و گرنگیەکەی بێت شایستەی ئەوەیە کە گرنگی پێ بدرێت وبەدوایدا بگەڕێت و بناسرێت و خۆی لێ شارەزابکرێت پێش هەموو شتێك وە پێغەمبەری ئازیزیش ﷺ دەفەرمویێت: " **من يرد الله به خيراً يفقهه في الدّين** "[1] واتە: ئەو کەسەی خوای گەورە خێر وچاکەی بۆ بوویێت ئەوا لەدین شارەزای دەکات و تێیدەگەیەنێت.

---

[1] البخاري في كتاب العلم, ومسلم في كتاب الإمارة وغيرها.

بۆیە پێویستە سەرەتا بۆ شارەزا بوون لەم بوارە کتێبە ڕاست ورەسەن ودروست وتەواوەکان دەستنیشان بکرێن، کە لەسەر بنەما ورێرەو ورێچکەی سەلەفی صالح نووسراون کە ئەهلی سوننە وجەماعەن، ولەسەریان بووەستێن ولەناویاندا بیـن بەخوێندنەوەو لێتێگەیشتن وکردەوەپێکردن وبانگەواز بۆلاکردن بەدانایی وئامۆژگاری چاك وبەجێ، هەروەها بە دانیشتن لەکۆڕ ومەجلیس وبازنەی زانستی ئەهلی عیلمی متمانەپێکراو وباوەڕپێکراو لەوبارەیەوە، و زانستیان لێ وەربگرین بەهەر هۆکارێك بێت لەهۆکارەکانی بلاوکردنەوەی زانستی شەرعی.

جا ئێستا تــۆ و چەند پرسیارێکی گرنگی پەیوەست بە بیروباوەڕ و بەرنامەی سەلەفی صالح ڕەحمەتی خوایان لێ بێت:

*** پرسیاری یەکەم: عیبادەت چیە، وە ئایا کەی کردەوە دەبێت بە عیبادەت و مەرجەکانی چین؟**

* **وەڵام:** عیبادەت بەچەند شێوازێك پێناسە کراوە، پێدەچێت گشتگیرترینیان پێناسەکەی (شَيْخُ الْإِسْلَامِ ابْنُ تَيْمِيَّةَ) بێت - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە دەفەرموێت : **" الْعِبَادَةُ هِيَ اسْمٌ جَامِعٌ لِكُلِّ مَا يُحِبُّهُ اللَّهُ تَعَالَى وَيَرْضَاهُ مِنَ الْأَقْوَالِ وَالْأَعْمَالِ الْبَاطِنَةِ وَالظَّاهِرَةِ، والبراءة مما ينافي ذلك ويضادّه"**

واتە : عیبادەت ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو گوفتار و کردارە ڕووکەش و

نادیارانەی کە خوای گەورە خۆشیانی دەوێت و پێی ڕازیە وە خۆبەریکردنیش لەو شتانەی کە دژ و پێچەوانەیەتی".

**وە کردەوەش دەبێت بە عیبادەت ئەگەرهاتوو دوو مەرجی تێدابوو، ئەوانیش بریتین لە:**

ئەوپەڕی خۆشەویستی بۆ خوای گەورە لەگەڵ ئەوپەڕی خۆزەلیل کردن و ملکەچی نواندن بۆی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ (٩٠)** ﴾ (الانبياء).

واتە: بێگومان ئەوان دەستپێشخەریان دەکرد بۆ هەموو کاروکردەوەیەکی چاکە، و نزا و پاڕانەوەیان تەنها لای ئێمە دەکردە بەئاواتی بەدەستهێنانی ئەوەی لەلای ئێمەیە ، و ترسی سزا و تۆڵەمانیان هەبوو ، وە ئەوان ملکەچ وگوێڕایەڵبوون بۆ فەرمانەکانمان .

**مەرجەکانی عیبادەت:**

ڕاستگۆیی لە خۆیەکلاکردنەوە بۆی و نیەت پاکی (تەنها خوا مەبەست بوون) و هاوڕایی شەرع (بەپێی یان بەگوێرەی شەرع بێت)، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلا صَالِحًا وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا (١١٠)﴾(الكهف) .

واتە: جا ئەوەی کە لەسزای پەروەردگاری دەترسێت و ئومێدی بەپاداشتی ئەو هەیە لەو ڕۆژەی کە پێی دەگات ، با کردەوەی چاك بۆ پەروەردگاری ئەنجام بدات و هیچ هاوەڵێکی بۆ پەیدانەکات لە پەرستنەکانیدا .

*** پرسیاری دووەم: واتای ( لا إله إلا الله) چیە و مەرجەکانی چین و بەڵگە بۆ قسەکانت بهێنەرەوە؟**

* وەڵام: واتاکەی بریتیە لە: هیچ پەرستراوێکی حەق نیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە اللە.

**وە دوو پایـە یاخود دوو کۆڵەکەی هەیە، ئەوانیش:**

نەفی و ئیسپات، بڕگـــەی **(لا إله)** نەفی هەموو ئەو خوایانە دەکات کە جگە لە اللە دەپەرسترێن، و بڕگەی **(إلا الله)** و سەلمێنەری عیبادەتە بەتەنها بۆ خوا و بێ هاوەڵ.

**وە حەوت مەرجی هەیە ، کە ئەوانیش:**

١- **هەبوونی زانست و زانیاری بە مەبەستەکەی و ئەوەی نەفی دەکات و ئەوەشی ئیسپات دەکات:** خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ **إِلا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ**﴾ (الزخرف : ٨٦) واتە: مەگەر کەسێك نەبێت کە شاهێدی هەقی دابێت و دانی نابێت بە یەکخواپەرستی خوادا و باوەڕی بە پەیامبەرێتی موحەممەد هەبێت ﷺ ، لە کاتێکدا ناوەرۆك و حەقیقەتی ئەو پەیام وبەرنامەیە دەزانن کە دانیان پێدا ناوە و شایەتیان لەسەر داوە .

٢- **یەقیــن:** ئەوەیە کە بێژەری ئەم ووتەیە دڵنیا وبێگومان بێت سەبارەت بەناوەرۆك و حەقیقەتەکەی و ئەگەر دوودڵ و بەگومان بێت لێی ئەوا سوودی نابێت بۆی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا (١٥)** ﴾ (الحجرات) واتە: بێگومان باوەڕداران ئەوانەن کە باوەڕیان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی هێناوە و کردەوەیان بە شەرعەکەی کردوە ، و پاشان گومانیان بۆ دروست نەبووە لە باوەڕەکەیاندا.

٣- **وەرگرتن و پێ ڕازی بوونی کە دژو پێچەوانەی ڕەدکردنەوەیەتی:** دەبێت ئەوەی ئەم ووشەیە داخوازی دەکات قبوڵ بکەیت لە یەکخواپەرستی و وەلانانی پەرستش کردن بۆ هەموو خوایەکی تر جگە لە الله، جا ئەوەی بیڵێت بەڵام ئەم ناوەرۆکە قەبوڵ نەکات و پێوەی پابەند نەبێت ئەوا لەریزی ئەو کەسانە دەبێت کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ**

يَسْتَكْبِرُونَ (٣٥) ﴾ واتە: بێگومان ئەو هاوەڵبڕیاردەرانە کاتێك کە لەدونیادا پێیان دەوترا : ( لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّه ) ، و بانگ دەکران بۆ پابەندبوون بەو وشەیە ، وە فەرمانیان پێ دەکرا بە وازهێنان لەوەی کە پێچەوانەی دەبێتەوە و پوچەڵی دەکاتەوە ، خۆیان بەگەورە دەزانی لە ئاست ئەوە و وە ئەوەشی پێیهاتووە . ﴿ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ (٣٦) ﴾ (الصافات : ٣٥-٣٦) وە دەڵێن : ئایا لەبەر وتەی پیاوێکی شاعیری شێت واز لە پەرستنی پەرستراوەمان بهێنین ؟ مەبەستیان پەیامبەری خوا بوو ﷺ .

**٤- پەیوەست بوون و وابەستەبوون پێیەوە کە پێچەوانەی وازلێ هێنانیێتی:**

دەبێت بێژەری ئەم ووشەیە پەیوەست بێت بە مانا و ناوەرۆکی ئەم وشە گرنگەوە و وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ (٢٢) ﴾ واتە: وە هەرکەسێکیش بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە خوا بپەرستێت و ڕووی لەخوا بێت ، و چاکەکاریش بێت لە گوفتارەکانی وکردەوەکانی بەجوانی ئەنجام بدات ، ئەوا بێگومان پتەوترین هۆکاری گرتۆتەبەر بۆ گەیشتن بەڕەزامەندی خوای پەروەردگار وبەهەشتەکەی . وە دەرەنجامی هەموو کار و بارەکان تەنها هەر بۆ لای خوایە ، جا پاداشتی چاکەکار دەداتەوە لەسەر چاکەکانی و سزای خراپەکار دەداتەوە لەسەر خراپەکانی .

وە بڕگەی (**بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى** ) واتە: لا إله إلا الله.

وە (يُسْلِمْ) واتە ملكەچ بێت بۆ خوا بە ئيخلاص و نيەتپاكی.

**٥- ڕاستی و ڕاستگۆيی كە دژەكەی درۆيە:** دەبێت كاتێك كە دەڵێت – **لا إله إلا الله** – بەدڵی بەڕاستی بزانێت و بەڕاستی بخاتەوە، جا ئەگەر بە زمان بيڵێت و بەدڵی بەڕاستی نەزانێت ئەوا دووڕويەكی درۆزنـە، خـوای گـەورە دەفەرموێت:

﴿ **وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ** (٨) ﴾ واتە: وە لەنێو خەڵكدا كۆمەڵێك هەن ڕاڕان تياماون لەنێوان باوەڕداران وبێباوەڕان ، ئەمانەش دووڕووەكانن كە بەدەم ئەڵێن : بڕوامان بەخوا وڕۆژی دوای هێناوە و بەڕاستيان دەزانين ، بەڵام لە دڵەوە درۆدەكەن وباوەڕيان نەهێناوە .

﴿ **يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ** (٩) ﴾ (البقرة : ٨-٩) واتە : بەهۆی نەزانينيانەوەيە كە پێيان وايە بەم ئاشكراكردنەی باوەڕ وشاردنەوەيەی كوفر ، خوای پەروەردگار و باوەڕداران دەخەڵەتێنن ، بەڵام ئەوانە لە ڕاستيدا خۆيان دەخەڵەتێنن ، چونكە سەرئەنجامی خەڵەفاندنەكەيان بەسەر خۆياندا دەشكێتەوە ، كەچی لەبەر زۆری نەزانينيانە هەست بەمە ناكەن ، ئەوەش بەهۆی خراپی دڵيانەوە .

**٦- ئيخلاص و نيەتپاكی كە شيرك دەردەكات و نايهێڵێت:** ئەمەش بريتيە لە پاڵفتەكردنی هەموو كردەوەكان لە گشت پيسی و بەشەكانی شيرك و هاوبەش

بڕیاردان بۆ خوا، بەشێوەیەك کە مەبەستی لە ووتنی ئەو وشەیە دەستکەوتی دونیایی و پێش چاوی و سومعە نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَمَا أُمِرُوا إِلا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ** ... ﴾ (البينة : ٥) واتە: ئەوان لە هەموو ئەو ئایین و شەریعەتانەدا تەنها فەرمانیان پێکراوە بە پەرستنی خوای پەروەردگار بەتاك و بەتەنهایی و تەنها ئەو مەبەست بوون لە پەرستنیدا...

وە لە فەرموودەکەی عتبان دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : **(إنَّ اللهَ تعالى حرَّم على النارِ، من قال : لا إلَه إلا اللهُ يبتغي بذلِك وجْه اللهِ ﷻ)**[1]

واتە: بەڕاستی خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر ئـــــاگری دۆزەخ هەرکەسێك بسووتێنێت کە بڵێت لا إله إلاّ الله مەبەستی بەمە ڕەزامەندی خوای گەورە بێت.

**٧- خۆشویستنی کە وادەکات ڕق و کینە لە دڵ دەرکات و نەیهێڵێت:**

بێژەری ئەم وشەیە دەبێت ئەم وشەیە و ناوەڕۆکەکەی و ئەهلی ئەم وشەیەشی خۆش بوێت واتە ئەوانەی کە کاروکردەوەی پێ دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ** ﴾ (البقرة : ١٦٥) واتە: باوەڕداران خۆشەویستیان بۆ الله زۆر

---

[1] رواه البخاري

زیاترە لە خۆشویستنی ئەو بێباوەڕانە بۆ الله و پەراستراوەکانیان ، لەبەرئەوەی باوەڕداران خۆشەویستنیان پاککردۆتەوە و تەنها بەشی خوایان هێشتۆتەوە.

**هەندێك لە زانایان وئەهلی عیلم مەرجی هەشتەمیان بۆی زیاد کردووە، ئەویش:**

٨- **باوەڕنەبوون بەوانەی کە جگە لەخوا دەپەرستڕێن لە تاغوتان:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...**فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لا انْفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ** (٢٥٦) ﴾ (البقرة : ٢٥٦)

واتە: جا هەر کەس کوفر بەهەموو ئەوانە بکات کە جگە لەخوای پەروەردگار دەپەرستڕێن و باوەڕ بەخوا بهێنێت ، ئەوا بێگومان سەقامگیر و جێگیر و بەردەوام بووە لەسەر باشترین ڕێگا ، و لە ئاینیشدا دەستی گرتوە بە بەهێزترین هۆکار کە پچرانی بۆ نیە . وە خوای پەروەردگاریش بیسەری وتەی بەندەکانیەتی ، و زاناشە بە نیەت و کردارەکانیان ، وە لەسەر ئەوەش پاداشتیان دەداتەوە .

**وە تەحقیق و بەجێهێنانی ئەم شایەتیەش ئەوەیە کە :** پەرستن بۆ الله نەبێت نەیکات و ڕاستێتی و کرۆکەکەشی بریتیە لە : بەجێهێنانی فەرمان پێکراوەکان و دوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان.

*** پرسیاری سێ یەم: مانای ( شهادة أن محمدا رسول الله ) چیە و مەرجەمانی چیـن؟**

* وەڵام: واتە باوەڕ ویەقینێکی تەواو بەوەی کە موحەممەد ﷺ نێردراو وپێغەمبەری خوایە بەڕاستی، وە پەیامەکەشی بۆ هەموو مرۆڤایەتیە، وە ئەو بەندەو مرۆڤە وناپەرستڕێت و پێغەمبەرێکیشە کەبە درۆناخرێتەوە، وە ئەو دواهەمین و کۆتا پێغەمبەرە، وە ئەو کتێبەشی کەبۆی دابەزێنراوە بریتیە لە قورئان کە دواهەمین و کۆتا کتێبـــی دابەزێنراوی خوایە، وە شەریعەتەکەشی هەڵوەشێنەرەوە وناسخی هەموو شەریعەتەکانی پێش خۆیەتی.

**وە ئەم بڕگەی شایەتومانە دوو پایە و کۆڵەکەی هەیە:**

١. دان نان بە پەیامەکەیدا.

٢. باوەڕبوون بەبەندایەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ خوای گەورە – تبارك وتعالى-.

**وە مەرجەکانی ئەم شایەتومانەش ئەمانەن:**

١. دانپێدانان بە پەیامەکەیدا و لەناخەوە باوەڕبوون پێی.

٢. ووتنی بەزمان و دەربڕینی بەشێوەی ئاشکرا بەدەم.

٣. کردەوەکردن بەو حەقەی کە هێناویەتی و وازهێنان و نەکردنی ئەوەی کە نەهی لێکردووە.

٤. بەڕاست خستنەوەو بەڕاست دانانی ئەو هەواڵانەی کە داویەتی لەبارەی غەیبەوە لە کاروباری ڕابردوو ، وە ئایندە.

٥. خۆشویستنی، زیاتر لە خۆشویستنی گیان و ماڵ ومنداڵ و دایك وباوك و هەموو خەڵکی.

٦. پێش خستنی ووتەی بەسەر ووتەی هەموو کەسێکدا و کارکردن بە سوننەتەکەی.

**ناوەڕۆکی ئەم شایەتیەش:** گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ و بەڕاست خستنەوەی و نەکردنی ئەوەی نەهی لێکردووە و کارکردن بەسوننەتەکانی و وازهێنان لە بیدعە و داهێنراوو و پێشخستنی ووتەی بەسەر وتەی هەموو کەسێکدا.

*** پرسیاری چوارەم: هەڵوەشێنەرەوەکانی شایەتومان چیــە؟**

* **وەڵام:** بریتیە لەهەمان هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام کە زانایان لەکتێبە فیقهیەکاندا بابێکیان داناوە بۆی لەژێرناوی ( **باب الردة** ) کە گرنگترینیان دە هەڵوەشێنەرەوەیە:

١. هاوەڵ بڕیاردان لە خواپەرستیدا: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا (٤٨)** ﴾ (النساء : ٤٨) واتە : بێگومان هەگیز خوای بەرز و بڵند و

باڵادەست خۆش نابێت و نابووریت لەو کەسەی کە شتێك لە بەدیهێنراوەکانی بکاتە هاوەڵ و شەریکی ، یان لەهەر جۆرێك لە جۆرەکانی کوفری گەورەی کردبێت ، بەڵام لەو گوناهانە خۆش دەبێت کە لە خوار هاوەڵ بڕیاردانن ، بۆ هەرکەسێك کە خۆی ویستی لەسەر بێت لە بەندەکانی ، وە هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدات ، ئەوا تاوانێکی گەورەی کردووە .

٢. ئەوەی لەنێوان خۆی و خوای گەورەدا ناوەند و کەسێك دابنێت و داوایان لێ بکات و لێیان بپاڕێتەوە و داوای شەفاعەتیان لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێت.

٣. ئەوەی هاوبەش بڕیاردەران بە کافر نەزانێت یان گومانی هەبێت لە کافربوونیان یاخود بۆچوونیان بەڕاست بزانێت.

٤. ئەوەی پێی وابێت کە ڕێباز و ڕێگە و حوکمی جگە لە پێغەمبەر ﷺ تەواوترە لە ڕێباز و حوکمی پێغەمبەر، وەکو ئەوانەی کە فەزڵی یاسا مرۆڤکردو نووسراوەکان دەدەن بەسەر حوکمی ئیسلامدا.

٥. ئەوەی ڕقی لە شتێك بێت لەوەی کە پێغەمبەر هێناویەتی با کاریشی پێ بکات و ئەنجامی بدات.

٦. ئەوەی گاڵتە بکات بە شتێك لە دینی خوا ، و هەموو ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هێناویەتی.

٧. سیحر، دڵگرێدان بە کاری ساحیر و ڕازی بوون بەو کردەوەیە.

٨. هاوکاری کردن و یارمەتی دانی هاوبەش پەیداکەران دژ بەموسڵمانان.

٩. ئەوەی پێی وابێن کە هەندێك خەڵك بۆیان هەیە لە شەریعەتی **محمد** ﷺ دەربچــن.

١٠. پشت کردن لە دینی خوا بەوەی کە فێری نەبێت و کارو کردەوەشی پێ نەکات.

وە ئەم دە هەڵوەشێنەرەوانە پێشەوای نوێکەرەوەی ئاینی ئیسلام **محمدی** کوڕی عبدالوهاب - رحمه الله - باسیانی کردوە لە (رسائل) دا.

*** پرسیاری پێنجەم: ( توحید الألـوهـیة ) چیە و دژەکانی چیــن، بە بەڵــگەوە؟**

* وەڵام: بریتیە لە بەتاك دانانی خوا و پەیوەست بەو کردەوانەی کە بەندەکان دەیکەن بۆ نیازی نزیك بوونەوەیەکی شەرعی لە خوای پەروەردگار، وەکو دوعا و نەزر و سەربڕین و ئومێدخواستن و پشت پێ بەستن و هاوشێوەکانی کە زانایان باسیان کردووە.

وە ئەم جۆرەش لە جۆرەکانی تەوحید، بریتیە لە کرۆکی بانگەوازی هەموو پێغەمبەران، چونکە ئەوە بنچینەیەو کردەوەکانی تری لەسەر بونیاد دەنرێت، وە

بەبێ پەیڕەو وپیادەکردنی ئەم جۆرە تەوحیدە کردەوەکان ڕاست و ڕاساڵ نابن و بەڵکو دژەکەی دێتەکایەوە کە ئەویش شیرك و هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا.

**شیرکیش دوو جۆرە:** شیرکی گەورە کە هەموو تەوحید وەلادەنێت و دەری دەکات، جۆری بچـووکیش کە کامڵ بوون و تەواوێتی تەوحید وەلادەنێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا... (٣٦)** ﴾ (النساء : ٣٦) واتە: وە خوای پەروەردگار بپەرستن و تەنها ملکەچی ئەو بن ، و هیچ هاوەڵێکی بۆ دامەنێن لە پەروەدگارێتی و پەرستندا.

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ **...وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٨٨)** ﴾ (الأنعام : ٨٨) واتە: وە ئەگەر ئەو پەیامبەرانە ـ وەکو گریمانێك ـ هاوەڵیان بۆ خوای پەروەردگار بڕیار بدایە ئەوا کردەوەکانیان پوچەڵ دەبوویەوە ، چونکە خوای پەروەردگار هیچ کردەوەیەك لەگەڵ هاوەڵبڕیاردانا وەرناگرێت .

*** پرسیاری شەشەم: شیرکی گەورە چیە ، جۆرەکانی باس بکە ، و هەندێك لە شێوازەکەی ڕوون بکەرەوە؟**

*** وەڵام:** بریتیە لە دانانی هاوەڵێك بۆ خوا لە پەروەردگارێتی و خوایەتیدا.

وە شیرکی گەورە، گەورەترین تاوانە، خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿... إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ (١٣) ﴾ (لقمان : ١٣) واتە: بێگومان هاوەڵبڕیاردان گەورەترینی تاوانە گەورەکان و قێزەونترینیانە .

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿... إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ (٧٢) ﴾ (المائدة : ٧٢) واتە: وە ئەو کەسەش لەگەڵ خوای پەروەردگاردا پەرستراوی جگە لەو بپەرستێت ئەوا خوای پەروەردگار بەهەشتی لەسەر حەرام کردووە و ئاگر دەکاتە شوێن و مەنزڵگای هەمیشەیی ، وهیچ سەرخەرێکیشی نیە تێیدا بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لێی .

وە شیرکی گەورە خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام دەباتە دەرەوەو بەهەتا هەتایی لە ئاگردا دەیهێڵێتەوە ئەگەر لەسەری تۆبە نەکات و بـمـرێت.

**جۆرەکانی:**

١. شیرکی نیەت و ویست و ئیرادە.[١]

---

[١] ئەگەر نیەت و مەبەستەکەی لەبنەڕەتەوە پێچەوانە کردەوە لەخواوە بۆ غەیری خوا، بەشێوەیەکی وا کەتەنها لە کردەوەکانیدا مەبەستی دەست کەوتنی غەیری ڕەزامەندی ﷲ بێت ئەوە شیرکی گەورەیە. بۆ نمونە سەربڕینی حەیوان بۆ غەیری خوا لەبنەڕەتدا.وەك سەر بڕینی بۆ قەبری شێخێك، یا لەبەردەم دەسەڵات دارێك!!

٢. شیرکی گوێڕایەڵی، بە حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردووە و حەرام کردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە.

٣. شیرکی دوعاو پاڕانەوە لە غەیری خوا.

٤. شیرکی خۆشویستن. کە ئەوپەڕی بە گەورە دانان و زەلیلی و مل کەچی و ژێر باری لەگەڵدا بێ بۆ جگە لە خوای گەورە .

**لە شێوازەکەی:** دوعا و داواکردن لە غەیری خوا، وە نزیك بوونەوەو سەربڕین بۆ جگە لەخوای گەورە، وە نەزرکردن بۆ جگە لەخوا لە گۆڕ و جـن، وە ترس لە مردوو یان جن یان شەیتانەکان بەوەی کە زیانی لێ بدەن یان نەخۆشی بخەن، وە ئەوەش شیرکە کەلە هەندێك لە شار و وڵاتان ئەنجام دەدرێت کە بەدەوری گۆڕێکی بونیادنراوی پیاوچاکێکدا دادەنیشن و داوای پێویستیەکانیانی لێ دەکەن و داوا دەکەن بەهانایانەوە بێت.

*** پرسیاری حەوتەم: شیرکی بچووك چیە؟ بە بەڵـگەوە .**

*** وەڵام:** ئەوەیە کە بەڵگەی لەسەربێت کەوا شیرکی بچووکە ولەڕەگەزی شیرکی گەورە نیە، وەکو ریاو پێش چاویەکی کەم، وە سوێند خواردن بە غەیری خوا بەبێ بەگەورە دانانی سوێند پێخوراو، وە ووتنی: ماشاء اللە وشئت، وە هەروەها خواپەرستی بۆ دەستکەوتێکی دونیایی، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " **إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ** " قالوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ؟

قَالَ: «الرِّيَاءُ».[١] واتە: ئەوەی لێتان دەترسم لەسەری بریتیە لە شیركی بچووك، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا شیركی بچووك چیە؟ ئەویش فەرمووی: ریاء[٢].

وە **شیركی بچووكیش، زانایان دەربارەی دەڵێن:** لە تاوانە گەورەكان گەورەترە، و مەترسیدارە بۆ خاوەنەكەی، هەربۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئومەتەكەی ترساوە لەسەری، وە خاوەنەكەی لە رۆژی دواییدا دەكەوێتە ژێر ویستی خوای گەورەوە ئەگەر لەسەری مردبێت و تۆبەی لیٚ نەكرێت، ئەمەش لەسەر ووتەی راجح.

**❊ پرسیاری هەشتەم: تەوحیدی ربوبیە چیە؟ بە بەڵگەوە.**

❊ **وەڵام:** بریتیە لەبەتاك دانانی خوا بە كارەكانی، بەوەی كە بەندە بڕوای وابێت بەتەنها الله بەدیهێنەری هەموو مەخلوقاتە، رۆزی دەریانە، خاوەنیانە، بەڕێوەبەری تەواوی كاروبارەكانیانە، خەڵك سەربەرز وسەربڵند دەكات و خەڵكیش سەرشۆڕ و زەلیل دەكات، شەو و رۆژ ئاڵوگۆڕ دەكات و بەسەر یەكتردا دەیانهێنێت، زیندوو دەكاتەوەو دەمرێنێت، بەتوانایە بەسەر هەموو شتێكدا.

---

[١] سلسلة الأحاديث الصحيحة, ٩٥١.

[٢] واتە ئەنجامدانی كارێك لەپێش چاوی خەڵكی و بۆ ئەوەی خەڵكی بیبینن.

**پێچەوانەکەشی:** شیرك کردنە لە ربوبیەتدا، واتە بڕوابوون بەوەی کە هەندێك لەو دروستکراوانەی کە دەپەرسترێن جگە لەخوا هەندێك هەڵسوکەوت و دەسەڵاتیان هەیە لە گەردووندا وەکو بەدی هێنان و سوودگەیاندن و زیان گەیاندن و زیندووکردنەوەو مراندن و جگە لەوانەش کە تەنها دەسەڵاتی خوای گەورەیە و بەدەستی ئەوە ئەو شتانە. خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ **اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ** ﴾ (الزمر : ٦٢) واتە: بەدیهێنەری هەموو شتەکان تەنها پەرستراوی بەهەق ( اللّـه) یە ، و پەروەردگار و پادشا و خاوەن و هەڵسوڕێنەری هەموویەتی ، وە هەر ئەویشە پارێزەری هەموو شتەکان و تەواوی کاروباری دروستکراوەکانی بەڕێوە دەبات .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ **وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا...**﴾ (هود : ٦) بەدڵنیاییەوە خوای پەروەردگار وەکو چاکەیەك کەفالەتی ڕزق وڕۆزی سەرجەم گیان لەبەرانی سەر زەوی کردووە. چەندین ئایەتی تریش جگە لەوانە.

*** پرسیاری نۆیەم: تەوحیدی ناو وسیفاتەکان چیە؟ بەبەڵگەوە.**

*** وەڵام:** بریتیە لە باوەڕبوونێکی تەواو بەوەی کە خوای گەورە عزوجل چەند ناوێکی باش و جوان و سیفاتگەلێکی بەرز و تەواوی هەیە، کەلە قورئان و سونەتی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ هاتوون، ئەو زاتەش هەموو صیفاتێکی تەواوی

هەیە و پاك و بێگەردە لەهەموو صیفاتێکی ناتەواو و کەموکورت و تاك و جیاوازیشە بەوە لەهەموو دروستکراوەکان.

خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ وَلِلَّهِ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٨٠) ﴾ (الأعراف) واتە: وە بزانن کە خوای پەروەردگار کۆمەڵێك ناوی جوان و بەرز و پیرۆزی هەیە ، کە بەڵگەن لەسەر تەواوێتی شکۆداری و مەزنێتی خۆی ، وە هەموو ناوەکانی جوان و پیرۆزن ، جا بە ناوە پیرۆزەکانی هەرچی داواکاری و پاڕانەوەتان هەیە لـێ بکەن ، و وازبێنن و لەوانە گەڕێن کە ناوەکانی خوای پەروەردگار و ئەگۆڕن بە لێ زیادکردن یان لێ کەمکردنەوەیان یان لادانیان لە واتای حەقیقی خۆیان ، وەك ئەوەی ئەو ناوانە بنێن لەشتانێك کە شایستەی نین ، وەك ناولێنانی هاوەڵبڕیاردەران پێیان بۆ پەرستراوەکانیان ، یان بەوەی کە واتا و مانایەکیان بۆ دابنرێت خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ مەبەستیان نەبووبێت ، بێگومان ئەوانە پاداشتی کردەوە خراپەکانیان ئەدرێتەوە کە لە دونیادا ئەنجامیان ئەدان لە بێ باوەڕی بە خوای پەروەردگار و باوەڕنەهێنان بە ناوە پیرۆزەکانی و لادان لە حەقیقەت و ڕاستیان ـ بەگۆڕینیان ـ ، و بەدرۆدانانی پەیامبەرەکەی ﷺ .

**وە دژی ئەم جۆرە لە تەوحید بریتیە لە:**

باوەڕنەبوون پێی، وە هەروەها بە گۆڕین و لادانی لەو مانا ڕاستەقینەیەی کە خۆی هەیەتی بۆ ماناو واتایەکی تر بە گۆڕینی ووشەکە، یاخود بە گۆڕینی مانای ووشەکە کە مەبەستە و پەکخستن و لابردنی و ماناکردنی بەشێوەیەکی تر کەلە ماناکەی خۆی دەری دەکات، یان چۆنێتی بۆ دیاری کردن، بە شێوەیەك کە شێواز و وێنای ئەو سیفەتە لەمێشکدا دروست بکرێت و بهێنرێتە پێش چاوو شێوەیەکی بۆ دیاری بکرێت، وەکو هاوشێوەکردنی ناو وسیفاتەکانی خوای گەورە بە ناو وسیفاتەکانی مرۆڤ و دروستکراوەکانی تر، وە یاخود وێناکردنی ئەو سیفەتە بەو شێوازەی کەلە مرۆڤدا هەیە.

**وە بەناوبانگترین دەستە وتاقمی ئەوانەی کە ڕاجیاوازن لەگەڵ ئەهلی سوننە وجەماعەدا لە بابەتی ناو وسیفاتدا سێ کۆمەڵن:**

١. ( **غلاة الجهمية** ) ئەوانەی کە نکۆڵی لە ناو وسیفاتەکان دەکەن.

٢. ( **المعتـزلة** ) ئەوانەی کە نکۆڵی سیفاتەکان دەکەن.

٣. ( **أهل التعطيل الجزئي** ) ئەوانەش بریتین لەم گروپانە: ( ئەشعەریەکان – ماتوریدیەکان - کیلابیەکان ) وئەوانەی شوێنیان دەکەون، لە پەکخستنێکی خراپ ونارەوا بۆ دەقەکانی سیفات.

**ئەرکی سەرشانمانیش ئەوەیە کە:** پەیوەست بین و دەست بگرین بەمەنهەج و بەرنامەی سەلەفەوە لەم جۆرەی تەوحیددا، کە ئەوەش بریتیە لە سەلماندن و

جێگیرکردنی ئەوەی خوا بۆ خۆی ئیسباتی دەکات یان پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆی ئیسبات دەکات لە ناو وسیفات ولەگەڵ ئیسبات کردنی ئەو مانا حەقیقیەی کە هەیەتی، وە نەفی ئەوەش دەکەن کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ نەفی دەکەن، وە ئەوانیش لەو نەفی کردنەیاندا خوا ناشوبهێنن بە دروستکراوەکانی و بەڵکو ناو و صیفەت ئیسبات دەکەن بەبێ لێچواندن و وێناکردنی بە صیفاتی دروستکراوەکان، وە بەبێ ئەوەی چۆنێتیەکی تایبەتی بۆ دیاری بکەن، ئەوەش مانای ئەوە نیە کە ئەوان باوەڕیان بە شتانێك هەیە کە لە ماناکەی تێناگەن، بەڵکو ئەوان لە مانا و واتا ڕاستەقینەکەی تێ دەگەن کە هەیەتی، بەڵام زانینی چۆنێتیەکەی دەسپێرن بە خوا، وە خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿... لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١) ﴾ (الشورى) واتە: وە هیچ شتێك لەخوا ناچێت و هیچ شتێك لێکچوو و هاوشێوەی ئەو نیە لەدروستکراوەکانی ، نە لە زات و خودی خۆیدا و نە لە ناو و سیفاتەکانیدا و نە لە کار و کردەوەکانیشیدا ، لەبەر ئەوەی هەموو ناوەکانی جوانن ، و سیفاتەکانیشی هەموو تەواو بێ کەموکوڕین ، وکردارەکانیشی کە دروستکراوەکانی کە پێ بەدیهێناون بێ هاوبەش وبێ هاوکاربوون ، وە هەر ئەویشە بیسەر و بینای تەواوە ، کە هیچ کردار وگوفتارێکی دروستکراوەکانی لـێ شاراوە ونادیار نیە ، وپاداشتیان لەسەر ئەوە دەداتەوە .

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَلا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الأَمْثَالَ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ (٧٤) ﴾ (النحل) واتە: وە ئەگەر زانیتان کە بت و پەرەستراوەکان سود نابەخشن ، ئەوا نەکەن ـ ئەی خەڵکینە ـ هیچ لە دروستکراوەکانی خوای پەروەردگار بکەن بە هاوشێوە و هاوبەشیان بکەن لە پەرەستنیدا ، بێگومان خوای پەروەردگار زانایە بەوەی کە ئەنجامی ئەدەن ، لەکاتێکدا کە ئێوە غافڵ و بێ ئاگان و نازانن هەڵە و خراپی چارەنوستان چیە .

*** پرسیاری دەیەم: ئایا مانای ئەم فەرموودەیە چیـیە؟ " إِنَّ لِلَّهِ تَعَالَى تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ "**

* **وەڵام:** ئەوە بە چەندین مانا لێکدراوەتەوە لەوانە: واتە ئەوەی لەبەریان بکات و لە ماناکانیان تێ بگات، وە کردەوەشیان پێ بکات و داوابکات لەخوا پێیان.

*** پرسیاری یازدەیەم: ئایا هەموو جۆرەکانی تەوحید پێکەوە بەستراون و تێیاندا نیە کە نەفی جۆرێك لە جۆرەکانی بکات؟**

* **وەڵام:** بەڵێ، پێکەوە بەستراون و دەبێت باوەڕ بە هەموویان بهێنرێت پێکەوە، جا ئەوەی دانی نا بە تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناو وسیفاتەکاندا ئەوا لەسەریەتی و پابەند دەبێت بە باوەڕهێنان و دان نان بەوەی کە هیچ کەس وشتێك

شایستە و شایەنی پەرستن نیە بەهەموو جۆرەکانیەوە جگە لە اللّٰه نەبێت، هەروەکو چۆن تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناو وسیفاتەکان داخوازی تەوحیدی خوایەتی دەکات، بۆیە ئەوەی خوای بەتاك زانی و بەتاکی دانا لە خوایەتیەکەیدا ئەوا ئەو خوابەیەك دانانەی تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناو وسیفاتەکانیش لەخۆدەگرێت، چونکە پێکەوەن و لێك جیانین، جا ئەوەی لەیەك جۆریاندا شیرك ئەنجام بدات ئەوا دەبێتە هاوبەش بڕیاردەر لەوانی تردا.

**❊ پرسیاری دوازدەیەم: مانای باوەڕبوون بە فریشتەکان چیە و ناوی هەندێکیان بهێنە لەگەڵ کاروکردەوەکانیان؟**

❊ **وەڵام:** واتە: باوەڕهێنان بە بوونیان بەشێوەیەکی گشتی، پاشان باوەڕهێنان بەوەی کە دەق لەسەری هاتووە لەسەریان بەشێوەی تایبەت، وە بەوەش کە هاتووە سەبارەت بە ئەرك و صیفاتیان.

وە **ئەوان چەندین کۆمەڵ و جۆرن:** تێیاندایە کە ڕاسپێردراوە بە هەڵگرتنی عەرش، وە تێیاندایە کە دەرگاوانی بەهەشت و دۆزەخن، وە تێیاندایە ڕاسپێراون بە نووسینەوەو پاراستنی کارو کردەوەی بەندەکان.

وە سەبارەت بە ناوی هەندێکیان: جبریـل کە ڕاسپێراوە بە هێنانی وەحی، وە میکائیل کە ڕاسپێراوە بە کاروباری باران و ڕووەك، وە مالك کە ڕاسپێراوە بە (سەرپەرشتی) کاروباری دۆزەخ، وە إسرافیل کە ڕاسپێراوە بە فووکردن بە کەڕنادا، سەلامی خوایان لەسەر بێـت.

*** پرسیاری سیازدەیەم: باوەڕهێنان بە کتێبە ئاسمانیەکان واتای چی دەگەیەنێت، وە پێگە و پایەی قورئان چیە بەراورد بە کتێبە پێشووەکان؟**

*** وەڵام:** واتا باوەڕهێنانێکی تەواو بەوەی کە خوای گەورە چەند کتێبێکی بۆ پێغەمبەرانی دابەزاندووە کە بەڵێن و هەڕەشەو فەرمان و نەهی و ئەوەی خوا دەیەوێت لە دروستکراوەکانی تێیاندایە، وە نور و هیدایەت وڕێپیشاندانیان تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (٢٨٥) ﴾ (البقرة) .

واتە: پەیامبەری خوا ﷺ باوەڕی هێناوە ویەقینی هەیە بەو سروشەی بۆی هاتوە لەلایەن پەروەردگاریەوە و بەڕاستی دەزانێت ، و هەقی خۆشیەتی کە یەقینی هەبێت ، و باوەڕدارانیش بەهەمان شێوە باوەڕیان هێناوە بەقورئانی پیرۆز و کاری پێدەکەن ، هەمویان باوەڕیان هێناوە بە ( الله ) کە پەروەردگار و

پەرەستراویان بێت کە سیفاتی مەزنی وتەواوی تێدایە ، وە بەوەی کە خوای پەروەردگار کۆمەڵێك فریشتەی بەڕێزی هەیە ، وە بەوەش کە کتێبی دابەزاندوە ، وە بەوەش کە پەیامبەرانێکی بۆ خەڵك ناردوە ، ـ ئێمەی باوەڕداران ـ ئەوە نەبێت باوەڕمان بەهەندێکیان هەبێت و بەهەندێکی تریشیان باوەڕمان نەبێت ، بەڵکو باوەڕمان بەهەمویان هەیە . پەیامبەر و باوەڕدارانیش ووتوویانە : گوێمان لەوە بوو کە بەوەحی داتبەزاندوە ، و گوێڕایەڵین لەهەموو ئەوانەدا ، ئومێدەوارین ـ بەفەزڵی خۆت ـ لەتاوانەکانمان خۆش بیت ، ئەوە تۆی پەروەردەمانت کرد بەو نیعمەتانەی کە پێمانت بەخشیوە ، و تەنها بۆ لای تۆیە سەرەنجام و گەڕانەوەمان .

وە **ئەم کتێبانەش ئەمانەن:** قورئان و تەورات و ئینجیل و زەبوور و پەرتووکی إبراهیم و موسا، وە تێیشیاندایە کە لە شەرعی ئێمەدا ناوی نەهێنراوە.

وە **پلەوپایەی قورئانیش ئەوەیە کە:** باشترین کتێبی دابەزێنراوە و دواهەمین کتێبە، لێی هەڵناوەشێتەوە و جێگۆڕکێ و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت و ڕوونادات، و خوای گەورە ئەرکی پاراستنی خستۆتە ئەستۆی خۆی – سبحانە و تعالی- لەوەی کە گۆڕانکاری و شێواندن و تێکدان ڕووی تێ بکات لە زیاد و کەم کردن هەتا ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە بۆ لای خۆی.

وە خوای گەورە سەبارەت بە قورئان دەفەرموێـت: ﴿ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ... (٤٨) ﴾ (المائدة) واتە: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ئێمە قورئانمان بۆ دابەزاندووی ، و هەموو ئەوەی کە تێیدایە هەقە و شاهیدە لەسەر ڕاستێتی کتێبەکانی پێش خۆی ، و ئەوەی کە لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە و بەڕاست دانەری هەموو ئەو ڕاستیانەیە کە تێیدایە ، و ڕوونکەرەوەشە بۆ ئەو گۆڕدراوانەی کە تێیدایە ، و هەڵوەشێنەرەوەشە بۆ هەندێك لە حوکمەکانی.

وە واجبە لەسەر هەموو ئوممەت کە شوێنی بکەون و حوکمی پێ بکەن، وە حاڵ و باری هیچ ئوممەتێك تێك ناچێت و خراپ نابێت ئیلا بە هۆی ئەوەوە نەبێت کە پشت لە کتێبەکەی خوا دەکەن و شوێنی جگە لەو دەکەون.

*** پرسیاری چواردەیەم: واتای دەست گرتن و پەیوەست بوون بە قورئانەوە چیە و مانای ماف پێدانی چیە؟**

*** وەڵام:** واتە باوەڕهێنان بەوەی کە قسەی خوای پەروەردگاری هەموو جیهانە، کتێبێکی ڕوون و ڕوونکەرەوەشە، پەتی هەرە بتەو و نەپساوی خوایە، دابەزیوە بۆ پێغەمبەری متمانە پێکراوی ڕاستگۆ کە ناوی محمدی کوڕی عبداللە یە ﷺ بۆ ئەوەی خوێندنەوەی بەپەرستش دابنرێت و ببێتە داوەریش لە هەموو شتێکدا بۆ

ئوممەت، وە پێویستە لەسەر هەموو ئوممەت کە شوێنی بکەون و حوکمی پێ بکەن هاوتا لەگەڵ ئەوەی بەصحیحی هاتووە لەسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿... فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلا (٥٩)﴾ (النساء) واتە: ئەگەر لەشتێکدا جیاوازی وناکۆکی کەوتە نێوانتانەوە ، ئەوا بڕیاردان لەسەر ئەوە بگەڕێننەوە بۆ لای کتێبەکەی خوای پەروەردگار وسوننەتی پەیامبەرەکەی موحەممەد ﷺ ، ئەگەر بەڕاستی باوەڕتان بەخوای پەروەردگار وبەڕۆژی لێپرسینەوە هەیە . ئەو گەڕانەوەیەش بۆلای قورئانی پیرۆز وسوننەت چاکترە بۆتان لەناکۆکی و بڕیاردانتان بەڕاوبۆچوونی خۆتان ، وباشترین ئاکام وعاقیبەتی دەبێت .

**لە مافەکانی قورئان ئەوەیە کە:** بە تێفکران و بیرلێکردنەوەوە بخوێنرێتەوە و کاری پێ بکرێت و چاوەڕێی پاداشتیش بیت لەوەدا.

***پرسیاری پازدەیەم: مانای باوەڕهێنان بە پێغەمبەران چیە، و ژمارەی ئەوانەی ناویان لە قورئاندا هاتووە چەندە، وە ناوی پێغەمبەرانی (أولی العزم) چیە؟**

* **وەڵام:** واتە باوەڕهێنانێکی تەواوی بێ شك بەوەی کە خوای پەروەردگار پێغەمبەرانێکی ڕەوانەکردووە بۆ بەندەکانی کە مژدەدەر و ترسێنەرن، وە ئەوان

بانگخوازبوون بۆ دینی حەق وڕاستی لەپێناو هیدایەتدانی مرۆڤایەتی، وە پێغەمبەران – علیهم السلام – هەموویان ئەو ئەرکەیان بەجوانی و بێ کەموکورتی گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتیان کرد و لە پێناوی خوادا هەستان بە جیهادکردن و تێکۆشانی بێ وچان، جا باوەڕهێنان بەمە باوەڕهێنانێکی گشتیە(مجمل) و باوەڕهێنان بە پێغەمبەرمان محمد ﷺ باوەڕهێنانێکی ورد وتایبەتە ( مفصل)ە کە دەخوازێت شوێنی بکەویت لەوەی هێناویەتی بەدرێژی و وردی.

وە لە قورئاندا ناوی بیست و پێنج پێغەمبەر هاتووە.

وە **پێغەمبەرانی (أولي العزم)یش ژمارەیان پێنج دانەیە کە ئەمانەن:** نوح و إبراهیم و موسا و عیسا و محمد – علیهم الصلاة والسلام – بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنْكَ وَمِنْ نُوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا (٧)** ﴾ (الأحزاب) واتە: وە ئەوەش ـ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ـ وەبیر بێنەوە کە بەڵێنی جەخت لەسەرکراومان لە پەیامبەران وەرگرتووە لەسەر گەیاندنی پەیامەکەیان ، وە پەیمان و بەڵێنمان لە تۆ و نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسای کوڕی مەریەم وەرگرتووە ( کە پەیامبەرانی خاوەن عەزمن بەپێی بۆچوونی بەربڵاو لە ناو زانایاندا) ، وە پەیمانی جەخت لەسەرکراومان لێوەرگرتوون لەسەر گەیاندنی پەیام و

بەجێهێنانی ئەو ڕاسپاردەی کە لە ئەستۆیاندایە ، وە لەسەر ئەوەش کە پشتگیری یەکتر بکەن و یەکتر بەڕاست دابنێن .

*** پرسیاری شازدەیەم: مانای باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی چیە، وە نیشانەیەکی باس بکە؟**

*** وەڵام:** بریتیە لە باوەڕهێنانێکی تەواوی بێ شك بە ڕۆژی دوایی، و ئەو هەواڵانەی کە خوای گەورە باسیانی کردووە کە ڕوودەدەن لەو ڕۆژەدا و لەوەی دێت لەدوای مردن و هەتا ئەهلی بەهەشت دەڕۆنە بەهەشتەوە و ئەهلی دۆزەخیش دەڕۆنە دۆزەخەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿... **وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ** (٤) ﴾ (البقرة) واتە: باوەڕدەهێنن بە ژیانی دوای مردن و ئەوەی تیایەتی لە لێپرسینەوە وپاداشت وسزا ، باوەڕێك کە دڵەکانیان بەڕاستی بزانن و لەسەر زمان و ئەندامەکانی لەشیان دەردەکەوێت . و بەتایبەت باسکردنی ڕۆژی دوایش لەبەر ئەوەیە کە باوەڕپێهێنانی لە گەورەترین هاندەرەکانە بۆ ئەنجامدانی گوێڕایەڵیەکان و دوورکەوتنەوە لەقەدەغەکراوەکان و بەخۆداچونەوە .

**وە ڕۆژی دوایی نیشانەی بچووك و گەورەی هەیە:**

**بچووکەکان:** ئەوانەن کە لەپێش هاتنی ئەو ڕۆژەوە دێن بە کاتێکی دوور و درێژ، وەکو هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ و دەرکەوتنی فیتنە و نەمانی سپاردە

ئەمانەت و بەرزکردنەوەی بیناو باڵەخانە و نزیك بوونەوەی کات وکەمبوونەوەی بەرەکەت لەکاتدا ونەمانی عیلم و بڵاوبوونەوەی جەهل و نەزانین، وەلەو نیشانانە لە عەوفی کوڕی مالکەوە ﵁ هاتووە کە دەڵێت: بیستم پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " **اعْدُدْ سِتًّا بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةِ: مَوْتِي ثُمَّ فَتْحُ بَيْتِ الْمَقْدِسِ ثُمَّ مُوتَانٌ يَأْخُذُ فِيكُمْ كَقُعَاصِ الْغَنَمِ ثُمَّ اسْتِفَاضَةُ الْمَالِ حَتَّى يُعْطَى الرَّجُلُ مِائَةَ دِينَارٍ فَيَظَلُّ سَاخِطًا ثُمَّ فِتْنَةٌ لَا يَبْقَى بَيْتٌ مِنَ الْعَرَبِ إِلَّا دَخَلَتْهُ ثُمَّ هُدْنَةٌ تَكُونُ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ بَنِي الْأَصْفَرِ فَيَغْدِرُونَ فَيَأْتُونَكُمْ تَحْتَ ثَمَانِينَ غَايَةً تَحْتَ كُلِّ غَايَةٍ اثْنَا عَشَرَ أَلْفًا** ". رَوَاهُ البُخَارِيّ

واتە: شەش نیشانە بژمێرە پێش هەستانی قیامەت: مردنی من پاشان رزگارکردنی بیت المقدس پاشان رێژەیەکی زۆر مردن کە ژمارەیەکی زۆرتان لێ دەکوژێت وەکو پەتای ئاژەڵ پاشان زۆربوونی ماڵ وسامان بەشێوەیەك کە پیاوە وا هەیە سەد دیناری پێ دەدرێت کەچی هەرتوڕەیە و بەکەمی دەزانێت پاشان سەرهەڵدانی فیتنەوئاشووبێك کە هیچ ماڵێکی عەرەب نیە ئیلا دەڕواتە ناویەوە پاشان رێککەوتنێك لەگەڵ ڕۆمەکان و دواجار ئەوان ناپاکیتان لێ دەکەن و(بەلەشکرێکەوە) دێن بۆتان بە هەشتا ئاڵاوە کەلە ژێر هەر ئاڵایەکدا دوازدە هەزار (سەرباز) هەیە.

وە هەروەها ئەوەی هاتووە لە فەرموودە بەناوبانگەکەی جبریلدا کە پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات تێیدا دەربارەی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان و کاتی هاتنی قیامەت ئەمەش دەقەکەیەتی: " ... **قَالَ: «مَا المسؤول عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ» . قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَاتِهَا. قَالَ: «أَنْ تَلِدَ الْأَمَةُ رَبَّتَهَا وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ»** " أخرجه مسلم .واتە: منی پرسیار لێکراو لەتۆی پرسیارکار شارەزاتر نیم دەربارەی کاتی هاتنی قیامەت، دەڵێ: دەی هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە نیشانەکانی: ئەویش فەرمووی: کۆیلەو ژێردەستە منداڵی دەبێت و دەبێتە گەورە وخاوەنی خۆی، وە دەبینی شوانی هەژاری ڕووت و پێ پەتی (ئەوەندە دەوڵەمەند دەبن)کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەرزکردنەوەی بیناو باڵەخانەکانیان.

**هەروەها سەبارەت بە نیشانە گەورەکانیش:** ئەوانەن کە بەڵگەن لەسەر نزیکی بەرپا بوون و هەستانی قیامەت، ئەوانەیە کەلە فەرموودەکەی حوزەیفەی کوڕی ئەسیدی غەفاری رضي الله عنه باسیان کراوە و دەڵێت: " **اطلع النبى - صلى الله عليه وسلم - علينا ونحن نتذاكر" فقال: «ما تَذَاكَرُونَ؟». قالوا: نذكر الساعة. قال: «إنها لن تقوم حتى ترون قبلها عشر آيات». فَذَكَرَ الدُّخَانَ وَالدَّجَالَ وَالدَّابَةَ وَطُلُوعَ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا وَنُزُولَ عِيسَى بن مَرْيَمَ وَيَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ وَثَلَاثَةَ خُسُوفٍ خَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ وَخَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ وَآخِرُ ذَلِكَ نَارٌ**

تَخْرُجُ مِنَ الْيَمَنِ فَتَطْرُدُ النَّاسَ إِلَى مَحْشَرِهِمْ" أخرجه مسلم. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەرکەوت و هات بۆ لامان و ئێمە لەو کاتەدا باس وخواسمان دەکرد و ئەویش فەرمووی: باسی چی دەکەن؟ ووتیان: باسی قیامەت دەکەین. ئەویش فەرمووی: قیامەت بەرپا نابێت هەتا لە پێش هاتنیدا دە نیشانە نەبینن. کە ئەمانەن: دەرکەوتنی دووکەڵ و دەجال و پەیدابوونی ئاژەڵێك (کە قسە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات) و هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە و دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم و هاتنی یەئجوج و مەئجوج و سێ ڕۆچوونیش کە ڕۆچوونێکیان لە ڕۆژهەلاتەوەیەو و ڕۆچوونێکی تریان لە ڕۆژئاواوەیە و ڕۆچوونێکیش لە دوورگەی عەرەبیدایە و کۆتا نیشانەشیان ئاگرێکە لە یەمەنەوە دەردەچێت کە خەڵکی دەدات لەبەر بۆ شوێنی کۆکردنەوەیان.

***پرسیاری حەڤدەیەم: مەبەست لە تاقیکردنەوەی ناوگۆڕ چیە، وە بەڵگە چیە لەسەر خۆشی و ناخۆشی ناو گۆڕ؟**

* وەڵام: مەبەست لێی پرسیاری دوو فریشتەکەیە بۆ مردووەکە لە ناو گۆڕەکەیدا، ئەوانیش سەبارەت بە پەروەردگاری و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، کە ئەوەش باسێکی غەیبی و پەنهانیە، و گۆڕیش یان ئەوەتا باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت وە یاخود چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ.

بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەم فەرموودەیەیە: **عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أنه حَدثهمْ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ وَتَولَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ وَإِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ أَتَاهُ مَلَكَانِ فَيُقْعِدَانِه فَيَقُولَانِ مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ لِمُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ فَيقُولُ أَشْهَدُ أَنَّهُ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُه فَيُقَالُ لَه انْظُرْ إِلَى مَقْعَدِكَ مِنَ النَّارِ قَدْ أَبْدَلَكَ اللَّهُ بِهِ مَقْعَدًا مِنَ الْجنَّة فَيَرَاهُمَا جَمِيعًا قَالَ قَتَادَة وَذكر لنا أَنه يفسح لَهُ فِي قَبره ثمَّ رَجَعَ إِلَى حَدِيث أنس قَالَ وَأَمَّا الْمُنَافِقُ وَالْكَافِرُ فَيُقَالُ لَهُ مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ فَيَقُولُ لَا أَدْرِي كُنْتُ أَقُولُ مَا يَقُولُ النَّاسُ فَيُقَالُ لَا دَرَيْتَ وَلَا تَلَيْتَ وَيُضْرَبُ بِمَطَارِقَ مِنْ حَدِيدٍ ضَرْبَةً فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا مَنْ يَلِيهِ غَيْرَ الثقلَيْن» وَلَفظه لِلْبُخَارِيّ.** واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ﵁ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: بەندە کاتێك کە دەمرێت و دەخرێتە نێو گۆڕەوەو هاوڕێ و دۆستەکانی دەڕۆن و بەجێی دەهێڵن و ئەویش دەنگی ڕۆیشتنی پێڵاوەکانیان دەبیستێت و لەوکاتەدا دوو فریشتە دێن بۆ لای و دای دەنیشێنن و پێی دەڵێن: چی دەڵێی دەربارەی ئەو پیاوەی کە ناوی **محمد** بوو ﷺ ؟ جا باوەڕدار دەڵێت شاهێدی دەدەم کە ئەو بەندە ونێردراوی خوا بوو، جا پێی دەوترێت سەیری شوێنەکەت بکە لە ئاگردا وا خوای گەورە بۆی گۆڕیت بە شوێنێك لە بەهەشتدا ئەویش هەردوو شوێنەکە دەبینێت. بەڵام کەسی دووڕو یان بێباوەڕ پێی دەوترێت

چی دەڵێی دەربارەی ئەو پیاوە؟ ئەویش دەڵێت : نازانم، ئەوەی خەڵکی دەیانووت منیش دەمووتەوە، جا پێی دەڵێن: نازانیت و نەتخوێندوە و بەچەکوچی ئاسنین لێی دەدرێت و ئەویش هاوار ونالّەیەکی لێوە دەردەچێت هەموو دروستکراوێك دەیبیستێت جگە لە مرۆڤ و جنۆکە نەبێت.

*** پرسیاری هەژدەیەم: بەڵگە لەسەر زیندووبوونەوە چیە ، وە باسی ئەوە بکە کە هاتووە لەسەر شێواز و چۆنێتیەکەی؟**

* وەڵام: بەڵگەی زیندوو بوونەوە ئەم ئایەتەیە: ﴿... **يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (٦)** ﴾ واتە: ڕۆژێك کە هەموو خەڵك لەبەر دەستی خوای پەروەردگاردا دەوەستن و لێپرسینەوەیان دەکات لەسەر کەم و زۆری کردەوەکانیان ، و لەو ڕۆژەشدا هەموو ملکەچی پەروەردگاری هەموو جیهانیانن .

وە هاتوویشە لە دەقی تردا کەلە پێش ئەوەدا سێ فووپیاکردن هەن کە ئەمانەن: فووپیاکردن بۆ ترساندن، فووپیاکردن بۆ مراندن، فووپیاکردن بۆ زیندووبونەوە و دەرچوون لەگۆڕ، کە خەڵکی دەردەچن بۆ لای پەروەردگاریان بەپێی پەتی و ڕووتی و خەتەنەنەکراوی و خۆر لێیانەوە نزیك دەبێتەوە، وەیەکەم کەسیش کە زەوی لەت دەبێ و لێی دێتەدەرەوە پێغەمبەرمان محمدە ﷺ ، خەڵکی هەموو دەردەچن وەکو کوللەی بلاوەپێکراو بەپەلە بەرەو ئەو شوێنەی بانگیان دەکرێت،

ولەکاتی هێنانی نامەی کردەوەکانیشدا تەواوی جوڵەکان دەوەستن و بێدەنگیەکی ترسێنەر دایان دەگرێت، وئەوەی شاراوەیە دەردەکەوێت و پەنهانی ناوسنگ و ناخیش ئاشکرا دەبێت، و خوای میهرەبانیش لەگەڵ بەندەکانیدا بەبێ نێوەندێك قسەیان لەگەڵ دەکات، و تەرازوی کێشانی کردەوەکان دادەنرێت و پردی صیرات سەر دۆزەخیش ڕادەخرێت و چاکەکاران بەسەریدا تێپەڕدەبن وخراپەکارانیش بەردەبنەوە بۆ ناو دۆزەخ، ئالەو کاتەدا یەکێك لەدوو ماڵە هەمیشەییەکە دەبێتە ماڵ و دوانشینگەی لەخواترسان، ئەویش بەهەشتی نەبڕاوەیە، ئەوی تریش ماڵی بێباوەڕ و هاوبەش پەیداکەر و دوڕووانە، ئەویش ئاگـرە.

**لە بەروبومەکانی باوەڕهێنان بە زیندووبونەوە ئەوەیە کە** : وات لێ دەکات چوست وچالاك بیـت بۆ ئەنجام دانی کاروکردەوە و گرتنەبەری هۆکارەکانی گەیشتن بە بەهەشت و خۆپارێزی کردنیش لەوەی دەتگەیەنێت بە ئاگـــر.

*** پرسیاری نـــۆزدەیەم: بەڵگە چیە لەسەر بینینی خوای گەورە لەلایەن باوەڕدارانەوە لە قورئان و سوننەتدا؟**

* وەڵام: ئەم بابەتە یەکێکە لەو باسانەی کە ئەهلی سوننە وجەماعە دانی پێدا دەنێت و باوەڕی تەواوی پێی هەیە، ئەویش بریتیە لەوەی باوەڕداران لەرۆژی دواییدا پەروەردگاری خۆیان دەبینن بەچاوی سەریان و بەڕوونی وبێ هیچ لێڵی و ناڕوونیەك، خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ (٢٢) إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ (٢٣) ﴾ واتە: ڕوخساری کەسانی خۆشبەخت لە ڕۆژی دواییدا گەشاوە و پرشنگدار و جوانە ، و بەدیهێنەر و خاوەنی هەموو شتەکانی دەبینێت ، و چێژ لەو بینینە وەردەگرێت .

وە پرسیاریش کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئایا ئێمە لەرۆژی دواییدا پەروەردگارمان دەبینین؟ ئەویش فەرمووی: **(فَهَلْ تُضَارُّونَ فِي الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ لَيْسَ دُونَهُ سَحَابٍ)**؟ قَالُوا: لا يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: **(هَلْ تُضارُّون فِي الشَّمْسِ ليس دونها سحاب)**؟ قَالُوا: لا يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: **(فَإِنَّكُمْ تَرَوْنَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ...)** أخرجه البخاري.

واتە: ((ئایا کاتێ کەمانگ بەئاسمانەوە دەبینن لەشەوی چواردە دا هیچ زیانێکتان پێدەگات بەبینینی؟)) وتیان نەخێر، پاشان فەرمووی: ((کاتێ کە ڕۆژ دەبینین لە ئاسماندا و هەوری لەپێش نەبێت هیچ زیانێکتان توش دەبێت؟)) وتیان: نەخێر، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: دەی ئێوەش بەهەمان شێوە لە رۆژی دوایدا پەروەردگارتان دەبینن...

*** پرسیاری بیستەم: جۆرەکانی شەفاعەتی تایبەت بە پێغەمبەری خواوە ﷺ چین لە رۆژی دواییدا و گەورەترینیان کامەیە؟**

*** وەڵام:** پێغەمبەری خوا ﷺ لەرۆژی قیامەتدا سێ جۆر شەفاعەتی هەیە:

**یەکەم:** شەفاعەتی بۆ ئەو خەڵکەی کەلە گۆڕەپانی مەحشەر وەستاون بۆ دەست پێکردنی قەزاوەت لەنێوانیاندا، کە ئەمەش گەورەترینیانە و پێی دەوترێت: (**مقام المحمود**).

**دووەم:** شەفاعەتی بۆ بەهەشتیەکان کە بڕۆنە بەهەشتەوە.

**سێ یەم:** شەفاعەتی بۆ مامی خۆی کە أبو تالیبە بەوەی کە هەندێك سزای لەسەر سووك بێـت.

وە چەندین شەفاعەتی تریشی هەیە کە فریشتەکان و پێغەمبەران و شەهیدەکان و پیاوچاکانیش بەشدارن لەگەڵیدا، کە شەفاعەت کردنە بۆ تاوانبارانی یەکخواپەرست بەوەی کەلە دۆزەخ دەربکرێن، هەموو ئەمانەش لەرۆژی دواییدایە، پاشان خوای میهرەبان بە رەحمەتی خۆی کەسانێك لە ئاگر دەردەکات، بەڵام بێباوەڕان هیچ شەفاعەتکارێکیان بۆ نیە لەو رۆژەدا و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **فَمَا تَنْفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ** (٤٨) ﴾ واتە: بۆیە تکای هەموو تکاکاران لە فریشتە و پەیامبەران و جگە لەمانیش سوودی بۆیان نیە ، چونکە شەفاعەتکردن بۆ

کەسانێکە خوای پەروەردگار لێی ڕازی بێت ، و ڕێگە بدات بە شەفاعەت کارەکەش شەفاعەت و تکای بۆ بکات .

*** پرسیاری بیست ویەکەم: پلەکانی باوەڕهێنان بە قەزاوقەدەر چین، بەبەڵگەوە، وە بەروبومی باوەڕهێنان بەقەدەر چیە؟**

* وەڵام: چوار پلەی هەیە کە باوەڕی هیچ کەسێك تەواو نابێت هەتا ئەو چوار پلەیە لەدڵیدا جێگیرنەبێت و بڕوای پێ نەبێت:

١- **پلەی زانست و زانین:** واتە خوای گەورە ئەوەی ڕووی داوە زانیویەتی و ئەوەشی ڕوودەدات دەیزانێت و بەحاڵوباری بەندەکانیش شارەزایە لە رزق و ئەجەل و کردەوەکانیشیان و هەموو کاروبارێکیان، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ **إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ** (١٢) ﴾ واتە: بێگومان ئەو خوایە بەهەموو شتێك زانا و ئاگادارە ، و هیچ شتێکی لەکاروباری دروستکراوەکانی لەلا شاراوە نیە .

٢- **پلەی نووسینەوە:** واتە خوای گەورە هەموو ئەو شتانەی بڕیاری لەسەر داوە نووسیویەتیەوە لە **(لوح المحفوظ) دا** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَكُلَّ شَيْءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ** (١٢) ﴾ واتە: هەموو شتێکمان لە کتێبێکی ڕووندا تۆمارکردووە کە دایکی کتێبەکانە ، وە هەموو بۆلای ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەویش

**(لوح المحفوظ)** ـە . بۆیە لەسەر کەسی ژیر پێویستە لە نەفسی خۆی بپرسێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشقی باش لە چاکەدا لە ژیانیدا وە لە پاش مردنی .

٣- **پلەی ویستن:** واتە هەموو ئەو ڕووداوانەی لەم گەردوونەدا ڕوودەدەن هەرهەمووی بەویستی خوای گەورە دەبێت و ئەوەی ئەو نەیەوێت ڕوونادات و ئەوەشی ئەو ویستی لیَ بێت ئەوا ڕوودەدات، وەکو دەفەرموێت: ﴿ **وَمَا تَشَاءُونَ إِلا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٢٦ . ٢٩)** ﴾ واتە: بۆ ئەوەی کە بیەوێت لەسەر ڕەوایی و باوەڕ بەردەوام بێت ، و ئەوەشتان لە تواناداد نیە ـ لەبەردەوامیتان لەسەر ڕەوایی ـ جگە بە ویستی خوای پەروەردگاری هەموو بوونەوەر نەبێت .

٤- **پلەی بەدی هێنان و دروست کردن:** واتە خوای گەورە دروستکار و بەدیهێنەری هەموو شتێکە و دروستکار و پەروەردگارێکی تر جگە لەو بوونی نیە، وەکو دەفەرموێـت: ﴿ **اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (٦٢)** ﴾ واتە: بەدیهێنەری هەموو شتەکان تەنها پەرستراوی بەهەق ( اللّـه ) یە ، و پەروەردگار و پادشا و خاوەن و هەڵسوڕێنەری هەموویەتی ، وە هەر ئەویشە پارێزەری هەموو شتەکان و تەواوی کاروباری دروستکراوەکانی بەڕێوە دەبات .

**لەبەروبومەکانی باوەڕهێنان بەقەدەر:** ڕازی بوون بە هەموو ئەوانەی بەسەر موسڵماندا دێت و ئارامگرتن و چاوەڕێی پاداشت بوون و هەوڵ و تێکۆشان بۆ

ئەنجامدانی کردەوەی چاك و وریاو خۆبەدوورگرتن لە تاوان و سەرپێچی و ترسان لە چارەنووسی خراپ.

*** پرسیاری بیست و دوو : واتای ئەم فەرموودەیە چیە: " وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ " ئەمە لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە بەدی هێنەری هەموو شتێکە؟**

*** وەڵام:** وتراوە ئەوە لەبابی نواندنی ئەدەب و ڕێزە لەبەرانبەر خوای گەورەدا، وە ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە کردەوەکانی خوای گەورە هەمووی خێری پوختە لەڕووی ئەوەی لە خواوە دەردەچن و وەصفی خوای پێ دەکرێت، وە لەڕوویەکەوە شەڕ و خراپەی تێدا نیە، چونکە خوای گەورە دادوەرێکی دادپەروەرە و گشت کارەکانی پڕحیکمەتن و دادوەرن، بەشێوەیەك کە هەموو شتەکان لەشوێنی شایستەی خۆیدا دادەنێت، هەروەکو بەلای ئەوەوە ڕوون وئاشکران، وە لە خودی ئەو شتەی کە قەدەرە و خوا بڕیاری ڕوودانی لەسەر داوە شەڕی تێدایە بەڵکو لەڕووی حاڵی بەندەوە کە تووشی نارەحەتی و دژواری دێت کە ئەوەش بەهۆی کاروکردەوەی خۆیەوەیەتی کە ئەنجامی دەدات دێنەڕێی وەکو پاداشتێك بەرانبەر کردەوەکانی، وەکو دەفەرموێـت: ﴿ **وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ** (٣٠) ﴾ واتە: ئەوەی موصیبەت وناخۆشیانەی کە لەئاین ودونیاتاندا تووشتان دەبێت ـ ئەی خەڵکینە ـ ئەوە بەهۆی تاوان وخراپەی کردەوەی

خۆتانەوەیە ، ئەگەرچی پەروەردگارتان لەزۆرێك لەتاوانەکانتان خۆش دەبێت ، و سزاتان نادات لەسەری .

*** پرسیاری بیست وسیٚ: ئایا کەس دەچێتە بەهەشتەوە یان دەچێتە دۆزەخەوە بە هۆی کردەوەی خۆیەوە بەبەڵگەوە، وە مانای ئەم ئایەتە چیە: ﴿ وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٤٣) ﴾؟**

* وەڵام: چوونە بەهەشت و ڕزگاربوون لە ئاگر تەنها بەهۆی ڕەحمەتی خوای گەورەوەیە، بەڵام ئەنجامدانی کردەوەی چاك ئەوە هۆکارێکە لە هۆکارە مەشروعەکان بۆ دەستکەوتنی ڕەحمی خوای گەورە، بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە: **«سَدِّدُوا وَقَارِبُوا فَإِنَّهُ لَن يُدْخِلَ الْجَنَّةَ أَحَدٌ بعملهِ» قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِي اللَّهُ مِنْهُ بِرَحْمَتِهِ ، وَاعْلَمُوا أَنَّ أَحبَّ الْعَمَلِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهُ وَإِنْ قَلَّ»** متفق عليه. واتە: هەوڵ بدەن کردەوەکانتان بەپێی شەرع بێت وە یاخود نزیك بن لەوەوە چونکە کەس بە کردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشتەوە، وتیان تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ مەگەر ڕەحمەتی خوای گەورە بمگرێتەوە، وە بزانن کە خۆشەویستترین کردەوە بەلای خواوە ئەوەیە کە بەردەوام بێت لەسەری ئەگەرچی کەمیش بێت.

وە هیچ دژەوانەییەکیش نیە لەنێوان ئەم فەرموودەیەدا و ئەم ئایەتەی کە دەفەرمویێت: ﴿ وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٤٣) ﴾واتە: وە

خەڵکی بەهەشت بانگیان لێدەکرێت وەکو پیرۆزبایی و ڕێزلێنانێك : ئەو بەهەشتەی کە خوای پەروەردگار پێی بەخشین بەهۆی ڕەحمی خۆیەوە بوو ، وە بەوەی کە پێشتان خستووە لەباوەڕ وکردەوەی چاکەتان .

هاتووە لەمانای ئەم ئایەتەدا کە پیتی (باء) لەبڕگەی (بِمَا كُنْتُمْ) بۆ هۆکارە و بۆ نرخ وبەها نیە واتە کردەوەکانتان بەهای چوونە بەهەشت نیە بەڵکو هۆکارە. بۆیە پێچەوانە نین.

**٭ پرسیاری بیست وچوار: کوفر چیە و جۆرەکانی چین لەگەڵ نمونە و بەڵگە؟**

**٭ وەڵام:** کوفر پێچەوانەی ئیمانە و دوو جۆرە:

**یەکەم: کوفری هەرەگەورە کە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات و ئەویش پێنج بەشە:**

١- **کوفری نەفامی و بەدرۆخستنەوە (كفر الجهل والتكذيب)**: خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ **وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِلْكَافِرِينَ** (٦٨) ﴾ واتە: هیچ کەس لەو کەسە ستەمکارتر نیە کە درۆ بەناوی خواوە بکات ، و نیسبەتی ئەو گومڕایی و پوچەڵیەی کە خۆی تێیدایە دەداتە لای خوای پەروەردگار ، یان ئەو هەقەی کە خوای پەروەردگار

پەیامبەرەکەی ـ واتە موحەممەدی ﷺ ـ پێناردووە بەدرۆ دادەنات ، بێگومان لە ئاگری دۆزەخدا شوێنی نیشتەجێبوون هەیە بۆ ئەوەی بێباوەرە بە خوای پەروەردگار ، و نکوڵی یەکتاپەرستی دەکات ، و پەیامبەرەکەی موحەممەد ﷺ بەدرۆ دزانێت.

**٢- کوفری خۆبەگەورەزانین لەگەڵ بەڕاستخستنەوەدا (كفر الإباء والاستكبار مع التصديق):** وەکو کوفری ئیبلیس، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلائِكَةِ اسْجُدُوا لآدَمَ فَسَجَدُوا إِلا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٣٤)** ﴾ واتە: ـ ئەی پەیامبەری خوا ـ باسی ئەوە بۆ خەڵك بکە کە چۆن خوای پەروەردگار ڕێزی لە ئادەم گرت ، کاتێك کە بە فریشتەکانی فەرموو : سوژدە بۆ ئادەم بەرن وەکو ڕێزلێنان و دەرخستنێك بۆ فەزڵی ئادەم ، ئەوەبو هەموویان گوێرایەڵیان کرد تەنها ئیبلیس نەبێت ڕازی نەبوو سوژدە بەرێت بە هۆی خۆبەگەورە زانین وحەسودی بردنیەوە ، بەمەش بووبە یەکێك لە نکوڵیکاران لە خوای پەروەردگار ، ئەوانەی کە سەرپێچیکاری فەرمانەکانی خوای پەروەردگارن .

**٣- کوفری گومان و دوودڵی (كفر الشك):** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَنْ تَبِيدَ هَذِهِ أَبَدًا وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِنْ رُدِدْتُ إِلَى رَبِّي لأَجِدَنَّ خَيْرًا مِنْهَا مُنْقَلَبًا (٣٥ . ٣٦) قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلا (٣٧)**

﴿لَكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا (٣٨)﴾ واته: چووه ناو باخه‌كه‌یه‌وه له‌كاتێكدا كه‌ ئه‌و سته‌مكاربوو له‌نه‌فس و گیانی خۆی به‌هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ باوه‌ڕی نه‌بوو به‌ زیندووبونه‌وه‌ ، و له‌گوماندابوو سه‌باره‌ت به‌ هاتنی ڕۆژی دوایی ، بۆیه‌ سه‌رسام بوو به‌و به‌روبوومه‌ زۆره‌ی باخه‌كه‌ی و وتی : من پێم وانیه‌ ئه‌م باخ وبێستانه‌ زۆره‌ به‌درێژایی ژیان له‌ناوبچێت و نه‌مێنێت ، و بڕواناكه‌م ڕۆژی دوایی هه‌ستێت و بوونی هه‌بێت ، وه‌ ئه‌گه‌ریش ـ وه‌كو تۆ ده‌ڵێی قیامه‌ت هه‌بێت ـ و بگه‌ڕێمه‌وه‌ بۆ لای په‌روه‌ردگارم ئه‌وا له‌مه‌ باشترو به‌رهه‌مدارتر به‌ نسیبم ده‌بێت و له‌م جێگایه‌ خۆشترم ده‌بێت ، له‌به‌ر ڕێز و پله‌وپایه‌م له‌لای ئه‌و . هاوه‌ڵه‌ باوه‌ڕداره‌كه‌ی ئامۆژگاری كردو پێی ووت : چۆن كافر و بێباوه‌ڕیت به‌و خوایه‌ی كه‌ تۆی دروست كردووه‌ له‌ خۆڵ و خاك ؟ وپاشان له‌ دلۆپێك ئاوی باوك و دایك ، وپاشان كردووتی به‌ مرۆڤێكی ڕێك وڕاست و ته‌واو ؟ ئه‌م گفتوگۆیه‌ به‌ڵگه‌ی تێدایه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و خوایه‌ی كه‌ تووانای هه‌بێت به‌سه‌ر به‌دیهێنانی مرۆڤ وگیانه‌وه‌ر له‌نه‌بوونه‌وه‌ ، بێگومان به‌توانایشه‌ به‌سه‌ر دووباره‌ زیندووكردنه‌وه‌یاندا . به‌ڵام من ئه‌و ووته‌یه‌ی ناڵێم كه‌ تۆ ده‌یڵێیت و به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر بێباوه‌ڕیت ، به‌ڵكو ده‌ڵێم : نیعمه‌ت به‌خش و چاكه‌كار ته‌نها بریتیه‌ له‌ خوای په‌روه‌ردگارم ، و هه‌رگیز هاوبه‌ش وهاوه‌ڵی بۆ په‌یدا ناكه‌م وجگه‌ له‌و ناپه‌رستم .

٤- **کوفری پشت تێکردن (کفر الاعراض):** بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەم ئایەتەیە: ﴿... وَالَّذِينَ كَفَرُوا عَمَّا أُنْذِرُوا مُعْرِضُونَ (٣) ﴾ واتە: کەچی ئەوانەی نکۆڵیان کرد لەوەی کە الله پەرستراوی ڕاست و ڕەوایە ، پشت هەڵدەکەن لەوەی کە قورئان ئاگەداری کردونەتەوە و ترساندونی و پەند وەرناگرن و بیر ناکەنەوە .

٥- **کوفری دووڕوویی (کفر النفاق):** بەڵگەش لەسەر ئەوە خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ **اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لا يَفْقَهُونَ (٢ ـ ٣)** ﴾ واتە: بێگومان ئەو سوێندەی دووڕووەکان خواردبویان تەنها کردبویانە پارێزەر و قەڵغانێك بۆ خۆیان لە قسەپێکردن و سزادانیان ، و ڕێگری لە خۆیان و خەڵکیش دەکەن لە گرتنەبەری ڕێگای ڕاستی خوای پەروەردگار ، بەڕاستی ئەوان خراپترین کاریان ئەنجامداوە ، چونکە ئەوان تەنها بە ڕووکەش باوەڕیان هێنابوو ، پاشان لە ناخەوە بێباوەڕبوون ، و بەهۆی بێباوەڕیانەوە خوای پەروەردگار مۆری دا بەسەر دڵیانەوە ، بۆیە تێناگەن و نازانن هۆکاری چاکبوونیان چیە .

وە ئەم جۆرانەش بە گوفتار و کردار و بیروباوەڕ دەبێت.

**جۆری دووەم: کوفری بچووکە**، ئەوەیە کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ووشەی کوفریان بۆی داناوە بەڵام بنەڕەتی ئیمان نەفی ناکات، بەڵکو ناهێڵێت تەواو و کامڵ

بێت، وەکو فەرموودەی: **" سباب المسلم فسوق و قتاله كفر"** متفق عليه. واتە: جوێن دان بە موسڵمان فاسقێتیە و شەڕکردن لەگەڵیدا کوفرە. ئەم ووشەیە وەکو خۆی دەهێڵرێتەوە بەڵام کوفرێکە کە لە خوار کوفری گەورەوەیە، هەروەکو تەواوی گوناە و سەرپێچیەکانی تر، و خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام نابات دەرەوە، بەڵام شایستەی هەڕەشەی ئاگرن، ولەگەڵ ئەوەشدا هەیانە دەڕواتە ناو ئاگرەوەو هەشیانە بەر لێخۆشبوون ولێبوردەیی خوای میهرەبان دەکەوێت و ناچێتە ئاگرەوە، وە ئەوەشی بڕواتە ناویەوە بەهەتاهەتایی تێیدا نامێنێتەوە.

*** پرسیاری بیست و پێنجەم: هەڵوێستی ئەهلی سوننە چیە دەربارەی بابەتی تەکفیر، وە باسی ئەوانەش بکە کە ناکۆکن لەگەڵیان و ڕاجیاوازن؟**

* وەڵام: یەکێك لە بنچینەکانی بیروباوەڕی سەلەفی صالح ئەوەیە کە هیچ کەس لە موسڵمانان بەتایبەت بە کافر نازانن با شتێکیشی کردبێت کە کوفر بێت هەتا إقامە حوجەی لەسەر نەکرێت واتە بانگ بکرێت و هۆکاری ئەو کوفرەی ڕوون بکاتەوە کە بۆچی کردوویەتی، جا ئەو کاتە هەموو مەرجەکان سەلمێنران و ڕێگریەکانیش نەمان ئەوجا، لەهەمان کاتیشدا گومانی خراپیش نامێنێت لەسەر کەسێك کە نەزان و نەفام بێت یان خاوەنی بۆچوون بێت و لێکدانەوەی بۆ کردبێت. وە پێغەمبەری خوا ﷺ وریای کردووینەتەوە لەوەی هیچ کەسێك کافر بکەین بەبێ بەڵگە، وەکو لە فەرموودەکەی عبداللە ی کوڕی عومەردا هاتووە کە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " **إذا كفر الرجل أخاه فقد باء بها أحدهما** " مسلم. واتە: ئەگەر كەسێك براكەی كافر بكات ئەوا بۆ یەكێكیان دەگەڕێتەوە. وە ئەوانەش كە ڕاجیاوازن لەگەڵ ئەهلی سوننەدا لەم باسەدا كۆمەڵێك پێیان دەوترێت (الخوارج) واتە ئەوانەی كە دەرچوون لە گوێڕایەڵی پێشەوا و جێنشینی پێغەمبەری خوا عەلی كوڕی ئەبو تالیب و ئەوانەش كەلە گەڵیدا بوون لە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت، لەكاتێكدا شەڕیان لەگەڵ كردن و خوێن وماڵیان حەڵاڵ كردن، و بەردەوامیش لەگوێڕایەڵی فەرمان ڕەواو كاربەدەستان دەردەچن و تانە لەزانایان دەدەن لەكاتە جیاوازەكاندا، ئەمانە ئەو كەسانەن كە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێ داوین بەوەی كە " **كلاب النار**"ن واتە سەگی ناو ئاگرن، بەهەمان شێوە كۆمەڵێكی تریش هەن كە ناكۆكن لەم بابەتەدا و پێیان دەوترێت ( **المعتزلة**) واتە گۆشەگیرەكان كە هاوڕای گروپی خەوارجن لەوەی كە خاوەن تاوانی گەورە بەهەتاهەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە و كەچی ڕاجیاوازیشن لەگەڵیاندا لەحوكم دان بەسەر خاوەن تاوانی گەورەدا لە دونیادا بەوەی بە كافری نازانن و دەڵێن: ئەوانە لە پلە ومەنزیلەیەكدان لەنێوان ئیمان و كوفردا.

*** پرسیاری بیست وشەش: ئایا دووڕویی چیە ، جۆرەکانی باس بکە بەنموونە وبەڵگەوە؟**

*** وەڵام:** دووڕوویی بریتیە لە دەرخستنی ئیسلام و خێر بەڕووکەش وڕواڵەت و شاردنەوەی کوفر و خراپەش لەناخەوە، بەوەش ناونراوە لەبەرئەوەی لەدیوێکەوە یاخود لە ڕوویەکەوە دێتە ناو ئیسلامەوە و لە ڕووەکەی ترەوە دەچێتە دەرەوە، خوای گەورەش فەرموویەتی:﴿... **إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٦٧)**﴾ واتە: بەدڵنیایەوە دووڕووان گەلێکی دەرچوون لە باوەڕهێنان بەخوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەیﷺ.

**دووڕوییش دوو جـۆرە:**

**یەکەم: دووڕویی لە بیروباوەڕدا:** ئەوەش بریتیە لە دووڕویی گەورە و خاوەنەکەی لەبازنەی ئیسلام دەباتە دەرەوە بەیەکجاری، و لەڕۆژی دواییشدا لەدۆزەخدان و تەنانەن لەبەشی هەرەخوارەوەی ئاگردان، وە خوای گەورە وەصفیانی کردووە بە هەموو صیفاتێکی خراپ لە کوفر و باوەڕنەهێنان و گاڵتەکردن بەدین وهەڵگرانی و خۆدانەپاڵ و دەست تێکەڵ کردنی تەواوەتی لەگەڵ دوژمنانی دیندا بەهۆی بەشداربوون و هاوبەشیان لەخاڵێکدا کە ئەویش دژایەتی کردنی ئیسلامە.

**ئەمـەش شـەش جۆرە:**

١ - بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەر ﷺ .

٢ - بەدرۆخستنەوەی هەندێك لەو پەیامەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی.

٣ - ڕق لێبوونیان لە پێغەمبەر ﷺ .

٤ - ڕق لێبوون لە هەندێك لەو پەیامەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی.

٥ - خۆشحاڵ بووون بە لاوازبوون و ژێرکەوتنی دینی پێغەمبەر ﷺ .

٦ - حەزنەکردن و قەڵس بوون بە سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی دینی پێغەمبەر ﷺ .

**دووەم: دووڕوویی لە کرداردا:** ئەمەش بریتیە لە ئەنجامدانی بەشێك لە کاروکرداری دووڕووەکان لەگەڵ مانەوەی بنچینەی ئیمانێکی ناتەواو لە دڵدا، کە خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام ناباتە دەرەوە، بەڵام هۆکارێکە بۆ ئەوە، بەڵگەش ئەم فەرموودەیەیە: " **أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًا وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ وَإِذَا خَاصم فجر" متفق عليه**. واتە: چوار ڕەفتار و سیفەت هەن هەرکەس تێیدا هەبێت ئەوا دووڕویەکی تەواوە، وە هەرکەسیش یەکێکیانی تێدا بێت ئەوا یەك سیفەت و نیشانەی دووڕویی تێدایە هەتا وازی لێ دەهێنێت

ئەوانیش بریتین لە: کاتێك بەدەست پاك و جێی متمانە دانرا و ناپاکی بکات، وە ئەگەریش قسەی کرد درۆ بکات، وە ئەگەریش پەیمان بدات دەیشکێنێت و ئەگەر گفتوگۆ بکات لەحەق لادەدات و ناڕەوایی دەکات.

جگە لەو نیشانانە سیفاتی تریش هەن وەکو تەمبەڵی بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا، وە لەبەر ترسناکی و سەختی ئەم جۆرە دووڕوییەیە کە هاوەڵان ترساون لەوەی تێی بکەون و بەخۆیان نەزانن، وەکو چۆن ابن ابی ملیکە دەڵێت: " گەیشتووم بە سی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموویان ترساون لە خۆیان لە نیفاق و دووڕوویی".

*** پرسیاری بیست و حەوتەم: ئەو ڕێگا ڕاستە کامەیە کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین بەوەی لەسەری بڕۆین و نەهی لێکردووین لەوەی لێی لابدەین یان شوێنی جگە لەو بکەوین، بەبەڵگەوە؟**

* وەڵام: ڕێگای ڕاست بریتیە لە دینی ئیسلام بە گوێرەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا... (١٠٣)** ﴾ واتە: وە هەمووتان دەست بگرن بەکتێبی پەروەردگارتان و ڕێنموونی پەیامبەرەکەتانەوە ﷺ ، و شتێك ئەنجام مەدەن کە ببێتە هۆی تەفریقە و پەرتەوازەییتان .

وە ئەو کەسەشی کە جگە لەم ڕێگەیە بگرێتە بەر ئەوا ڕێگاکان لەسەری پەرتەوازە دەبن و زۆردەبن و سەرنگون دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٥٣) ﴾ واتە: وە هەر لەو وەسێتانەی کە پەروەردگارتان وەسێتی پێکردوون ئەوەیە کە ئەم ئیسلامە ڕێگای ڕاستی خوای پەروەردگارە بۆیە شوێنی بکەون ، وە نەکەن ڕێگا و ڕێچکەی گومڕایی بگرنەبەر ، چونکە پارچەپارچەتان دەکات ودوورتان دەخاتەوە لە ڕێگای ڕاستی خوای پەروەردگار . ئەو ئاراستەکردن و بەرەو ڕێگای ڕاست چوونەیە کە خوای پەروەردگار وەسێتی پێکردوون بۆ ئەوەی خۆتان لە سزاکەی بپارێزن بەجێبەجێکردنی فەرمان پێکراوەکانی ودوورکەوتنەوە لە یاساغی لێکراوەکانی.

**وعن ابن مسعود رضي الله عنه: خط لنا رسول الله صلى الله عليه وسلم خطاً، وخط خطوطاً عن يمينه وشماله، ثم قال: "هذا سبيل الله، وهذه سبل، على كل سبيل منها شيطان يدعو إليه" ثم قرأ {وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ} رواة أحمد وغيره.**

واتە: لە عبداللە ی کوڕی مەسعودەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هێڵێکی ڕاستی بۆ کێشاین و پاشان فەرمووی: " ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوایە" پاشان چەند هێڵێکی بە ڕاست و چەپیدا کێشا وفەرمووی: " ئەمە ڕێگاکانن، وەلەسەر هەر

ڕێگایەك شەیتانێكی لەسەر و بانگەوازی بۆ لا دەكات"، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ}.

*** پرسیاری بیست و هەشتەم: ڕەفتار و هەڵسوكەوتی پەیڕەوكارانی ڕێگای ڕاست بەچی و لەكوێوە دێت و چۆنیش لەلادان لێی خۆمان بپارێزین؟**

* وەڵام: ڕەفتار و ئاكاری پەیوەست و پابەند وبوون بەڕێگای ڕاستەوە بەدی دێت بەدەست گرتن بە قورئان وسوننەتەوەو بەپێی تێگەیشتنی سەلەفی صالح و ڕێكردن و بەردەوام بوون لەسەر ڕێچكە و ڕێبازی ئەوان و وەستان لە شوێن وەستانی ئەوان.

وە خۆپاراستنیش لە لادان لێی بەم دوعایە دەبێت كە دەڵێیت: ﴿ **اهدنا الصراط المستقيم** ﴾ وە بەتێگەیشتن لە دین و پابەندبوون بە سوننەتەوە و دووركەوتنەوە لە بیدعە و ڕاجیاوازی و پەرتەوازەیی، چونكە بەوە یەكخواپەرستی پوخت و شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەست دێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا (٦٩)** ﴾ واتە: وە هەركەسێك گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوای بەرز و بڵند و پایەبەرز و ڕێبازی پەیامبەرەكەی موحەممەد

بکات ئا ئەوانەن کە پلە و پایەیان بەرزبووەتەوە ، و دەبنە هاوەڵ و هاودەمی ئەوانەی کە خوای پەروەردگار لە بەهەشتدا نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون لە نێردراوان و ئەو ڕاستگۆیانەی کە ڕاستگۆیی تەواویان هەبوو بەوەی کە پەیامبەران پێیهاتوون ، بەباوەڕ وکردەوە وگوفتاریان ، وە شەهیدانی ڕێبازی خوای پەروەردگار و باوەڕدارانی بۆ خوا صوڵحاو ، وە ئەوانە چاکترین هاوەڵ و هاودەمن لە بەهەشتدا .

*** پرسیاری بیست و نۆیەم: بیدعە چیە، جۆرەکانی بژمێرە بەپێی کاریگەری خراپی لەسەر دین؟ وە نیشانەی بیدعەچیان چیە؟**

* وەڵام: بیدعە بریتیە لە هەر شتێك کە بەڵگە نەهاتبێت لەسەر ئەوەی کە عیبادەتە (وەکو عیبادەتیش ئەنجام بدرێت) وە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت: " **مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رد**". واتە: ئەوەی لەم دینەماندا شتێکی تازە دابهێنێت کە تێیدا نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوەو وەرناگیرێت.

**بیدعەیش دو جۆرە:**

**بیدعەی پێ کافربوون (بدعة مكفرة):**

وەکو تەواف کردن بە دەوری گۆڕدا بەنیەتی نزیك بوونەوە لە خاوەنەکەی و پێشکەش کردنی قوربانی ونەزر لەلاکردن و پاڕانەوە لێیان و داوای هاوکاری وکۆمەکی کردن لێیان.

**بیدعەی پێ کافرنەبوون (بدعة غير مكفرة):**

وەکو نوێژکردن و دوعاکردن لەلای گۆڕدا و ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرەوە ﷺ ، ئەمانەش لەڕاستیدا هۆکارن بۆ دروستبوونی شیرك.

**حوکمی بیدعە لە شەرعدا:** ئەوەیە کە حەرامە و گومڕاییە، لەبەر فەرموودەی: " **وَإِيَّاكُمْ مُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ" فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ"** رواه أبوداود والترمذي، واتە: دووربکەونەوە لە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە، وەهەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە.

وەهەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: " **مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رد"** متفق عليه. واتە: ئەوەی لەم دینەماندا شتێکی تازە دابهێنێت کە تێیدا نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوەو وەرناگیرێت.

بەڵام حەرامێتیەکە بەگوێرەی جۆری بیدعەکە، هەربۆیە هیچ بیدعەیەکی چاك بوونی نیە، وە قسەکەی پێشەوا عومەریش رضي الله عنه کە دەڵێت: " **نعمت البدعة هذه**

" لە بارەی نوێژی تەراویحەوە ئەوا مەبەست لێی بیدعەی زمانەوانیە نەوەك شەرعی.

وە **نیشانەی بیدعەچیەکانیش:** نەزانی و نەفامی و جیابوونەوە لە کۆمەڵی هەرەگەورەی موسڵمانان ودروست کردنی پارچەپارچەیەتی و پەرتەوازەیی و زۆر ئەنجامدانی دەمەدەمێ و چەلەحانێ و پێش خستنی عەقڵ بەسەر نەقڵدا و زیادەڕۆیی کردن لە کەسەکاندا ودەمارگیری بۆ قسەو بۆچوونەکانیان و قسەکردن وتانەدان لە ناموس و شکۆی زانا دەستگرتووەکان بە قورئان و سوننەتەوە کەبەپێی پێشینەچاکەکان لێی تێگەیشتوون.

**هۆکارەکانی دروست بوون و سەرهەڵدانی:** نەفامی بە حوکمە دینیەکان، و شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو، و دەمارگیری بۆ بۆچوونی کەسەکان، وخۆچوواندن بە بێباوەڕان.

وە **هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە بەرانبەر ئەهلی بیدعە:** ئەوەیە کە وەڵامیان دەدەنەوە بە ڕەددانەوەی گومانەکانیان وپوچەڵکردنەوەیان بەبەڵگەی قورئان وسوننەت بە واجبێتی پەیوەست بوون و دەستگرتن بە سوننەتەوە و نەهی کردن لە بیدعە و تازەداهێنراوەکان، وە زانایانیش لەکۆن و نوێدا کتێب و دانراوی زۆریان لەوبارەیەوە نووسیوە، وە بەردەوامیش زانایان ئینکار و نکۆڵی بیدعەیان

كردووە و ڕەدیان داونەتەوە بەشێوەیەك كە كاریگەری گەورەی هەبووە لە هۆشیاركردنەوەی موسڵمانان و زاڵ بوون بەسەر بیدعەدا و بنبڕكردن و قەڵاچۆكردنیان.

# واجبێتی شوێنکەوتنی پێشینە چاکەکان

*** پرسیاری سی یەم: ئایا مەبەست لە سەلەفی صالح چیە؟**

* وەڵام: ئەوان پێشینی ئەم ئوممەتەن کە پێك دێن لە هاوەڵان و شوێنەکەوتوویانیان و شوێنکەوتوی شوێنکەوتووانیش بەچاکە، کە کۆبوونەتەوە لەسەر قورئان و سوننەت، و ڕۆیشتوون لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ لەسەری بووە لە ڕووکەش و ناخیشەوە، وە کۆو یەك دەستن بۆ کاربەدەستە موسڵمانەکانیان بە گوێڕایەڵی کردنیان لە چاکەدا و ئامۆژگاری و ڕێك و باش کردنی تەواوی ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە کاربەدەست و ژێردەستەوە.

وە عەیب و نەنگی نیە ئەگەر کەسێك بدرێتە پاڵ سەلەف، بەڵکو پێویستیشە ئەو کارە بۆ ئەوەی جیابێتەوە بەو بەرنامە حەقەی کەلەسەری دەڕوات وەکو چاولێکەریەك بۆ ئەو چینە پوخت و پاڵفتەکراوە هەرلە کۆنەوە لەسەردەمی پێغەمبەری خواداﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی ﷺ و لەسەروی هەموویانەوە چوار جێنشینە ڕاشیدەکان.

*** پرسیاری سی و یەکەم: بەڵگە لە قورئان و سوننەت و یەکدەنگی زانایان چیە لەسەر واجبێتی شوێنکەوتنی بەرنامەی سەلەفی صالح و پەیوەست بوون بە مەنهەجیانەوە؟**

* وەڵام: بەڵگە لە قورئان: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنْ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٠٠)** ﴾ واتە: وە ئەوانەی پێش خەڵك کەوتن بۆ باوەڕبوون بەخوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ـ لە کۆچەران ئەوانەی کە کۆچیانکردووە و گەل و هۆزی خۆیان بەجێهێشتووە ڕۆشتوون بۆ وڵاتی ئیسلام ، و لە پشتیوانانیش ئەوانەی کە پەیامبەری خوایان ﷺ سەرخستووە بەسەر دوژمنانی بێباوەڕیدا ، وە لە ئەوانەش کە بەچاکە شوێنیان کەوتوون لە بیروباوەڕ و کردەوەیاندا ، بەمەبەستی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای پەروەردگار ، ئائەوانەن کە خوای پەروەردگار لێیان ڕازیبووە لە بەر گوێڕایەڵیان بۆ خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ ، وە ئەوانیش لێی ڕازیبوون لەبەرامبەر ئەو هەموو پاداشتەی کە پێی بەخشیون لەسەر گوێڕایەڵی و باوەڕیان ، وە بەهەشتگەلێکی بۆ ئامادەکردوون کە جۆگەلە و ڕووبار بەژێریاندا دەڕوات ، و تێیدا بەهەتاهەتایی دەمێننەوە ، بەڕاستی هەر ئەوەشە سەرکەوتن و بردنەوەی گەورە . وە ئەم ئایەتە پاکامەی هاوەڵانی تێدایە ـ خوای

پەروەردگار لێیان ڕازیبێت ـ بەچاك دانانیانە ، و باسکردنیانە بەچاکە ، بۆیە ڕێزلێگرتنیان یەکێکە لە بنەواکانی باوەڕ .

وە لە سوننەتیشدا ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرموێت: " **خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ** " رواه البخاري ومسلم. واتە: باشترین خەڵکی ئەوانەی سەردەمی منن پاشان ئەوانەی لەدوای ئەمان دێن وپاشانیش ئەوانەی لەدوای ئەوان دێن.

بەڵام یەکدەنگی زانایان، ئەو زانایانەی کە یەکدەنگ بوون و هاوڕابونیان جێگەی متمانەیە بە هەند وەردەگیرێت لە هەموو شوێن و کاتێکدا یەك قسە ویەك بۆچوونن لەسەر واجبێتی ڕۆیشتن لەسەر مەنهەجی سەلەف لە بیروباوەڕ و شەریعەتدا .

*** پرسیاری سی و دووەم: باسی گرنگترین بنەماکانی مەنهەجی سەلەفی صالح بکە لە بیروباوەڕ و ووتە و کرداردا؟**

*** وەڵام: گرنگترین بنەماکانی مەنهەجی سەلەفی صالح ئەمانەی خوارەوەیە:**

- ئەوان ئەهلی نێوەندگیر و دادگەرین لەنێوان هەموو گروپ و تاقمەکانی ئەم ئومەتەدا .

- سەرچاوەی وەرگرتنی شەرع لای ئەوان بریتیە لە قورئان و سوننەت بەتێگەیشتنی پێشینی ئوومەت، و إجماع و قیاسی صەحیح.

- شوێنکەوتن و زیندووکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ .

- وازهێنان و نەکردنی دەمەدەمێ وچەلەحانێ لەدیندا هاوکات لەگەڵ رێنمایی کردن و ئامۆژگاری بەسوود.

- بەگەورەڕاگرتنی سەلەفی صالح بەبێ زیادەڕۆیی.

- ڕەدکردنەوەی لێکدانەوەی خراپ و ناپەسەند، و ڕق بوونیان لە بیدعە و بیدعەچیان.

- سووربونیان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕاست و ڕەسەن بە ئەوپەڕی دانایی وحیکمەتەوە.

- سووربونیان لەسەر پاراستنی یەکڕیزی و تێکنەدانی کۆمەڵی موسڵمانان و خۆشەویستی دروست کردن لەنێوان موسڵماناندا.

*** پرسیاری سی و سێ یەم:**

**ڕوونی بکەرەوە کە چۆن هۆکاری پەرتەوازەیی و پارچەپارچەیەتی بریتیە لە دەستنەگرتن بە مەنهەجی سەلەفی صالحەوەو لادانە لێی؟**

* وەڵام : ڕوون کردنەوەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە : مەنهەجی سەلەفی صالح بریتیە لە پابەندبوون و دەستگرتن بە قورئان و سوننەتەوە بە تێگەیشتنێکی دروست و تەواو، ئەوەش خۆی لەخۆیدا هۆکارە بۆ کۆبوونەوە و دروست بوونی برایەتی و خۆشەویستی ویەکڕیزی و پەیوەست بوون لەنێوان ئوممەتدا، ئەمە لەکاتێکدا پێچەوانەکردنی ئەم کارە هۆکارە بۆ دروست بوونی پەرتەوازەیی و دوورکەوتنەوە و دژایەتی و دوژمنایەتی و شەڕو کوشتار و دڵخۆشکردنی دوژمن و ناحەزان و پەلکێشکردنیان بۆ سەر موسڵمانان و ئوممەتی ئیسلام، وە پێچەوانەکردنی ئەو ڕێباز و بەرنامەیەش بە کەم تێگەیشتن لەدین دێتەکایەوە وبەدی دێت و بەوەی کە زانست و زانیاری پێویستی نەبێت سەبارەت بە بنەما شەرعیەکان و نەگەڕانەوە بۆ لای زانایانی متمانە پێکراوی سوننە، هەربۆیە بیدعە سەرهەڵدەدات وەکو دەرئەنجامی ئەو کارە نەشیاوە وەکو بیدعەی حیزبایەتی و تاقم و کۆمەڵ دروست کردن بەناوی دینەوە کە پێچەوانەی مەنهەج و بەرنامەی ئەهلی سوننە وجەماعەیە.

*** پرسیاری سی و چوارەم: ئەو ڕێ و شوێن وبنەمایانە باس بکە کە بەهۆیانەوە جیاوازی نێوان عیبادەتە شەرعیەکان و عیبادەتە بیدعیەکان ڕووندەبێتەوە لەگەڵ نمونەدا؟**

* **وەڵام:** بنچینە و بنەما لەم کارەدا ئەو فەرموودەیەیە کە پێشەوا ( الترمذي ) گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **" وَإِيَّاكُمْ مُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ" فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ"** واتە: دووربکەونەوە لە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە، وەهەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە. وەهەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێـت: **" مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رد"** متفق عليه. واتە: ئەوەی لەم دینەماندا شتێکی تازە دابهێنێت کە تێیدا نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوەو وەرناگیرێت.

وە هەروەها فەرموویەتی: **" من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد ".**

جا ئەم جۆرە فەرموودانە لە بنەماکانی دینن، هەروەکو ئەو فەرموودانەی کەباس کران ئەوەی کە بەڵگەن لەسەری ئەوا لە کۆی ئەو عیبادەتە شەرعیانەیە ئیتر لەباسی عیبادات بێت یان شەریعەت یان مەنهەج یان ڕەفتار و ئاکار و هەڵسوکەوت، بۆیە ئەوەی کاروکردەوەی پێ بکات و پەیڕەویان بکات ئەوا پاداشتی بۆ دەنووسرێت. وە هەر تازەداهێنراوێکیش لەدیندا ئەوا بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییەو ڕەدکراوەیە، وە بیدعەش لە بوارەکانی عیبادات و بیروباوەڕدا کارێکی حەرامە، بەڵام حەرامێتیەکە دەگۆڕێت بەگوێرەی جۆری بیدعەکە، جا تێیاندایە کە کوفرە وەکو تەواف بەدەوری گۆڕدا وەکو نزیك بوونەوەیەك لە خاوەنەکەی و پێشکەش کردنی نەزر و قوربانی کردن بۆی، وە

تێشیاندایە کە هۆکارن بۆ شیرك وەکو بینادروست کردن لەسەر گۆڕ و نوێژ و دوعاکردن لای گۆڕ، وە تێیشیاندایە کە سەرپێچی و تاوانە وەکو بیدعەی ژن نەهێنان و ڕۆژوگرتن و وەستان بەپێوە لەبەر تیشکی خۆر، وە بیدعە هەمووی گومڕاییە و بیدعەی چاك بوونی نیە، چونکە ئەوەی ئەمە بڵێت ئەوا تۆمەتباری دین دەکات بەوەی کە کامڵ وتەواو بێت و تۆمەتباری پێغەمبەر ﷺ دەکات بەوەی دینەکەی هەمووی گەیاندبێت و جگە لەوەش دەرگای دەمەدەمێ دەکاتەوە لەدینی خوادا بۆ ئارەزووپەرستان.

*** پرسیاری سی و پێنجەم: تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵی ڕزگاربوو چیە بەبەڵگەوە؟**

* وەڵام: **گرنگترینیان:**

١- دەستگرتن و پەیوەست بوون بەوەی هاتووە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ سەبارەت بە تەوحیدی پوخت لە پەروەردگاریێتی و خوایەتی و ناو وسیفاتەکانی خوای گەورەدا.

٢- سووربون لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی و پەیڕەوکردنیشی لەبواری عیبادەتدا، وەکو چۆن لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بە تێگەیشتنی پێشینە

چاکەکانی ئوممەت، چونکە لەواندا نابینی بیدعەیان کردبێت لە دینی خوادا یان شوێنی ئارەزووی خۆیان کەوتبن.

٣- سووربون لەسەر شوێنکەوتنی سوننەت لە گوفتار و کردار و بانگەوازیاندا بۆلای خوای میهرەبان.

٤- خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشت جوانی و سنگ فراوانی و ڕووخۆشی و قسەجوانی و حەزکردن لە خێرگەیاندن بۆ خەڵك و ئامۆژگاری کردنی موسڵمانان و فێرکردنی ئەوەی سوودی تێدایە بۆیان کە ئەوەش بە ئارامگری و داناییەوە بەدی دێت.

٥- مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا بە ڕاستگۆیی و ڕوونی و وەفاوە.

٦- سوربوون لەسەر پاراستنی یەکڕیزی ئوممەت و دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی دروست بوونی پەرتەوازەیی و ڕق وکینە و حیزبایەتی و ئنتیما.

٧- وەفاکردن بە مافی خاوەن مافەکانەوە وەکو وەفا بە گوێڕایەڵی بۆ کاربەدەستان لە چاکەدا و وریاو ئاگاداربوون لە دەرچوون لێیان.

*** پرسیاری سی وشەشەم: شوێنەواری بەتەنها تێگەیشتن لەقورئان بەبێ سوننەت چیە؟ واتە تەنها تەنها پشت بەقورئان ببەستیت بەبێ فەرموودە.**

* **وەڵام:** شوێنەوار و کاریگەری ئەو کارە خراپ و زیانبەخشە، ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆرێك لەدەقەکانی قورئان لێیان تێ ناگەیت مەگەر بەهۆی سوننەت وفەرموودەوە نەبێت، وەکو ئەو ئایەتانەی کەباسی نوێژ و زەکات و جگە لەوانەش دەکات، وە ئەو کەسەی کە پێی وابێت تەنها قورئان بەسە و فەرموودەی پێویست نیە و تەرکی بکات وپشت گوێی بخات ئەوا بە کۆدەنگی زانایان کافر دەبێت، لەبەر ئەوەی بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هاتووە لەسەر کارکردن بەسوننەت وەکو کارکردن بە قورئان، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ** ...(٣١) ﴾ واتە: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ پێیان بڵـێ : ئەگەر ئێوە بەڕاستی خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنم بکەون و باوەڕم پێبهێنن لە ڕواڵەت و لە ناخیشدا ، ئەو کاتە ـ کە ئەمەتان کرد ـ خوای پەروەردگار خۆشی دەوێن .

وەیان دەفەرموێت: ﴿ **فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ** (٦٣) ﴾ واتە: با ئەوانەی کە سەرپێچی لەفەرمانەکانی پەیامبەری خوا دەکەن ئاگادار و وریابن کە نارەحەتی و خراپەیەکیان بێتە سەر ، یان لەدوارۆژدا تووشی سزایەکی بەئێش وئازاربن .

وە یان دەفەرموێت: ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٧) ﴾ واتە: وە هەرچیەك پەیامبەری خوا پێی دان لە سەروەت و ماڵ ، یان شەرعێکی بۆ کردن ، ئەوا وەریگرن . وە لە هەرچیەکیش یاساغی لێکردن لە بردنی ، یان لە ئەنجامدانی ئەوا وازی لێبهێنن ، وە لە خوا بترسن بە پابەندبوون بە فەرمانەکانی و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی . بێگومان خوا بەسەختی سزای ئەو کەسە دەدات کە گوێڕایەڵی نەبوو یان سەرپێچی فەرمان و قەدەغە لێکراوەکانی بکات .

وە یان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " يُوشِكُ أَحَدُكُمْ أَنْ يُكَذِّبَنِي وَهُوَ مُتَّكِئٌ عَلَى أَرِيكَتِهِ يُحَدَّثُ بِحَدِيثِي، فَيَقُولُ: بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللَّهِ، فَمَا وَجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَلَالٍ اسْتَحْلَلْنَاهُ، وَمَا وَجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَرَامٍ حَرَّمْنَاهُ، أَلَا وَإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِثْلُ مَا حَرَّمَ اللهُ " رواه أحمد وابن ماجه والحاكم في (( المستدرك )). واتە: دوور نیە (کەسی واتان تێدا پەیدابێت) کە من بەدرۆ بخاتەوە بەشێوەیەك کە بەڕاکشانەوە بەسەر جێگاکەیدا بە فەرموودەی من دێتە قسە و دەڵێت: لەنێوان ئێمە و ئێوەدا کیتابەکەی خوا هەیە، جا ئەوەی تێیدا بینیمان حەڵاڵە ئەوا بە حەڵاڵی دەزانین و ئەوەش تێیدا بینیمان کە حەرامە ئەوا بە حەرامی دادەنێین، جا باش بزانن ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی کردووە وەکو ئەوە وایە خوا حەرامی کردبێت.

وه یان لەفەرمووده‌یه‌كی تردا ده‌فه‌رمویت: " **... فإذا نهيتكم عن شيء فاجتنبوه ، وإذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم " أخرجه البخاري و مسلم.** واته: ئه‌گه‌ر من نه‌هیم لێتان كرد له شتێك ئه‌وا لێی دووربكه‌ونه‌وه‌و ئه‌گه‌ریش فه‌رمانم پێتان كرد به ئه‌نجام دانی شتێك ئه‌وا لێی ئه‌نجام بده‌ن به‌گوێره‌ی تواناتان.

*** پرسیاری سی و حه‌وته‌م: ئایا شوێنه‌واری خۆتێگه‌یاندن چیه له قورئان و سوننه‌ت به‌بێ گه‌ڕانه‌وه بۆ تێگه‌یشتنی سه‌له‌فی صالح؟**

*** وه‌ڵام:** ناتوانرێ تێبگه‌ی له ده‌قه‌كانی قورئان و سوننه‌ت سه‌ربه‌خۆ به‌بێ سوودوه‌رگرتن له تێگه‌یشتنی سه‌له‌فی صالح و لافی ئه‌وه لێ بده‌یت كه پێویستیت به تێگه‌یشتنی ئه‌وان نیه بۆ ده‌قه‌كان، چونكه ئه‌وان زانستیان زیاتربووه و تێگه‌یشتنیشیان پاكتر و وردتر بووه، جا هه‌ركه‌سێك بانگه‌شه‌ی بێ پێویست بوون له تێگه‌یشتنی سه‌له‌فی صالح بكات ئه‌وا رێگه‌یه‌كی له رێگاكانی دووركه‌وتنه‌وه له‌حه‌ق وپێشێل كردنی مافی زانایانی گرتۆته به‌ر، به‌ڵام ئه‌مه‌ش نابێته رێگر له إجتهاد و ئه‌و ده‌رگایه داناخات بۆ كه‌سێك كه مه‌رجه‌كانی إجتهادی تێدا بێت.

*** پرسیاری سی و هەشتەم: ڕۆیشتن لەسەر مەنهەجی سەلەفی صالح دەبێتە هۆی دروست بوونی استقامە و بەردەوام بوون لەسەر دینداریتی، ئەمە ڕوون بکەرەوە ؟**

*** وەڵام:**

پێشینانی چاکی ئوممەت قورئان و سوننەتی صحیحی پێغەمبەری خوایان ﷺ کردبووە پێشەوای خۆیان هاوکات لەگەڵ کۆڕا ویەکدەنگی ئەو زانایانەی کە کۆدەنگیان بەهەند وەردەگیرێت و جێگەی متمانەن لە ئوممەتی محمد ﷺ ، جا ئەم سێ سەرچاوەیە بریتیە لە ژێدەرەکانی وەرگرتنی زانست و زانیاری شەرعی، بۆیە سەلەفی صالح و شوێنکەوتووانیان یەکەم جێ بەجێکاری ئەم بەردەوامیە بوونە کە بەشێوازی جیاواز فەرمان بەخەڵك کراوە بۆ پابەند بوون پێیەوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ ...(١١٢) ﴾ واتە: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ خۆت وئەوانەی لەگەڵ تۆدان و تەوبەیان کردووە دامەزراو و بەردەوام بن لەسەر ئاین بەو شێوەیەی کە پەروەردگارت فەرمانی پێکردوون و سنورە دیاریکراوەکانی خوای پەروەردگار مەبەزێنن. وە هەروەها بەشێوازی گەیاندنی هەواڵیش هاتووە وەکو : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا ...(٣٠) ﴾ واتە: ئەوانەی کە دەڵێن :

( **اللَّه** ) پەروەردگارمانە و هیچ هاوەڵێکی نیە ، و پاشان لەسەر شەریعەتەکەی بەردەوام و پێجێگیربوون.

**وە لە سوننەتیشدا هاتووە وەکو:**

جارێکیان پیاوێك بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت: ووتەیەکم پێ بڵێ لە ئیسلامدا بەشێوەیەك کە ئیتر لەدوای تۆ پرسیار لە کەسی تر نەکەم، ئەویش فەرمووی بڵێ : " **آمَنْتُ باللهِ ثمَّ استقِمْ** " واتە : باوەڕم بە خوا هێناوەو پاشان بەردەوام بە لەسەری " رواه مسلم.

وەکو چۆن سەلەفی صالح نیەتپاکترین خەڵك بوونە لە خواپەرستیاندا و تێگەیشتووترینیش بوون لە زانست و کردەوەپێکردنیدا.

*** پرسیاری سی و نـــۆیەم: دیـــن تێکچوون و خراپ بوونی بەهۆی نەخۆشیەکانی گومان و شەهوەتەوە ڕوودەدات، ئەوە ڕوون بکەرەوە؟**

***وەڵام:** مەبەست بە نەخۆشی گومان ئەوەیە کە تووشی دڵ دەبێت لە بیدعە و گومڕایی کە پەیوەندی بە بیروباوەڕ و حەڵاڵ و حەرامەوە هەبێت، بەهۆی ئەوەوە تێکچوونی دین ڕوودەدات کە ئەویش ڕوودەکاتە دڵ و بەهۆیەوە لادان لەحەق

ڕوودەدات بەهۆی گومانی بیدعە و گومڕاییەوە وەکو گومانەکانی هەریەك لە گروپ و تاقمە لادەرەکانی وەکو (جەهەمییە وقەدەریە وخەوارج) وە جاری واش هەیە نەخۆشی گومان دەبێتە هۆی تێکچوونی تەواوی دین وسەرلەبەری هەڵدەوەشێنێتەوە وەکو شیرکی گەورە وهاوشێوەکانی، وە جاری واش هەیە لە خوار ئەوەوەیە وبەگوێرەی ئەوەی دڵ پێی هەڵدەسێت لە لادان و دورکەوتنەوە لە ڕێگەی ڕاست بەڵام لەخوار شیرك و کوفری گەورەوە.

بەڵام سەبارەت بە نەخۆشی شەهوەت و ئارەزوو ئەوە جۆرە هەڵچوونێکە کە شاراوەیە لەناخ و دڵدا و بەتایبەت ئەو دەروونە خراپانەی کە فەرمان بە خراپە دەکەن لە حەزکردن لە حەرام و ئەنجامدانیشی وەکو خواردنی ریبا و مەی خواردنەوەو هاوشێوەکانی، وە جاری وا هەیە ڕۆچوون لەم جۆرە شەهواتانە دەبێتە هۆی ئەوەی خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام بباتە دەرەوەو بێباوەڕی بکات لەکاتێکدا ئەگەر شتێکی حەرام حەڵاڵ بکات و بەحەڵاڵی بزانێت، وە دەکرێتیش لە خوار ئەوەوە بێت وەکو تەواوی حەرامکراوەکانی تر کەلە خوار شیرك و کوفری گەورەوەن، کەلەم کاتەدا خاوەنەکەی لەئیسلام ناباتە دەرەوە بەڵام زۆر ترسناکە بۆی.

وە ئەم دین تێکچوونەش بەهۆی ئەم نەخۆشیانەوە هەمووی لادەچێت و نامێنێت بە تۆبە وگەڕانەوە بۆلای خواو پەشیمان بوونەوە، وەیەکێك لە گەورەترین ڕێگاکانی خۆپاراستن لەم نەخۆشی و دین تێکچوونەش بریتیە لە تێگەیشتن لە دین بەگرتنەبەری هۆکارەکانی، لەوانە: دانیشتن لەلای زانا میراتگرەکانی زانستی سەلەفی صالح و وەرگرتن لێیانەوە چاولێکردنیان.

*** پرسیاری چلەم: هەندێ لە نیشانەکانی ئەوانە باس بکە کە ڕاجیاواز و پێچەوانەکاری مەنهەجی سەلەفی صالـحـن؟**

*** وەڵام: لە دیارترینیان:**

١- نەزانی و نەفامی بە مەنهەجی سەلەفی صالح بەهۆی گرنگی نەدان بە وەرگرتنی زانستی شەرعی.

٢- وەرنەگرتنی ئامۆژگاری ئامۆژگاریکاران، وە هەڵخەڵەتان بەوەی کە لەسەرین لە باتڵ ونارەوا.

٣- بەسووك سەیرکردنیان بۆ گرنگیدان بەڕاست کردنەوەی بیروباوەڕ و بانگەوازی خەڵك بۆ لای.

٤- دەمارگیری توندیان بۆ گەورەکانیان و ئەهلی بیروباوەڕە نارەوا و بۆچوونە لادەرەکان لە سوننەتی حەق.

٥- شوێنکەوتنیان بۆ ئایەتە لێکچوەکان کە ماناکانیان ڕوون و ڕاشکاو نیە، وەکو خوای گەورە دەفەرمویێت:﴿... **فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ** ...(٧) ﴾ واتە: جا بۆیە ئەو کەسانەی کە دڵ نەخۆشن و لادان لە هەق لە

دڵیاندا هەیە ، لەبەر نیەت خراپی خۆیان تەنها شوێن ئەو ئایەتانە دەكەون كە ناڕوونن و چەند واتایەك هەڵدەگرن .

٦- بەبیدعە خواپەرستی دەكەن و بەرگریشی لێ دەكەن.

٧- دوژمنایەتی كردنی ئەهلی سوننە بە نهێنی و ئاشكرا.

٨- پەیڕەوكردنی ڕێباز و ڕەفتاری خەوارجەكان ، لەوانە : قسەكردن بەزانایان و تانەدان لێیان و لەكەداركردنیان ، كێبڕكێی كاربەدەستان و وەستان لە دژیان و گوێڕایەڵی نەكردنیان لە چاكەدا ، ودەرچوون (خروج) لەسەریان ، وە هاندانی خەڵكی ئاسایی لێیان ، وەگرنگیدانیان بە كاری سیاسی نەك لە ڕێگەی سیاسەتی شەرعییەوە .

# پرســیارە فیقهیەکان

## أسئلة في الفقه

**زانستی فیقه** ، زانستێکی پلەوپایە بەرز وشکۆدارە و خاوەن گرنگیەکی گەورەیە، چونکە هۆکار وناوەندێکە بۆ ئەنجامدانی خواپەرستی، بەگوێرەی شەرعی خوای پەروەردگار، و زانینی ئەحکامەکان، و ناسینی ئەوەی کە دروست و تەواوە و ئەوەشی کە نادروست و ناڕەوایە، وە هۆکارێکیشە بۆ زانینی حوکمەکانی مامەڵەکردن و ئەوەی دروست و ڕێگەپێدراوە و ئەوەشی نادروست و ناڕێکە، وە تێگەیشتن و فیقهی دینی هێماو نیشانەی ئەوەیە کە خوای گەورە خێر و چاکەی بۆ ئەو بەندەیە دەوێت کە پێی بەخشیوە.

**ئەمانەی خوارەوە چەند پرسیارێکن کە پەیوەندیان بە فیقهەوە هەیە:**

*** پرسیاری چل و یەکەم: گرنگی پاك و خاوێنی چیە لە ئیسلامدا؟**

*** وەڵام:** ئیسلام گرنگی داوە بە پاك و خاوێنی ناخ و دەروون، و بەجێهێنانی ئەوەش لەمیانەی پاڵفتەکردنی دڵەوە لە سیفەتە خراپ و زیانبەخشەکانی وەکو شیرك و کوفر وخۆبەگەورە زانین و بەخۆسەرسام بوون و دووڕوویی و پێش چاوی کردن

و هاوشێوەکانی، وە پڕکردنەوەی دڵ لەجێگەی ئەوانە بە سیفەتە جوان و باشەکانی وەکو یەکخواپەرستی وڕاستگۆیی و ئیخلاص و پشت بەخوا بەستن و هاوشێوەکانی.

هەروەکو چۆن گرنگی داوە بە پاك و خاوێنی ڕواڵەت و جەستەش، و بەجێهێنانی ئەوەش بە خۆپاکڕاگرتن لە (ڕوداوی بچوك - بێ نوێژی-) بەدەست نوێژ و (ڕووداوی گەورە) بە خۆشۆردن، وە تەیەمومیش شوێنی هەردووکیان دەگرێتەوە بەچەند مەرجێکی تایبەت، وە بە لابردنی پیسی بە جلوبەرگ ولاشە و پەڵەوە.

وە خوای گەورە وەصفی کەسانی پاك و خاوێنی کردووە و دەفەرموێت:﴿... إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ (٢٢٢) ﴾ واتە: بێگومان خوای پەروەردگار ئەو بەندانەی خۆش دەوێت کە زۆر داوای لێخۆشبون دەکەن و زۆر تەوبە دەکەن ، و بەندە خۆپاکڕاگرانی خۆش دەوێت کە خۆیان لە خراپە و پیسی بەدوور دەگرن .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ بابەتی پاك و خاوێنی بەگەورە داناوە وڕایگرتووە بە فەرموودەی: " **الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ...** "أخرجه مسلم. واتە: پاك و خاوێنی نیوەی ئیمانە و الحمد لله یش میزانی چاکەکان پڕدەکات...

**وَعَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَا تُقْبَلُ صَلَاةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ وَلَا صَدَقَةٌ مِنْ غُلُولٍ»** . رَوَاهُ مُسلم. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ

فەرموویەتی: نوێژ بەبێ پاك و خاوێنی و دەستنوێژ دروست نیەو وەرناگیرێت و صەدەقەش لە دزی پێش دابەش کردنی غەنیمە دروست نیە وەرناگیرێت.

*** پرسیاری چل و دووەم: باسی مەرجەکانی دەستنوێژ بکە؟**

*** وەڵام:** مەرجەکانی دەستنوێژ دە دانەن کە ئەمانەن:

ئیسلام بوون، ژیری، توانای جیاکردنەوەو ناسینەوەی شتەکان (التمییز)، نیەت، هاوڕێ لەگەڵ حوکمەکەی واتە نیەتی پچڕانی نەبێت هەتا تەواوی دەکات، پێویستێتی و داخوازی بۆ دەستنوێژ ، سەرئاوکردن لە پێشیەوە، پاکێتی و حەلاڵێتی ئاوەکە، و لابردنی هەر ڕێگریەك لەوەی ئاو بگات بە پێست، وە هاتنی کات بۆ کەسێك بێ دەستنوێژیەکەی هەمیشەیی بێت.

*** پرسیاری چل و سێ یەم: فەرزەکانی دەستنوێژ بژمێرە بەبەڵگەوە؟**

*** وەڵام: فەرزەکانی شەش دانەن:**

شوشتنی ڕوومەت (دەموچاو) لەگەڵ ئاودانە لووت و دەمدا، شۆردنی دەستەکان لەگەڵ ئانیشکدا، مەسحکردنی سەر و گوێیەکانیش بەشێکن لەسەر، شۆردنی پێیەکان هەتا قولەپێ، ڕیزبەندی ویەك لەدوای یەکی شۆردنی ئەندامەکان، نەپچڕان و بەردەوامی لەشۆردنی ئەندامەکاندا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ...(٦) ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بەخوای پەروەردگار و بەپەیامبەرەکەی هێناوە ئەگەر ویستان بۆ نوێژەکانتان هەستن ، و دەستنوێژتان نەبوو ئەوا : ڕوومەت و دەست و باسکەکانتان لەگەڵ ئانیشکەکاندا ( کە بریتیە لەو جومگەیەی کە باسك بە باڵەوە دەبەستێت ) بشۆن ، و دەست بهێنن بەسەرتاندا ، و پێکانتانیش لەگەڵ قولەپێکانتان ( کە بریتیە لەو دوو ئێسکە بەرزبووەی کە لە شوێنی یەکتر گرتنی پێیە بە لاقەکانەوە ) بشۆن .

وە لە سوننەتیشدا لەباسی چۆنێتی دەستنوێژگرتندا باسی دێت.

*** پرسیاری چل و چوارەم: چۆنێتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوون بکەرەوە؟**

* **وەڵام:** چۆنێتیەکەی ڕوون کراوەتەوە لە فەرموودەکەی حیمرانی بەندەی ئازادکراوی عوسمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه کەوا داوای دەفرێکی ئاوی کردووە وسێ جار کردوویەتی بەسەر دەستەکانیدا وشۆردوویەتی، پاشان دەستی ڕاستی کردووە بەناو ئاوەکەدا و ئاوی کردووە بەدەم و لووتیدا و پاشان سێ جار دەموچاوی شۆردووە وهەردوو دەستەکانیشی هەتا ئانیشك سێ جار پاشان مەسحی سەری

کردووە وپاشان سێ جار پێیەکانیشی شۆردووە هەتا قولەپێکانی، پاشان ووتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " **مَن توضأ نحو وُضُوئي هَذا، ثُمَّ صلَّى رَكْعَتَين، لا يُحَدِّثُ فِيهِما نَفْسَهُ ، غُفِرَ له ما تَقدَّم مِنْ ذَنْبِه** " واتە : ئەوەی وەکو ئەم دەستنوێژەی من دەستنوێژ بگرێت و پاشان دوو ڕکعات نوێژ بکات بەشێوەیەك کە قسە لەگەڵ ناخ ودەروونی خۆیدا نەکات تێیدا وبیری لای نوێژەکەی بێت ئەوا لەتاوانی لەمەو پێشی خۆش دەبێت " متفق علیە.

وە پێویستیشە لەسەر کەسی دەستنوێژگر کە نیەتی هەبێت وەکو چۆن دەبێت بسم الله بکات پێش دەستپێکردنی دەستنوێژەکە و بەڵام لەکاتی بیرچوونەوەو نەزانیندا تاوانی لەسەر نیە.

*** پرسیاری چل و پێنجەم: ئەو شتانەی دەستنوێژ دەشکێنن چین، ڕوونیان بکەرەوە؟**

*** وەڵام: ئەو شتانە شەش دانەن کە دەستنوێژ هەڵدەوەشێننەوە: ئەوانیش:**

١- ئەوەی لە هەردوو دەرچەکەوە دەردەچێت، وەکو میز وپیسی وبۆن و مەنی و مەزی و خوێن وهاوشێوەکانی.

٢- نەمانی عەقڵ وژیری بەهۆی خەوێکی قووڵی زۆر یان لەهۆش خۆچوون وبورانەوە یان سەرخۆش بوون.

٣- دەست دان لە عەورەت [١] ئیتر پێش بێت یان پاش بەبێ ئەوەی شتێك لەنێوان دەست وعەورەتەکەدا هەبێت واتە ڕاستەوخۆ دەستی لێ بدات ئیتر عەورەتی خۆی بێت یان هی کەسی تر، ئەمەش نێرو مێ دەگرێتەوە.

٤- هەموو ئەو حاڵەتانەی کە خۆشۆردن پێویست و واجب دەکات وەکو لەشگرانی و حەیز و نیفاس.

٥- خوارنی گۆشتی ووشتـــر.

٦- هەڵگەڕانەوە لە دینی ئیسلام.

**بەڵام** سەبارەت بە دەستلێدانی ئافرەت بە شەهوەتەوە ومردوو شۆردن ئەوا دەستنوێژشکان لەم حاڵەتانەدا ڕاجیاوازیەکی زۆری تێدایە.

لەو بەڵگانەش: **عَن جَابر بن سَمُرَة أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَتَوَضَّأُ مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ؟ قَالَ: «إِنْ شِئْتَ فَتَوَضَّأْ وَإِنْ شِئْتَ فَلَا تَتَوَضَّأْ» . قَالَ أَنَتَوَضَّأُ مِنْ لُحُومِ الْإِبِلِ؟ قَالَ: «نَعَمْ فَتَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الْإِبِلِ»**أخرجه مسلم.

واتە: لە جابری کوڕی سەمورەوە دەڵێت: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ و وتی: ئایا دەست نوێژ بگرینەوە لە دوای خواردنی گۆشتی مەڕو ماڵات؟

(١) هەندێ لە زانایان وتویانە : ئەگەر بە شەهوەتەوە بێت دەشکێت ئەمەش نزیکترە لە ڕاستی یەوە .

ئەویش فەرمووی: ئەگەر ویستت دەستنوێژ بگرەوە و ئەگەریش ویستت مەیگرەوە (دروستە)، پیاوەکەش ووتی: ئەی ئایا دەست نوێژ بگرینەوە لەدوای خواردنی گۆشتی ووشتر؟ ئەویش فەرمووی: بەڵـــێ لە گۆشتی ووشتر دەستنوێژ بگرەوە.

**وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ فِي بَطْنِهِ شَيْئًا فَأَشْكَلَ عَلَيْهِ أَخَرَجَ مِنْهُ شَيْءٌ أَمْ لَا فَلَا يَخْرُجَنَّ مِنَ الْمَسْجِدِ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا» . رَوَاهُ مُسلم** . واتە: ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێك کرد لە ناوسکیدا و گومانی بۆ دروست بوو کەوا شتی لێوە دەرچووە یان نا ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێت هەتا دەنگ دەبیستێت یان هەست بەبۆن دەکات.

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: « العينُ وِكَاءُ السَّهِ فمَن نامَ فلْيتوضأْ».** .رواه أبوداود وابن ماجه بسند صحيح. واتە: بەخەبەربوون هۆکاری دەستنوێژ نەشکانە جا ئەوەی خەوی لێ کەوت با دەستنوێژ بگرێتەوە.

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت: " **مَن مسَّ ذَكرَه فليتوضَّأْ**"[١] رواه أبوداود وابن ماجه بسند صحيح. واتە: ئەوەی دەستی لە عەورەتی دا با دەستنوێژ بگرێت

---

[١] ئەگەر موسڵمان بە بێ شەهوەت و زەوقەوە دەستی بەر زەکەری یان عەورەتی بکەوێت ئەوا دەستنوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە و دەستنوێژ ناگرێتەوە بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پرسیار کراوە لە

## * پرسیاری چل و شەشەم: باسی هۆکارەکانی واجب بوونی غوسل بکە و چۆنێتی و شێوازە شەرعیەکەشی ڕوون بکەرەوە بەبەڵگەوە؟

---

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم سەبارەت بە پیاوێك کە دەست دەدات لە زەکەری ئایا دەستنوێژی لە سەرە ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: ((لا، إنَّما هو بضعة منك)) [رواه الخمسة وصححه ابن حبان قاله الألباني في تمام المنة ص: (١٠٣)] .

واتە: نەخێر دەستنوێژی لە سەر نییە، چونکە زەکەر بەشێکە لە تۆ.

کەواتە ئەگەر بە بێ شەهوەت و ئارەزوو دەستی بەر زەکەری یان عەورەتی کەوت ئەوا دەستنوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە و دەستنوێژ ناگرێتەوە چونکە وەك ئەوە وایە کە دەست بدات بە لووتی یەوە یان دەست بدات بە گوێیەوە.

**شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت لەم بارەیەوە فەرموویەتی:** ئەو فەرموودەیەیی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەر بارەی (زەکەر) کەفەرموویەتی : (إنَّما هو بضعة منك) ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە بەر کەوتنی دەست بە(زەکەر) کاتێك دەس نویژ ناشکێنێت گەر بەئارەزووەوە نەبوو " چونکە لەم حاڵەتەدا دەگونجێ وەك هەر ئەندامێکی تری تەماشا بکرێت ، بەپێچەوانەی ئەوەی گەر بەئارەزووەوە بێـت لەم حاڵەتەدا ناتوانرێت بشوبهێنرێت بەئەندامەکانی تری جەستە " چونکە ئەندامەکانی تری لاشە عادەتەن بەئارەزووەوە دەستیان لێ نادرێت ، بێگومان ئەمەش مەعلوم وزانراوە ، هەر بۆیە ئەم فەرموودەیە نابێتە بەڵگە بۆ حەنەفییەکان ئەوانەی کەدەڵێن :

بەموتڵەقی دەست دان لە(زەکەر) دەس نویژ ناشکێنێت ، بەڵکو بەڵگەیە بۆ ئەو کەسانەی کەدەڵێن : دەست دان لە(زەکەر) بەبێ ئارەزوو دەس نویژ ناشکێنێت ، وبەم شێوازە جەمع دەکرێت لەنێوان ئەو دوو فەرموودەیەدا ، وە ئەوەندەی بێتە بیرم شیخ الإسلام ابن تیمیەش لە هەندێ لەکتابەکانیدا ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردووە ، والله أعلم . [تمام المنة ص: (١٠٣)] .

*** وەڵام: ئەو حاڵەتانەی کە خۆشۆردن ولەشگرانی دەرکردن پێویست دەکەن شەش دانەن:**

١- دەرچوونی مەنی بەشێوەی دەرپەڕاندن وبەلەزەت وئارەزووەوە لەپیاو یان لە ئافرەت ئیتر بە دەست بهێنرێتەوە یان بە جیماع یان خەوبینین بێت.

٢- چوونە ناوەوەی سەری زەکەری پیاو بۆناو دامێنی ئافرەت ئەگەرچی ئاویش نەیەتەوە،لەبەر فەرموودەی:" **إذا جلسَ بينَ شُعَبِها الأربعِ ومسَّ الختانُ الختانَ فقد وجبَ الغُسلُ** " رواه مسلم.

واتە: ئەگەر مێرد لەنێوان چوارپەلی خێزانی دانیشت و هەردوو ئالەتی خەتەنەکراو بەریەك کەوتن ئەوا غوسل واجب دەبێت.

٣- ئەگەر موسڵمانێ بمرێ جگە لەو کەسەی بەشەهیدی دەکوژرێ لەمەیدانی جەنگدا لەبەر فەرمودەی (**اغْسِلوهُ بماءٍ وسِدْرٍ**،)متفق عليه .

٤- ئەگەر بێباوەڕێك موسڵمان بوو لەبەر بەسەرهاتەکەی ثمامة بن أثال.

٥- حـەیـز.

٦- نیفاس.

**وە شێوازی ئەو غوسلەی کەلەسەرت دەکەوت بەم شێوەیەیە:** نیەتی ئەوەی هەبێت کە لەشگرانی دەردەکات و پاشان ئاو بەهەموو لاشەیدا بکات یەك جار لەگەڵ ئاودانە دەم و لووتدا.

**وە شێوازی غوسلی تەواوەتی:** ئەوەیە کە نیەتی دەرکردنی لەشگرانی هەبێت و پاشان سێ جار دەستی بشوات و پاشان عەورەتی و ئەو شوێنەشی کەبەری کەوتووە، پاشان دەستنوێژێکی تەواو بگرێت و پاشان دەستی تەڕبهێنێت بەسەریدا سێ جار و دەست بخاتە نێو قژیەوە و پاشان هەموو جەستەی یەك جار بشۆرێت و لەلای ڕاستدا دەست پێ بکات ودەستی پێدا بهێنێت و زیادەڕۆیی نەکات لەبەکارهێنانی ئاودا.

**بەڵگەش** لەسەر ئەوە ئەم فەرموودەیەیە: **عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: حَدَّثَتْنِي خَالَتِي مَيْمُونَةُ قَالَتْ:أَدْنَيْتُ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غُسْلَهُ مِنَ الْجَنَابَةِ قَالَتْ: فَغَسَلَ كَفَّيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا ثُمَّ أَدْخَلَ كَفَّهُ الْيُمْنَى فِي الْإِنَاءِ فَأَفْرَغَ بِهَا عَلَى فَرْجِهِ فَغَسَلَهُ بِشِمَالِهِ ثُمَّ ضَرَبَ بِشِمَالِهِ الْأَرْضَ فَدَلَكَهَا دَلْكًا شَدِيدًا ثُمَّ تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ ثُمَّ أَفْرَغَ عَلَى رَأْسِهِ ثَلَاثَ حَفَنَاتٍ مِلْءَ كَفَّيْهِ ثُمَّ تَنَحَّى غَيْرَ مَقَامِهِ ذَلِكَ فَغَسَلَ رِجْلَيْهِ ثُمَّ أَتَيْتُهُ بِالْمِنْدِيلِ فَرَدَّهُ. متفق عليه.**

واتە: ابن عباس دەڵێت: پورم کەناوی مەیمونەیە بۆی گێڕامەوەو وتی: لەکاتی لەشگرانی دەرکردنی پێغەمبەری خوادا ﷺ لێی نزیك بوومەوە و (بینیم) هەردوو دەستی دووجار یان سێ جار شۆرد پاشان دەستی ڕاستی کرد بەناو ئاوەکەدا و کردی بەسەر عەورەتیدا و بەدەستی چەپیشی شۆردی و پاشان دەستی چەپی دابەزەویدا و پێیدا هێنا بەتوندی و پاشان دەستنوێژی گرت وەکو دەستنوێژگرتنی بۆ نوێژ وپاشان سێ مشت ئاوی کرد بەسەر سەریدا و پاشان تۆزێك چووە ئەولاوە لەشوێنەکەی خۆیدا و ئینجا پێکانی شۆرد و منیش دەستەسڕم بۆ برد ئەویش ڕەدی کردەوە.

*** پرسیاری چل و حەوتەم: تەیەموم کەی دروستە بکرێت و شێوازەکەی چۆنە، وە چی شتێکیش بەتاڵی دەکاتەوە؟**

* وەڵام: دروستە بۆ هەرکەسێك کە دەستنوێژی شکابێت بەمەرجێك عوزری هەبێت بۆ بەکارهێنانی، ئیتر لەبەر ئەوەی ئاو نەبێت و دەست نەکەوێت یان ئەگەر بەکاری بهێنێت زیانی پێ دەگات یان نەتوانێت بەکاری بهێنێت یان نەتوانێت بیکڕێت، ئەوەش لەتایبەتمەندیەکانی ئوممەتی موحەممەدە ﷺ .

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ حَرَجٍ وَلَكِنْ يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ

**وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (٦)** ﴾ واتە: ئاوتان دەست نەکەوت ئەوا هەردوو دەستان بە ڕووی زەویدا بدەن ، و پاشان بیهێنن بەڕوومەت و بە دەستەکانتاندا . خوای پەروەردگار نایەوێت لە پرس و باسی پاکژیدا تەسکی و بارقورسیتان لەسەر بکات ، بەڵکو تەیەمومی بۆ حەڵاڵکردوون بۆ ئەوەی کارتان بۆ فراوان و ئاسان بکات ، و وەکو ڕەحم وبەزەییەکیش بێت بۆتان ، کە کردوویەتی بە جێگرەوەی ئاو بۆتان لە پاکژیدا ، بۆیە ڕوخسەتی تەیەموم لەتەواوێتی نیعمەتەکانی خوایە کە شوکر و سوپاسی خوای پەروەردگار پێویست دەکات ، بە جێبەجێکردنی فەرمان پێکراوەکانی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی .

وەلەفەرموودەشدا هاتووە کە دەفەرموێت: " **وَ جُعِلَتْ لَنا تُرْبَتُها طَهُوراً** " رواه **مسلم**. واتە: زەویمان بۆ پاك وخاوێن ڕاگیراوە.

وە **شێواز و چۆنێتیەکەشی بەم شێوەیە:** نیەتی هەبێت، پاشان هەردووناولەپی دەستی یەك جار لە زەوی دەدات، پاشان دەیهێنێت بەدەم وچاوی و دەستیدا، بەشێوەیەك کە پشتی دەستی ڕاستی بە لەپی دەستی چەپی مەسح دەکات و پاشان پشتی دەستی چەپی بەلەپی دەستی ڕاستی مەسح دەکات.

**ئەمانەی خوارەوەش بەتاڵی دەکەنەوە:**

١ - بوونی ئــاو.

٢- نەمانی عوزرەکە ئیتر نەخۆشی بێت یان پێویستی یان هەرشتێکی تر.

٣- هەڵوەشێنەرەوەکانی پێشووی دەستنوێژ کەباس کران.

**بەڵام** بەتاڵ بوونەوەی بە نەمانی کات و دەرچوونی کاتەکەی ئەوا زانایان ڕاجیاوازن لەسەری و باشتر وایە کەبۆ هەر فەرزێك تەیەمومێك بکات.

*** پرسیاری چل و هەشتەم: شێوازی مەسح لەسەر خوف چۆنە و ماوەکەی چەندە ومەرجەکانی چین و چی شتێکیش بەتاڵی دەکاتەوە؟**

*** وەڵام:** شێوازەکەی بەم شێوەیەیە: موسڵمان دەستی دەکات بە ئاودا و پاشان پەنجەکانی دەستی ڕاستی یەك جار دەهێنێت بەسەر بەشی سەرەوەی ئەو خوفەی کەلەپێی ڕاستیدایە هەتا لاقی بەبێ بەشی ژێرەوە وئەملاولای وە دەستی چەپیشی بۆ پێی چەپی بەهەمان شێـــوە.

**ماوەکەی:** ڕۆژ و شەوێك بۆ کەسێك کەلە جێگە و شوێنی خۆیەتی، وە سێ ڕۆژ بەشەوەکانیەوە بۆ کەسی ڕێبـــوار، بۆ پیاو و ئافرەت، وە ماوەی مەسحەکەش لەیەکەم مەسحەوە دەست پێدەکات دوای دەستنوێژ شکان.

**مەرجەکانی:** ئەو خوفەی کە لەپێی دەکات دەبێت حەڵاڵ و پاك بێت و بەدەست نوێژەوە لەپێی کردبێت، وە مەسحەکەش لە دەستنوێژشکانی بچووکەوە دەبێت (نەوەك لەشگرانی) وە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە.

**بەتاڵ کەرەوەکانی:** داکەندنی ئەوەی لەپێدایە، خۆشۆردن بۆ پاکبوونەوە لەلەشگرانی، تەواوبوونی کات و ماوەی مەسحەکە.

وە مەسح لەسەر ئەو پەڕۆیەی کە ئێسکی شکاوی پێ دەبەستنەوە یان لەفاف دروستە هەتا کاتی چاك بوونەوەی ئەگەر ماوەیەکی زۆریشی برد.

*** پرسیاری چل و نۆیەم: مانای نـــوێـژ چیە، و گرنگی چیە لە شەریعەتی ئیسلامدا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی حوکم و فەزڵەکەیدا؟**

* **وەڵام:** جۆرە خواپەرستیەکی خاوەن چەند ووتە وکردارێکی تایبەتە کە بە الله أکبـر دەست پێ دەکات و بەسەلام دانەوە کۆتایی دێـــت.

**حوکمی:** پایەیەکە لە پێنج پایەکەی ئیسلام، وە چاکترین کردەوەیە لەپاش شایەتومان، کە پێك دێت لە پێنج نوێژ لەشەو ورۆژێکدا کە واجبە لەسەر موسڵمانی پیاو وئافرەت جگە لە حەیزدار و نیفاس هەتا پاك دەبنەوە.

وە ئەوەی نکۆڵی واجب بوونی بکات ئەوە بێباوەڕە و داوای تۆبەی لێ دەکرێت، ئەگەر تۆبەی کرد ئەگەرنا ئەوا حەڵاڵە پێشەوای موسڵمانان بیکوژێت وەکو هەڵگەڕاوەیەك، وەئەوەشی لەبەر تەمبەڵی و کەمتەرخەمی نەیکات و وازی لێ بهێنێت ئایا بێباوەڕ دەبێت یان نا؟ ئەوا ڕاجیاوازیەکی بەناوبانگی لەسەرە لەنێوان زانایاندا، وە ئەگەریش نەزانێت ئەوا فێردەکرێت.

وە لەڕاستیدا چەندین فەزڵ وچاکە هەیە لە ئەنجامدانی نوێژەکاندا، چونکە نوێژ پەیوەندی نێوان بەندە و پەروەردگارێتی، جیاکەرەوەی نێوان و موسڵمانێتی و کافربوونە، لابەرو پاککەرەوەی تاوانەکانە، وە لەڕۆژی دواییشدا سەیری نوێژی کەسەکە دەکرێت، ئەگەر لێی وەرگیرا ئەوا تەواوی کردەوەکانی تریشی لێ وەردەگیرێت وە ئەگەریش ڕەدکرایەوە ئەوا لەگەڵیدا تەواوی کردەوەکانی ڕەد دەکرێنەوەو وەرناگیرێن.

**❊ پرسیاری پەنجا: باسی مەرجەکانی دروست بوونی نوێژ بکە بەبەڵگەوە؟**

**❊ وەڵام: مەرجەکانی دروست بوونی نوێژ بریتین لە :**

١- **ئیسلام بوون:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَنْ يَعْمُرُوا مَسَاجِدَ اللَّهِ شَاهِدِينَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ بِالْكُفْرِ أُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ وَفِي النَّارِ هُمْ خَالِدُونَ (١٧)** ﴾ واتە: ئاوەدان کردنەوە وبیناکردنیماڵەکانی خوای پەروەردگار

کاروپیشەی هاوەڵبڕیاردەران نیە ، لەکاتێکدا کە ئەوان بێباوەڕێتی خۆیان بەخوای پەروەردگار ڕادەگەیانن وهاوبەشی بۆ دادەنێن . ئا ئەو هاوەڵبڕیاردەرانە لەڕۆژی دواییدا هەموو کردەوەکانیان پوچەڵ دەبێتەوە ، و سەرئەنجامیشیان مانەوەی هەتاهەتاییە لە ئاگردا .

٢- **عەقڵ و ژیری:** لەبەر فەرموودەی: " **رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ: النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، والمجنون حتــى يفيق، والصغير حتى يبلغ" رواه أحمد.**

واتە: قەڵەمی نووسینی تاوانەکان هەڵگیراوە لەسەر سێ کەس: خەتوو هەتا بەخەبەر دێتەوە، شێت هەتا دێتەوە هۆش و ژیری، وە منداڵ هەتا باڵغ دەبێت.

٣- **توانای جیاکردنەوەی شتەکانی هەبێت (التَّمييز):** لەبەر فەرموودەی: " **مروا أبناءكم بالصلاة لِسبعٍ وأضربوهم عليها لعشر وفرقوا بينهم فى المضاجع ". أخرجه أبوداود.** واتە: فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بەکردنی نوێژ کاتێك لەتەمەنی حەوت ساڵاندان و لە دەساڵیدا لێیان بدەن و جێگەی خەوتنیان جیابکەنەوە.

٤- **پاکبونەوە لە لەشگرانی گەورە بە خۆشۆردن و لە لەشگرانی بچووکیش بە دەستنوێژ،** لەبەر فەرموودەی: " **لا يقبل الله صلاة بغير طهور"** أخرجه مسلم.

واتە: خوای گەورە نوێژ وەرناگرێت بەبێ دەستنوێژ.

٥- **کاتی نوێژەکە هاتبێت:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا** (١٠٣) ﴾ واتە: کەمتەرخەمی لە نوێژەکان مەکەن چونکە نوێژەکان لەچەند کاتێکی دیاری کراو پێویست کراوون لە شەرعدا .

٦- **داپۆشینی عەورەت:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ** ...(٣١) ﴾ واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم لەکاتی ئەنجامدانی نوێژەکانتاندا لە حاڵەتێکی ڕازاوەیی شەرعیدا بن لەو پۆشاکەی کە عەورەتی پێدادەپۆشن و یان لەپاکیدا و جگە لەوانەشدا. وە عەورەتی پیاویش لە ناوکەوە هەتا سەرئەژنۆیە، وە ئافرەتیش هەموو جەستەی عەورەتە جگە لەدەم و چاوی.

٧- **ڕووکردنە قیبلە:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ** ...(١٤٤) ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر ڕووبکە لە ( المسجد الحرام ) کە لە ( مەککە )یە ، سا ڕووت لەوێ بکە.

٨- **نیەت:** پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " **إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لكل امْرِئٍ مَا نَوَى** " متفق علیه. واتە: کاروکردەوەکان هەر بەپێی نیەتن و هەر کەس بەپێی نیەتی خۆی.

٩- **لابردنی پیسی لەسەر جەستەی نوێژخوێن یان جلوبەرگەکەی یان ئەو شوێنەی کە نوێژی تێدا دەکات**، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " **يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الْجَارِيَةِ وَيُرَشُّ من بَوْلِ الْغُلَامِ** " رواه أبوداود والنسائي وابن ماجه.

واتە: میزی کچی منداڵ دەشۆررێت و هی کوڕ ئاوی لێ دەپرژێنی. هەروەها فەرموودەکەی ئەبوهورەیرە رضي الله عنه سەبارەت بەو دەشتەکیەی کە میزی لەناو مزگەوتدا کرد، و هاتووە: " **دَعوهُ، وأرِيقوا على بَوْلِهِ سَجْلاً مِنْ ماءٍ** " رواه الجماعة إلا مسلماً. واتە:وازی لێ بهێنن و میزەکەی پێ مەبڕن، وە سەتڵێك ئاوی پڕ بەمیزەکەیدا بکەن.

*** پرسیاری پەنـجـاو یەك: هەندێ لە ئادابەکانی ڕۆیشتن بۆ نوێژ لە مزگەوت باس بکە بەبەڵگەوە؟**

* وەڵام:

١- **دەرچوون بۆ مزگەوت دوای بانگ بەدەستنوێژ و سەنگ وسەلاریەوە ڕۆیشتن بەڕێدا**، لەبەر ئەم فەرموودەیە کە بوخاری و موسلمیش گێڕاویانەتەوە: **عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِذَا سَمِعْتُمُ الْإِقَامَةَ فَامْشُوا وَعَلَيْكُمُ السَّكِينَةُ فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا»** واتە: لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر قامەتی نوێژتان

بیست ئەوا بڕۆن بە دامەزراوی وسەنگیەوە وپەلەمەکەن ئەوەی پێی گەیشتن لەنوێژەکە بیکەن و ئەوەش لەدەستتان دەرچوو دوایی تەواوی بکەن.

**٢- ڕێك ڕۆیشتن بەڕێدا و هەنگاوەکان نزیك بن لەیەکترەوە:** لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێشەوا موسلیم گێڕاویەتیەوە: **عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ** (ﷺ): **أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللَّهُ بِهِ الْخَطَايَا وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ)). قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ، وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ، وَانْتِظَارُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصَّلَاةِ فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ)).**

واتە: (أبو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئایا شتێکتان پیشان نەدەم کە خوا بەوشتە گوناهەکانتان بسڕێتەوەو پلەتان بەرزبکاتەوە)) وتیان: بەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، فەرمووی: ((بەتەواوی دەستنوێژ گرتن بالەکاتی نارەحەتیشا بێت ﴿واتە لەکاتی سەرماو نەخۆشی و شتی تر ﴾، ئینجا هەنگاونانی زۆر بۆ مزگەوت پاشان چاوەڕێکردنی نوێژ لەدوای نوێژ . ئا ئەوەیە لەسەنگەردابوونو پابەند بوون بە فەرمانەکانی خوای گەورەوە)).

**٣- پێشخستنی پێی ڕاست لەکاتی چوونە ژورەوە و پێی چەپیش لەکاتی هاتنە دەرەوەدا** ،و وە ووتنی ئەو دوعایەشی کە هاتووە لەو بارەیەوە کە دەڵێت: " **بسم الله، والصلاة والسلام على رسول الله، أعوذ بالله العظيم وبوجهه الكريم**

**وسلطانه القديم من الشيطان الرجيم، اللهم افتح لي ابواب رحمتك "** وە لەکاتی هاتنە دەرەوەشدا ئەوە دەڵێت وپاشان دەڵێت: **" اللهم إني أسألك من فضلك ".**

٤- **ئەنجامدانی دوو رکعات تحية المسجد** :لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە:" **إذا دخلَ أحدُكمُ المسجدَ فلا يَـجلِس حتَّى يصلِّيَ رَكعتينِ**". واتە: ئەگەر یەکێکتان رۆیشتەناو مزگەوتەوە با دانەنیشێت هەتا دوو رکعات نوێژ دەکات.

٥- **سەرقاڵ بوون بە قورئان خوێندن و زیکر و دوعاوە و خۆی سەرقاڵ نەکات بە ئیش و کاری دونیاوە** لەبەر فەرموودەی: " **وَلَا يَزَالُ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاةٍ مَا انْتَظَرَ الصَّلَاةَ** ". رواه البخاري و مسلم. واتە: بەردەوام یەکێکتان لەناو نوێژدایە مادام چاوەڕێی نوێژ دەکات.

*** پرسیاری پەنجا و دوو: باسی پایە وکۆڵەکەکانی نوێژ (أركان الصلاة) بکە بەبەڵگەوە؟**

* وەڵام: پایە یاخود روکن لە نوێژدا ئەو بەشەی نوێژە کە بە نەزانین و سەهو ئەنقەسیتش لەسەر ناکەوێت و بەڵکو ئەو رکعاتە بەتاڵ دەبێتەوە کە روکنەکەی تێدا نەکراوە.

**وە روکنەکانی نوێژیش چواردە روکنن، کە ئەمانەن:**

١- **بەپێوە وەستان لە فەرزەکاندا ئەگەر توانرا:** لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت:﴿... **وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ (٢٣٨)** ﴾ واتە: وە لە نوێژەکانتان بوەستن بەگوێڕایەڵی بۆ خوای پەروەردگار و ملکەچ و زەلیلیش بن بۆی .

وە هەروەها لەبەر ئەوەی یەکدەنگی زانایانی لەسەرە.

٢- **تەکبیرەی ئیحرام واتە یەکەم الله أكبر کە دەست بە نوێژ دەکەیت:** لەبەر فەرموودەی: " **تحريمها التكبير و تحليلها التسليم** " **رواه أحمد وأبوداود والترمذي وابن ماجة**. واتە: نوێژ بە تەکبیرەی ئیحرام حەرام دەبێت قسە و جوڵەیەك کە پەیوەندی پێیەوە نەبێت و بە سەلام دانەوەش ئەو شتانە حەڵاڵ دەبن.

٣- **خوێندنی سورەتی فاتیحە لە هەموو رکعاتێکدا:** لەبەر فەرموودەی: " **لا صلاة لمن لم يقرأ بفاتحة الكتاب** " **رواه البخاري و مسلم**. واتە: نوێژی کەسێك دروست نیە ئەگەر سورەتی فاتیحە نەخوێنێت.

٤- **رکوع:** خوای گەورە دەفەرموێت: [ **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا** ...(٧٧ . ٧٨) ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بەخوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ هێناوە کرنوش وسوجدە بەرن لە نوێژەکانتاندا.

٥- **هەستانەوە لە ڕکوع:** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو کەسەی کە نوێژەکەی بەهەڵەکرد فەرمووی: " **ثـمَّ ارْفَـع** " رواه **أبوداود والنسائي**. واتە: پاشان لە ڕکوع هەستەوە.

٦- **ڕێك وەستان لەو هەستانەوەیەدا:** لەبەر ئەوەی لە باسی چۆنێتی نوێژی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە لە فەرموودەکەی أبی حمیدەوە کە دەڵێت: " کاتێك کە پێغەمبەری خوا سەری بەرز دەکردەوە لە ڕکوع بە ڕێکی دەوەستا هەتا هەموو ئێسکەکانی پشت دەچوونە شوێنی خۆیان " متفق علیه.

٧- **سوجدە بردن لەسەر حەوت ئەندام:** لەبەر فەرموودەی: " **أُمرتُ أن أسجد علی سبعة أعظم** " **متفق علیة**. واتە: فەرمانم پێکراوە کەلەسەر حەوت ئەندام سوجدە ببەم. ئەو حەوت ئەندامەش ئەمانەن: نێوچەوان(تەوێڵ) ولووت و دوولەپی دەست و هەردوو ئەژنۆ و سەرەپەنجەکانی پێ.

٨- **هەستانەوە لە سوجدە:** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو کەسەی کە نوێژەکەی بەهەڵەکرد فەرمووی: " **ثـمَّ ارفع حتی تطمئنَّ جالساً** ". واتە: پاشان لە سوجدە هەستەوە حەتا  هەست بەدڵنیایی دەکەیت لە دانیشتنەکەتدا.

٩- **دانیشتن لەنێوان هەردوو سوجدەکەدا:** لەبەر فەرموودەکەی عائیشە رضي الله عنها کە دەڵێت: " **کان رسول الله ﷺ إذا رفع رأسه من السجدة لم یسجد**

**حتى يستوي قاعداً** " متفق عليه. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەری لەسوجدە بەرز دەکردەوە سوجدەکەی تری نەدەبرد هەتا بەرێکی و دامەزراوی دانەنیشتایە بەتەواوی.

١٠- **دڵنیایی و ئارام بوونەوە لە هەموو روکنەکاندا:** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو کەسەی کە نوێژەکەی بەهەڵەکرد فەرمووی: " **ارجع فصلِّ فإنك لم تصلَّ** " واتە: بگەڕێوە نوێژ بکە چونکە تۆ نوێژت نەکرد.

١١- **تەحیاتی کۆتایی:** لەبەر فەرموودەی: " **لا تقولوا السلام على الله ولكن قولوا التحيّاتُ لِله ...**" **رواه البخاري ومسلم.**

١٢- **دانیشتن بۆ تەحیاتەکە:** لەبەر فەرموودەی: " **فإذا قعد أحدكم في الصلاة فليقل التحيات لله ...**"**رواه البخاري ومسلم**.واتە: ئەگەر یەکێك لەئێوە دانیشت لەنوێژەکەیدا بۆ تەحیات ئەوا با بڵێت...

١٣- **صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ** : لەبەر فەرموودەی: " **ليصلِّ على النبي ﷺ ثم يدعو بما شاء" رواه أحمد وابو داود**. واتە: با صەلاوات لەسەر پێغەمبەر بدات ﷺ و پاشان داوای هەرچی دەکات با بیکات لەدوعادا.

١٤- **هەردوو سەلامدانەوەکە:** لەبەر فەرمووودەی: **"و تحليلها التسليم "** رواه **أحمد.**

وە ئەم روکنانە پێنج دانەیان زارەکین واتە بەزمان دەوترێن و ئەوانەی تریانیش کردارەکین.

*** پرسیاری پەنجاو سێ: باسی واجباتەکانی نوێژ بکە بەبەڵگەوە؟**

* **وەڵام:** واجب لە نوێژدا ئەوەیە کە بە سەهوکردن لەسەرت دەکەوێت و پێویست بە دوو سوجدەی سەهو دەبێت، وە نەکردنی بەئەنقەست لەسەرت ناکەوێت.

**وە واجباتەکانی نوێژیش هەشت دانەن: کە ئەمانەن:**

١- **هەموو تەکبیرەکان جگە لە تەکبیرەی ئیحرام:** لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بەو کەسە کرد کە نوێژەکەی بەهەڵەکرد بەوەی کە اللّٰه أکبر بڵێت: وەکو دەفەرمویت: **" إنّها لا تَتِمُّ صلاةُ أحدِكم حتى يُسبغَ الوضوءَ كما أمرَه الله..... ثم يكبِّرُ اللهَ، ويَحمَدُهُ، وُيمَجِّده.... ثم يكبِّر ويركع... ثم يقول: سمع الله لمن حمدَه، حتى يستوي قائماً، ثم يقول الله أكبر، ثم يسجد حتى تطمئن مفاصله، ثم يقول الله أكبر ويرفع رأسه حتى يستوي قاعداً... ثم تقول الله أكبر، ثم تسجد حتى تطمئن مفاصلك، ﴿ ثمّ افعل ذلك في صلاتك كلها﴾ "** رواه

أبوداود والحاكم وصححه ووافقه الذهبي.(انظر: صفة صلاة النبي ﷺ من التكبير الى التسليم كأنك تراها للشيخ محمد ناصرالدين الألباني).

واتە: نوێژی کەستان تەواو نیە هەتا بەو شێوەیە دەستنوێژ نەگرێت کە خوا فەرمانی پێ کردووە... پاشان الله أكبر بکات و سوپاسی خوا بکات و بەگەورەی ڕابگرێت و ... پاشان الله أكبر بکات و رکوع ببات... پاشان بڵێت: سمع الله لمن حمده، هەتا ڕاست دەبێتەوە و ڕێك ڕادەوەستێت، پاشان دەڵێت: الله أكبر و پاشان سوجدە دەبات بەشێوەیەك کە هەموو جومگەکانی دەچنە شوێنی خۆیان و پاشان دەڵێت: الله أكبر و سەری بەرز دەکاتەوە هەتا بەباشی دادەنیشێت.... پاشان دەڵێت: الله أكبر و سوجدە دەبات هەتا جومگەکانی دەچنە شوێنی خۆیان (پاشان ئەمە لە هەموو نوێژێکتدا ئەنجامی بدە).

٢- **بەگەورە ڕاگرتنی خوای گەورە لە رکوعدا ئەوەش بە ووتنی: سبحان ربّـيَ العظيم**: ئەوەش لەبەر ئەوەی لە عوقبەی کوڕی عامرەوە رضي الله عنه هاتووە کە دەڵێت: کاتێك ئایەتی ﴿**فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ**﴾ دابەزی، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتین: " ئەوە بخەنە رکوعەکانتانەوە "، وە کاتێك ئایەتی ﴿**سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى**﴾ دابەزی، فەرمووی: " ئەوە بخەنە سوجدەکانتانەوە " **رواه أحمد وأبوداود وابن ماجه.**

٣- **ووتنی : " سمع الله لـمـن حـمـده " بۆ پێشنوێژ و ئەوەشی بەتاك نوێژ دەكات.**

٤- **وە ووتنی: " ربنا ولك الحمد " بۆ هەموو نوێژخوێنێك** لەبەر فەرموودەکەی ئەبوهورەیرە رضي الله عنه کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: **"إذا قال الإمام: سمع الله لمن حمده فقولوا: اللهم ربنا ولك الحمد"**رواه البخاري ومسلم.

٥- **ووتنی: " سبحان ربـيَ الأعلى " له سوجدەدا**، لەبەر فەرموودەکەی عوقبەی کوڕی عامر کە پێشتر باسی کرا.

٦- **ووتنی: " رب اغفرلي " له نێوان هەردوو سوجدەدا**، لەبەر فەرموودەی حوزەیفە رضي الله عنه کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێوان هەردوو سوجدەکەدا دەیووت: " **رب اغفرلي** " رواه النسائي وابن ماجه.

وەلە ابن عباسیشەوە رضي الله عنه هاتووە کە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێوان هەردوو سوجدەکەدا دەیووت: " **رب اغفرلي وارحمني وعافني واهدني وارزقني** " رواه أبوداود.

٧- **دانیشتن بۆ تەحیاتی یەکەم**، لەبەر فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کە کردی بۆ ئەو کەسەی نوێژەکەی بەهەڵەکرد و فەرمووی: " **فإذا جلست في وسط الصلاة فاطمئن و افترش فخذك اليسرى ثم تشهد** " رواه أبوداود والبيهقي بسندٍ جيِّد. واته:

ئەگەر لەناوەڕاستی نوێژدا دانیشتیت ئەوا تەواوبەجوانی دابنیشە وڕانی چەپت بخەرە ژێرتەوەو پاشان تەحیات بخوێنە.

٨- **خوێندنی تەحیاتی یەکەم:** لەبەر فەرموودەی: " **كان يقرأ في كل ركعتين التحية** " رواه مسلم. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو دوو رکعاتێکدا تەحیاتی دەخوێند.

*** پرسیاری پەنجاو چوار: حوکمی نوێژی جەماعەت چیە ، بەبەڵگەوە؟**

*** وەڵام:** خوای گەورە لەقورئاندا زۆر باسی گەورەیی پلە وپایە و بەرزی پێگەی نوێژی کردووە، وەفەرمانی کردووە بەپاراستنی نوێژەکان و ئەنجامدانی بە جەماعەت، وە هەواڵی ئەوەشی داوە کە کەمتەرخەمی و تەمبەڵی نواندن بەرانبەر بە نوێژەکان لەنیشانەی دوڕووەکانە، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمانی بەهەمان شت کردووە بەوەی کە نوێژ لەمزگەوتەکاندا بە کۆمەڵ ئەنجام بدەن، خوای گەورە دەفەرموێـــت: ﴿ **حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلاةِ الْوُسْطَى وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ (٢٣٨)** ﴾ واتە: ئەی موسڵمانان پارێزگاری بکەن لە پێنج نوێژە فەرزەکە بە بەردەوام بوون لە جێبەجێ کردنیان لەکاتەکانی خۆیاندا بەمەرج و ڕوکن و واجبەکانیانەوە ، وە پارێزگاری بکەن لەسەر نوێژی ناوەندی نێو نوێژەکان

کەنوێژی عەسرە ، وە لە نوێژەکانتان بوەستن بەگوێڕایەڵی بۆ خوای پەروەردگار و ملکەچ و زەلیلیش بن بۆی .

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ (٤٣) ﴾ واتە: نوێژەکان بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام بدەن ، و بەو شێوەیەی کە پەیامبەری خوا موحومەد ﷺ هێناویەتی ، و زەکاتی فەرزکراویش دەربکەن بەو شێوەیەی کە لەشەرعدا هاتووە ، وە لەگەڵ کوڕنوشبەرانی ئومەتی موحەممەددا بن ﷺ .

خوای گەورە واجبی کردووە کە نوێژ بە جەماعەت ئەنجام بدرێت تەنانەت لەکاتی شەڕ و ڕووبەڕوبونەوەشدا، چ جای لەحاڵەتی سەلامەتی و ئاشتیدا! خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا كُنْتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلاةَ فَلْتَقُمْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا فَلْيَكُونُوا مِنْ وَرَائِكُمْ وَلْتَأْتِ طَائِفَةٌ أُخْرَى لَمْ يُصَلُّوا فَلْيُصَلُّوا مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ ...(١٠٢) ﴾ واتە: وە ئەگەر لەگۆڕەپانی جەنگ بویت ـ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ـ و ویستت پێش نوێژیان پێبکەی ، با کۆمەڵێکیان لەگەڵتا هەستن بۆ نوێژکردن ، و با چەکەکانیان بە دەستیانەوە بێت ، جا کاتێك ئەمانە چوونە سوژدەوە با ئەو کۆمەڵەیەی لە پاشتانەوەن ڕوبەڕوی دوژمن بوەستنەوە ، وکۆمەڵەی یەکەم ڕکاتی دووەمیان تەواو دەکەن و سەلام ئەدەنەوە ، پاشان کۆمەڵەکەی تر ـ کە نوێژیان دەست پێنەکردوە ـ

دێن ، و ئیقتیدا بە نوێژەکەی تۆوە بکەن لەڕکاتی یەکەمیان ، پاشان خۆیان ڕکاتی دووەم بۆ خۆیان تەواو بکەن ، و با وریای دوژمنەکانیان بن و چەکەکانیان بە دەستیانەوە بێت.

وە لە صەحیحەیندا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە ﵁ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " **إِنَّ أَثْقَلَ صَلَاةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلَاةُ الْعِشَاءِ وَصَلَاةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا، وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فَتُقَامَ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ، ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ -مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ- إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ ". متفق عليه.**

واتە: قورسترین نوێژ لەسەر مونافیق نوێژی خەوتنانو بەیانیە، ئەگەر بیانزانیایە چ پاداشتێکیان تێدایە ئەگەر بەگاگۆڵکێش بوایە دەهاتن، نیازم وابوو فەرمان بکەم کە قامەت بکەن بۆ نوێژو فەرمان بکەم بەپیاوێك نوێژەکەیان بۆ بکات، ئینجا خۆم لەگەڵ چەند پیاوێکدا دەرچم ـ چەند باوەشێ داریان پێ بێت ـ بۆ سەرئەوانەی نایەن بۆ نوێژ ، خانوەکانیان بەسەردا بسووتێنم.

**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (﵁) قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) رَجُلٌ أَعْمَى فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ لَيْسَ لِي قَائِدٌ يَقُودُنِي إِلَى الْمَسْجِدِ، فَسَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يُرَخِّصَ**

لَهُ فَيُصَلِّيَ فِي بَيْتِهِ، فَرَخَّصَ لَهُ، فَلَمَّا وَلَّى دَعَاهُ فَقَالَ: ((هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلَاةِ)). قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: ((فَأَجِبْ)). رواه مسلم.

واتە: أبوهریرە ﷺ دەڵێ: پیاوێکی نابینا هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەسم نییە دەستم بگرێت بۆ مزگەوت، داوای کرد لە پێغەمبەرﷺ کە مۆڵەتی بدات لەماڵەوە نوێژ بکات، مۆڵەتی دا، کاتێ پیاوەکە ڕۆیشت، بانگی کردەوە فەرمووی: ( **ئایا گوێت لەبانگە؟**) وتی: بەڵێ. فەرمووی: (**دە وەڵامی بدەرەوە**) ﴿واتە: وەرە بۆ مزگەوت بۆ نوێژ﴾.

*** پرسیاری پەنجاو پێنج: باسی هەندێك لە سوننەتەکانی نوێژ بکە، بەبەڵگەوە.**

* **وەڵام: سوننەت:** ئەوەیە کە جێگربووە لە کردار وگوفتاری پێغەمبەرەوە ﷺ بەڵام واجب نیە لەسەر نوێژخوێن ئەنجامی بدات یان بیڵێت، بەڵکو سوننەتە، جا ئەگەر یەکێك بە ئەنقەست نەیکرد یاخود بەسەهو ئەوا هیچی لەسەر نیە، لەوانە:

١- **دوعای ئیستفتاح:** ئەم دوعایەش شێوازی زۆر هاتووە لەوانە: **" سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ وَتَبَارَكَ اسْمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ "** . رَوَاهُ أَبُو دَاوُد.

٢- **دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ لەسەر سنگ لەکاتی وەستاندا:** لەبەر ئەم فەرموودەیە: **"كان النبي ﷺ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمْنَى عَلَى الْيُسْرَى " رواه مسلم.**

٣- **هەردوو دەست بەرزکردنەوە بەشێوی درێژکردنەوەی پەنجەکان و پێکەوەنوسانیان و دەست نەقوچاندن:** لەبەر فەرموودەی: **" كان يرفعهما ممدودة الأصابع" [لا يفرج بينها، ولا يضمها]** " رواه أبوداود وابن خزيمة (٢/٦٢/١و١/٦٤) والحاكم وصححه، ووافقه الذهبي.(انظر صفة صلاة النبي ﷺ من التكبير الى التسليم كأنك تراها للشيخ محمد ناصرالدين الألباني).

٤- **دەست بەرزکردنەوە هەتا ئاستی هەردووشان یان هەردوو گوێیەکان لەم کاتانەدا:** یەکەم الله أکبر و لەکاتی چوون بۆ رکوع و هەستانەوە لێی و لەکاتی هەستانیش لەیەکەم تەحیات بۆ رکعاتی سێیەم: لەبەر فەرموودەکەی ابن عمر کە دەڵێت: **" رأيت النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ افتتح التكبير في الصلاة، فرفع يديه حين يكبر حتى يجعلهما حذو منكبيه، وإذا كبَّر للركوع، فعل مثله، وإذا قال: سمع الله لمن حمده" فعل مثله، وقال: ربنا! ولك الحمد، ولا يفعل ذلك حين يرفع رأسه من السجود "** أخرجه البخاري في " صحيحه " (١٧٦/٢). واتە: پێغەمبەری خوام بینی ﷺ دەستی بەنوێژ کرد بەووتنی الله أکبر و هەردوو دەستی بەرزکردەوە لەوکاتەدا هەتا گەیاندیە ئاستی هەردوو شانی، وە کاتێکیش الله أکبری دەکرد بۆ

ڕۆیشتن بۆ ڕکوع هەمان کاری ئەنجام دەدایەوە، وە کاتێك دەیووت: سمع الله لمن حمده، دەیووت: ربنا ولك الحمد، وە ئەو کارەی نەدەکرد کاتێك سەری بەرزدەکردەوە لە سوجدە.

**وَعَنْ نَافِعٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ كَانَ إِذَا دَخَلَ فِي الصَّلَاةِ كَبَّرَ وَرَفَعَ يَدَيْهِ وَإِذَا رَكَعَ رَفَعَ يَدَيْهِ وَإِذَا قَالَ سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَفَعَ يَدَيْهِ وَإِذَا قَامَ مِنَ الرَّكْعَتَيْنِ رَفَعَ يَدَيْهِ وَرَفَعَ ذَلِكَ ابْنُ عُمَرَ إِلَى نَبِيِّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ. قال: (( وكان لايفعل ذلك في السجود، ولا إذا قام من السجود )).**

واتە: لەنافعەوە کە ابن عومەر ئەگەر بچوایەتە ناو نوێژەوە الله أکبری دەکرد و دەستەکانی بەرزدەکردەوە و ئەگەریش بچوایە بۆ ڕکوع دەستەکانی بەرزدەکردەوە وە ئەگەریش بیوتایە : سمع الله لمن حمده دەستەکانی بەرزدەکردەوە وە ئەگەریش هەستایەوە لەدوو ڕکعاتەکە دەستەکانی بەرزدەکردەوە و ابن عومەر ئەم کارەی دەدایە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ . دەڵێت: (( ئەو لەکاتی سوجدە و هەستان لە سوجدە دەستەکانی بەرز نەدەکردەوە)).

**٥- زیاتر لەیەك جار ووتنی زیکری سجود و ڕکوع هاوکات لەگەڵ دامەزراوی و دڵئارامیدا:** لەبەر فەرموودەکەی حوزەیفە رضي الله عنه کە بیستوویەتی

پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك چووە بۆ ركوع وتوویەتی: " **سبحان ربـيَ العظيم** " رواه أبوداود.

٦- **زیاتر لەیەك جار ووتنی دوعای لێخۆشبوون لەنێوان هەردوو سوجدەكەدا هاوكات لەگەڵ دامەزراوی و دڵئارامیدا:** لەبەر فەرموودەكەی حوزەیفە رضي الله عنه كە پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێوان هەردوو سوجدەكەدا وتوویەتی: " **ربِّ اغفـر لِـي** " **رواه ابن ماجه.**

٧- **له كاتی ركوعدا سەر و پشت هاوتای یەك بن،** لەبەر فەرموودەكەی عائیشە رضي الله عنها كە دەڵێت: " **وكان- أي النبي ﷺ - إذا ركع لم يشخص رأسه ولم يصوبه ولكن بين ذلك** " **رواه مسلم.** واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)، هەركاتێ ركوعی دەبرد سەری نە زۆر دائەنەواندو نە زۆریش بەرزی دەكردەوە لەوبەینەدا ڕایدەگرت.

٨- **دوورخستنەوەی هەردووباسك لەهەردوو كەلەكە (الجنبين) و ووركیش لەهەردوو ڕان لەكاتی سوجدەدا:** ئەوەش لەبەر ئەوەی لە شێواز و چۆنێتی نوێژی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە كە قاچەكانی بڵاونەدەكردەوە، هەروەكو لە فەرموودەكەی أبی حمیدی الساعدیەوە هاتووە.

٩- **شێوازی دانیشتنی ( التورك ) لە تەحیاتی کۆتاییدا:** لەبەر ئەوەی أبی حمیدی الساعدی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: " کە دادەنیشت بۆ تەحیاتی کۆتایی قاچی چەپی ڕادەخات و ئەوەکەی تری دادەنێت و لەسەر پاشی دادەنیشێت".

١٠- **خوێندنی سورەتێك لەپاش فاتیحە:** پێشەوا ابن قدامە – رحمە اللە – دەڵێت: خوێندنی سورەتێك لەدوای فاتیحەوە سوننەتە بۆ هەموو دوو رکعاتێکی گشت نوێژەکان و لەمەدا ڕاجیاوازیەك نازانین هەبێت.

*** پرسیاری پەنجاو شەش: بەکورتی شێواز و چۆنێتی نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ باس بکە؟**

*** وەڵام: چۆنێتی نوێژەکەی بەم شێوانەی خوارەوەیە:**

١- دەستنوێژگرتنێکی چاك و بێ کەموکورتی: وە ڕوو لە قیبلە دەکات لەهەرکوێ بێت و بەدڵ نیەتی نوێژی هەبێت و بەزمان نیەتەکە ناڵێت، وەسوننەتیشە کە سوترەیەك بۆ نوێژەکەی دابنێت ئەگەر ئیمام بوو یان بۆخۆی بەتاك نوێژی دەکرد.

٢- تەکبیرەی ئیحرام دەکات و لەوکاتەدا هەردوو دەستی هەتا ئاستی شانەکانی یان گوێیەکانی بەرزدەکاتەوەو و پەنجەکانی دەکاتەوەو درێژیان دەکات بەبێ ئەوەی دەست بنوقێنێت و پەنجەکانی بڵاوبکاتەوە، وڕووله قیبلە دەکات، و

دەڵێت: الله أكبر، و بەچاوی سەیری شوێنی سوجدەکەی دەکات و ئەگەر ئیمام بوو هەموو تەکبیرەکان بەدەنگی بەرز دەڵێت و هەروەها بڕگەی (سمع الله لمن حمده)یش، بەڵام ئەوانەی لەدوای ئیمامەوەن بەئەندازەی ئەوەی خۆی بیبیستێت و گوێی لێ بێت دەنگ بەرزدەکاتەوە، پاشان مەچەکی چەپی بەناولەپی دەستی ڕاستی دەگرێت و لەسەر سنگی دایدەنێت، و تەماشای شوێنی سوجدەکەی دەکات مەگەر لەکاتی تەحیاتدا نەبێت کە سەیری پەنجەی شایەتومانی دەکات و پاشان بەدەنگی نزم دوعای استفتاح دەڵێت: ( **سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك وتعالى جدك ولا إله غيرك)** وە جاربەجاریش ئەو شێوازانەی تری دوعاکە دەڵێت وەکو زیندووکردنەوەی سوننەت، پاشان بەدەنگی نزم پەنادەگرێت بەخوا لە شەیتان و دەڵێت: ( **أعوذ بالله من الشيطان الرجيم** ) پاشان بەدەنگی نزم بسم الله الرحمن الرحيم دەکات و ئەگەریش جارجار لەنوێژە جەهریەکاندا بەدەنگی بەرز بیڵێت ئەوا هیچی تێدا نیە لەبەر ئەوەی هاتووە، پاشان سورەتی فاتیحە دەخوێنێت بەشێوەیەکی لەسەرخۆ وئایەت ئایەت ولەسەر هەرئایەتێك دەوەستێت و پاشان سورەتێکی تر دەخوێنێت وئەگەر نوێژی بەیانی بوو ئەوا لەو سورەتانە دەخوێنێت کە پێیان دەوترێت ( **طوال المفصل** ) وەکو سورەتی **(ق، والملك، المدثر)** و لە نوێژی مەغریبدا کورت دەخوێنێت وەکو سورەتی ( **الضحى و القارعة** ) وە هیچیشی تێدا نیە ئەگەر ناوبەناو بەشێك لەسورەتە درێژەکان بخوێنێت وەکو ( **الأعراف** و

**الصافات والطور** ) و هاوشێوەکانی، وە لە باقی نوێژەکانی تردا لە سورەتە مامناوەندەکان دەخوێنێت وەکو ( **النازعات و البروج** ) و هاوشێوەکانی.

٣- پاشان لەکاتی ووتنی الله أكبر بۆ ڕۆیشتن بۆ رکوع دەستەکانی بەرز دەکاتەوە هەتا ئاستی شانەکانی یان گوێی و لەسەر ئەژنۆی دایدەنێت و پشتی ڕاست و ڕێك دەکاتەوە لەگەڵ سەریدا و باسکەکانی لە لاتەنیشەکانی دووردەخاتەوە و دامەزراو و بێ جوڵەدەبێت لە رکوع بردنەکەیدا و دەڵێت: ( **سبحان ربيَ الأعلى** ) وە باش وایە کە سێ جار یان زیاتر دووبارەی بکاتەوە، وسوننەتیش وایە لەگەڵ ئەوەدا بڵێت: (**سبحانك اللهم وبحمدك اللهم اغفر لي** ).

٤- پاشان سەری لە رکوع بەرز دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی دەستەکانی هەتا ئاستی شانەکانی یان گوێی و دەڵێت: ( **سمع الله لمن حمده** ) ئەگەر ئیمام بوو یان بەتەنها بۆ خۆی نوێژی دەکرد، وە لەکاتی تەواو ڕاست بوونەوەیدا دەڵێت: ( **ربنا ولك الحمد حمداً كثيراً طيباً مباركاً فيه مِلء السّماوات والأرض وملء ما شئت من شيء بعد....** ) بەڵام ئەگەر لەپشت ئیمامەوە نوێژی دەکرد

ئەوا تەنها ئەمە دەڵێت و ( **سمع الله لمن حمده** ) ناڵێت  و دەستەکانی لەسەر سنگی دادەنێت[١].

٥- پاشان الله أكبر دەکات بۆ ڕۆشتن بۆ سوجدە، وە لە پێشدا چۆکی [٢] لەسەر زەوی دادەنێت پێش دەستەکانی ئەگەر توانی، و لەسەر حەوت ئەندام سوجدە دەبات، پێیەکانی و قاچەکانی و دەستەکانی و پاشان نێوچەوانی لەگەڵ لووتیدا، و لەوکاتەشدا دەستەکانی لە کەلەکەی دووردەخاتەوەو وسکیشی لە ڕانەکانی دووردەخاتەوە و چۆکەکانی جیادەکاتەوە (واتە پێکەوە نەنووسابن) و دەستەکانیشی لە ئاست شانەکانیدا دەبن و دەڵێت:  ( **سبحان ربـيّ الأعلى** ) وە باش وایە کە

---

(١) ڕای پەسەند ئەوەیە دەست ناگرێتەوە وەك شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت لە کتێبی (صفة الصلاة النبـي ﷺ ) یەکلای کردۆتەوە .

(٢) ڕای پەسەند ئەوەیە کە بەدەستەکانی بچێت بۆ سوجدە ، وەك شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خـوای لـیٚ بێت لە کتێبی (صفة الصلاة النبـي ﷺ ) هێناویەتی کە پێغەمبەری خوا ﷺ  " دەســتەکانی پــێش ئەژنۆکانی دەخستە سەر زەوی "

وە فەرمانیشی بەوە دەکرد و دەیفەرموو : " **إذا سجد أحدكم ؛ فلا يبرك كما يبرك البعير ، وليضع يديه قبل ركبتيه** " ، واتە : ئەگەر هەرکەسێك لە ئێوە سوژدەی برد ، با وەکو ووشتر نەکات ، بەڵکو دەستەکانی پێش ئەژنۆکانی بخاتە سەر زەوی .

سێ جار یان زیاتر دووبارەی بکاتەوە، وسوننەتیش وایە لەگەڵ ئەوەدا بڵێت: ( **سبحانك اللهم وبحمدك اللهم اغفـر لي** ) وە دوعا زۆر دەكات.

٦- پاشان سەری لە سوجدە بەرز دەكاتەوە لەگەڵ ووتنی الله أكبر دا، وقاچی چەپی فەرش دەكات ودایدەنێت لەسەر قاچی ڕاستی و دەستەكانیشی لەسەر ڕانی وچۆكی دادەنێت ودەڵێت: ( **رب اغفر لي وارحمني واهدني وعافني وارزقني** ) و لەم دانیشتنەیدا بێ جوڵە دەمێنێتەوە بەئارامی و بەوتنی الله أكبر سوجدەی دووەم دەبات و ئەو سوجدەی دووەمەش بەهەمان شێوەی سوجدەی یەكەم وەهایە.

٧- پاشان لەگەڵ وتنی الله أكبردا سەری لە سوجدە بەرز دەكاتەوە و كەمێك بۆ پشوودان دادەنیشێت، و زیكر و دوعای تێدا نیە، وپاشان لەسەر سنگەپێیەكانی و بە جەخت كردن لەسەر چۆكی هەڵدەسێت ئەگەر توانی و ئەگەرنا بەجەخت كردن لەسەر دەستی هەڵدەسێت و ركعاتی دووەمیش وەكو یەكەم دەكات جگە لە استفتاح و وتنی ( **أعوذ بالله من الشيطان الرجيم** ).

٨- ئەگەر ئەو ركعاتەشی تەواو كرد ئەوا دادەنیشێت بۆ تەحیاتی یەكەم وقاچی چەپی فەرش دەكات ودایدەنێت لەسەر قاچی ڕاستی و دەستی لەسەر ڕانی دەبێت و پەنجەی تووتە وبراتووتەی دەنوقێنێت و بەپەنجەدرێژەكەی وپەنجەگەورەكەی ئەڵقەیەك دروست دەكات و پەنجەی شایەتومانیشی درێژدەكات لەكاتی تەحیاتدا و

دەستی چەپیشی دەکاتەوە لەسەر ڕانی چەپی و تەحیات دەخوێنێت بەو شێوەیەی کە لە ابن مسعود یان ابن عباسەوە هاتووە ﵁ ، وە سوننەتە ئەم دانیشتنە کەم و سووك بێت و ئەگەر نوێژی مەغریب یان چواریەکان بوو ئەوا هەڵدەسێتەوە بۆ ئەنجامدانی ركعاتی سێ یەم بەپێوە ولەگەڵ ووتنی الله أكبر ودەست بەرزكردنەوەیدا وئەوەی ماوە تەواوی دەکات و دواتر دادەنیشێت بۆ تەحیاتی کۆتایی بەشێوەی ( متورك ) کە قاچی چەپی ڕادەخات لە ژێر قاچی ڕاستی و لەسەر بەشی ژێرەوەی ڕانی چەپی دادەنیشێت و پەنجەکانی پێی ڕاستی ڕوودەکاتی قیبلە ودەست دەکات بە خوێندنی تەحیات و صەلاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ بەوەی کە هاتووە، لەکۆتایی تەحیاتەکەدا پەنا دەگرێت بەخوا لەچوار شت کە ئەمانەن: لەسزای دۆزەخ و سزای گۆڕ و فیتنەی ژیان ومردن و فیتنەی مەسیح دەجال،( **اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ**) و هەرچی بویێت دوعا دەکات وباشتریش وایە ئەو دوعایانە بکات کە لەسوننەتدا هاتوون، پاشان بەلای ڕاست وچەپیدا سەلام دەداتەوە هەتا سپیایی ڕوومەتی دەبینرێت هاوکات لەگەڵ نیەتی چوونە دەرەوە لە نوێژ.

وە سوننەیش وایە کە کردارەکانی مەئموم ( ئەو کەسەی لەدوای ئیمامەوە نوێژ دەکات ) دوابەدوای ئیمامەکەی بێت بەبێ جێمان وڕاستەوخۆ لەدوای کۆتایی هاتنی دەنگی ئیمام، وە دروست نیە کە پێشی ئیمامەکەی بکەوێت.

٩- سوننەتە دواى سەلامدانەوە سىٚ جار ( **إستغفار** ) بكات و بلّێت: **(اللهم أنت السلام ومنك السلام تباركت يا ذالجلال والإكرام** ) و ئەوكاتە ئيتر ئيمام وەردەچەرخىٚ و ڕووەدەكاتە نوێژخوێنان و دەست دەكات بە وتنى زيكرەكانى الله أكبر و سبحان الله والحمدلله و خوێندنى ئايەتى كورسى و قل أعوذ برب الفلق و قل أعوذ برب الناس.( ئەم زيكرانەى دواى نوێژ تايبەت نيە بە ئيمام بەڵكو بۆ مەئموم و ئەو كەسەشە كە بەتاك خۆى نوێژ دەكات ).

وە ڕێگەدراوە بە هەر موسڵمانێكى پياو و ئافرەت كەپێش نيوەڕۆ چوار ركعات و لەدوايەوە دوو ركعات و لەدواى مەغريب دوو ركعات و لەدواى عيشاوە دوو ركعات و پێش بەيانيش دوو ركعات بكات لەگەڵ ويـتـردا شەوان.

*** پرسيارى پەنجاو حەوت: چەند شتێك لەمەكروهاتەكانى نوێژ باس بكە، بەبەڵگەوە؟**

*** وەڵام :**

مەكروهە قژ و جلوبەرگ ببەسترێنەوە و لوول بكرێت لەبەر فەرموودەكەى ابن عباس ﵁ كە دەڵێت: " **أمر النبـي ﷺ أن يسجد على سبعة أعضاء ولا يكف شعراً ولا ثوباً ...** " رواه البخاري ومسلم. واتە: پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمانى

کرد کەلەسەر حەوت ئەندام سوجدە ببرێت و هەروەها قژ و جلوبەرگیش هەڵنەکرێن ونەبەسترێنەوە بەڵکو بەربدرێنەوە...

وە مەکروهیشە کە هەردوو باڵ لەکاتی سوجدەدا بڵاوبکرێنەوە، لەبەر ئەم فەرموودەیە: **" إذا سجد أحدكم فليعتدل ولا يفترش ذراعيه افتراش الكلب "** أخرجه الترمذي عن جابر صحيح: صفة الصلاة ١٢٦ .

واتە: ئەگەر یەکێکتان سوجدەی برد با ڕێك وڕاست بێت و باڵەکانی ڕانەخات لەسەر زەوی وەکو ڕاخستنی دەستی سەگ لەسەر زەوی. واتە دەبێ ناولەپی لەسەر زەوی دابنێت و باڵ و ئانیشکی بەرزبکاتەوە.

وە مەکروهیشە مەسحی بکەیت کاتێك کە سوجدە لەسەر خۆڵ ببەیت یان شوێنی سوجدەبردنەکە بسڕیت ئەگەر یەکجاریش بێت، لەبەر ئەم فەرمودەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: **" إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَلَا يَمْسَحِ الْحَصَى فَإِنَّ الرَّحْمَةَ تُوَاجِهُهُ "** رواه الخمسة عن أبي ذر رضي الله عنه .

واتە: ئەگەر یەکێکتان چووە ناو نوێژەوە ئەوا با مەسحی وردەزیخ و خۆڵ نەکات بەنێوچەوانیەوە چونکە ڕەحمەت لە ڕووبەڕووی دێت.

وە مەکروهیشە دەست لەسەر لاتەنیشت دابنرێت و یاری بە ڕیش بکرێت و جگە لەوانەش، یان پەنجە تەقاندن و دەست وپەنجە خستنە نێویەکتر و سەیری

جوانکاری ونەخش ونیگار و تف کردن بەئاراستەی قیبلەدا یان بەلای ڕاستدا و هەروەها نوێژکردن لەکاتی تەنگاویدا.

*** پرسیاری پەنجاو هەشت: باسی بەتاڵ کەرەوەکانی نوێژ بکە لەگەڵ بەڵگەدا؟**

*** وەڵام: بەتاڵ کەرەوەکانی نوێژ ئەو شتانەن کە هەرکەسێك بیانکات ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێت دوبارە نوێژ بکاتەوە، ئەمانەن:**

١- **قسە کردن بەئەنقەست و بەئاگاییەوە** : لەبەر فەرموودەی: **"إِنَّ هَذِهِ الصَّلَاةَ لَا يَصْلُحُ فِيهَا شَيْءٌ مِنْ كَلَامِ النَّاسِ، إِنَّمَا هُوَ التَّسْبِيحُ وَالتَّكْبِيرُ وَقِرَاءَةُ الْقُرْآنِ". رواه مسلم.** واتە: ئەم نوێژە هیچ قسەیەکی مرۆڤی تێدا دروست نیە و بەڵکو بریتیە لە تەسبیح و تەکبیر و قورئان خوێندن.

٢- **پێکەنین:** پێشەوا ابن المنذر رحمە اللە دەڵێت: " زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە پێکەنین نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ".

٣- **بەئەنقەست شت خواردن:** بەهەمان شێوە پێشەوا ابن المنذر رحمە اللە یەکدەنگی زانایانی لەسەر ئەو بابەتە هێناوە وگێڕاویەتیەوە.

٤- **بەئەنقەست شت خواردنەوە لەنوێژە فەرزەکاندا:** بەهەمان شێوە پێشەوا ابن المنذر رحمە الله یەکدەنگی زانایانی لەسەر ئەو بابەتە هێناوە وگێڕاویەتیەوە.

٥- **بەئەنقەست دەرخستن و دەرکەوتنی عەورەت:** چونکە داپۆشینی عەورەت یەکێکە لە مەرجەکانی دروستیێتی نوێژ.

٦- **بەئەنقەست ڕوو وەرگێرانێکی زۆر لەقیبلە** (ڕووکردن بەملاولادا): چونکە ڕووکردنە قیبلە لە مەرجەکانی دروستیێتی نوێژە.

٧- **دەستنوێژ شکان:** لەبەر فەرموودەی: " **لا يقبل الله صلاة أحدكم إذا أحدث حتى يتوضأ** " متفق عليه. واتە: خوای گەورە نوێژی یەکێکتان وەرناگرێت ئەگەر دەستنوێژی شکا هەتا دەستنوێژ نەگرێتەوە.

٨- **کار وجوڵەیەکی زۆر کەپەیوەندی بەنوێژەوە نەبێت.**

*** پرسیاری پەنجاو نۆ: باسی هەندێك لەو کارانە بکە کە حەڵاڵن ئەنجامدانیان لەناو نوێژدا:**

*** وەڵام:**

جوڵەی کەم دروست وڕێگەپێدراوە لەنێو نوێژدا بۆ پێویستی، وەکو کردنەوەی دەرگا لەبەر ئەم فەرموودەیەی دایکە عائیشە: " **أن النبي ﷺ فتح لها وأتم**

**صلاته** " رواه أبوداود والترمذي والنسائي. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەرگای بۆ کردۆتەوەو نوێژەکەشی تەواو کردووە.

هەروەها دروستە منداڵ هەڵگرتن لە نوێژدا وەکو هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئومامەی کچی زەینەبی هەڵگرتووە و لەنوێژیشدا بوو. رواه أحمد والنسائی.

هەروەها دروستە مار و دووپشك بکوژیت ئەگەر لەپێشەوەت بوو، لەبەر ئەم فەرموودەیە: عن أبی هریـره رضي الله عنه " **أن رسول الله ﷺ أمر بقتل الأسودين في الصلاة** " رواه النسائي. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بە کوشتنی مار و دووپشك لە نوێژدا.

هەروەها دروستە قورئان ڕاست بکاتەوە بۆ ئیمامەکەی ئەگەر لێی تێك چوو، وە بۆیشی هەیە لەسەر موصحەف قورئان بخوێنێت لە نوێژدا.

*** پرسیاری شەست: باسی نوێژی ئەو کەسانە بکە کەخاوەن عوزرن لەگەڵ بەڵگەدا.**

*** وەڵام:** ئەوەی پێوست و واجبە کە بزانرێت ئەوەیە کە نوێژ نابێت نەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە کە واجبە لەسەریان لە موسڵمانانی ژن و پیاو مەگەر عەقڵ وژیری لەدەست بدات، هەروەکو چۆن دەبێت ئەوەش بزانرێت کە دین هەموو دروشم و ئەرکەکانی سووك و ئاسانن و هیچ بارقورسی و نارەحەتیەکی تێدا نیە، وەکو

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾ (الحج: ٧٨) . واتە: بەخششی خۆی پێکەرەم کردوون بەوەی شەریعەتەکەی نەرم ولێبوردە کردوون ، کە هیچ تەنگوچەڵەمە و بارگرانی و نارەحەتی لە داواکاری و ئەحکامەکانی تێیدا لەسەر شانتان دانەناوە.

جا بۆیە دروست و رێگەپێدراوە بۆ ئەو نوێژخوێنەی کە عوزر وبیانووی شەرعی هەیە بەوەی کە هەرچۆنێك لەتوانایدا هەیە و پێی دەکرێت بەو شێوازە نوێژەکەی ئەنجام بدات، وە یەکێك لەو عوزرانەش بریتیە لە نەخۆش: ئەمیش نوێژەکەی دەکات بەو حاڵەتەی کە دەتوانێت و یان ئاماژە دەکات ئەگەر هەر نەیتوانی، لەبەر ئەم ئایەتە: ﴿لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلا وُسْعَهَا ﴾ (البقرە: ٢٨٦) واتە: ئایینی خوای پەروەردگار ئاسانە وگرانی تێدا نیە ، خواش داوای شتێك لەبەندەکانی ناکات کە لەتواناياندا نەبێت.

هەروەکو چۆن لەو فەرموودەیەدا هاتوە کە عیمرانی کوڕی حوصەین رضي الله عنه دەڵێت: من نەخۆشی مایەسیرم هەبوو، جا پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد سەبارەت بە چۆنێتی نوێژکردن و ئەویش فەرمووی: " **صلِّ قائماً، فإنْ لم تستطعْ فقاعداً، فإن لم تستطعْ فعلى جنبٍ** " رواه الجماعة إلا مسلماً.

واتە: بە پێوە و بەڕاوەستانەوە نوێژ بکە، ئەگەر نەتتوانی ئەوا دابنیشە، وە ئەگەر نەتتوانی ئەوا لەسەر لا واتە بەڕاکشانەوە.

**زاد النسائي " فإن لم تستطع، فمستلقياً، {لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} "**

واتە: ئەگەر نەتتوانی ئەوا بە ڕاکشانەوە لەسەر پشت: ﴿ئایینی خوای پەروەردگار ئاسانە وگرانی تێدا نیە ، خواش داوای شتێك لەبەندەکانی ناکات کە لەتوانایاندا نەبێت﴾.

وە یان کەسێك نەتوانێت سورەتی فاتیحە بخوێنێت، ئەوا هەتاوەکو فێری دەبێت بۆی هەیە ئەم زیکرە بخوێنێت لەبری سورەتی فاتیحە: ( **سبحان الله والحمدلله ولا إله إلا الله والله أكبر ولاحول ولاقوة إلاّ بالله** ).

وە هەروەها کەسی ڕێبوار بۆی هەیە نوێژە چواریەکان کورت بکاتەوە بۆ دوو رکعات و ڕۆژوی ڕەمەزان لەسەفەردا نەگرێت و نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەصر یان مەغریب و عیشا پێکەوە کۆبکاتەوەو لە کاتی یەکێکیاندا بیکات ئەگەر ڕێکردنێکی بەردەوامی هەبوو، وە نەخۆشیش بۆی هەیە نوێژەکانی کۆبکاتەوە لەبەر ئەو نارەحەتیەی کە هەیەتی، وەکو چۆن ئەنجامدانی نوێژی فەرز دروستە بەسەر ئاژەڵەوە بکرێت لەترسی ئەوەی نەوەك بەر قوڕ و باران و هاوشێوەکانی بکەوێت.

**٭ پرسیاری شەست و یەك: کەی سوجدەی سەهو دروستە و حاڵەتەکانی چین؟**

**٭ وەڵام:** سوجدەی سەهو لەکاتی زیادە و کەمکردن و هەبوونی گوماندا دروست دەبێت و دەبێت ببرێت، لە نوێژی فەرز و سوننەتدا و بەئەنقەست نەبێت، جا ئەگەر ئیمام هەڵەی کرد ئەوا دەبێت ئەوانەی لەپشتیەوەن ئاگاداری بکەنەوە بە ووتنی (سبحان الله) وە پێویستە لەسەری بگەڕێتەوە ئەگەر زۆربەی گومانەکانی بۆ ئەوە چوو کە ڕاست دەکەن و ئاگادارکردنەوەکەیان لەشوێنی خۆیدایە.

**حاڵەتەکانیشی بەم شێوازانەی خوارەوەیە:**

١- **ئەگەر نوێژخوێن رکوعێك یان سوجدەیەکی بەنەزانین زیادکرد:** ئەوا لەم کاتەدا نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە بەڵام دوای سەلامدانەوە سوجدە دەبات لەبەر فەرموودەکەی ئەبوهورەیرە ﷺ کە دەڵێت: " **حين سلّم النبي ﷺ من ركعتين في إحدى صلاته، إما الظهر وإما العصر، فلما ذكروه أتى ﷺ بما بقي من صلاته وسلم ثم سجد سجدتين بعدما سلم** " متفق عليه. واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لەیەکێك لەنوێژەکانیدا لەدووەم رکعاتدا سەلامی دایەوە کە نیوەڕۆ بوو یان عەصر، جا کاتێك بیریان خستەوە هات و ئەوەی مابوو لەنوێژەکە کردی و پاشان دوو سوجدەی برد لە دوای سەلامدانەوە.

٢- **کەمکردن:** ئەگەر نوێژخوێن روکنێکی کەمکرد ئەوا لەم حاڵەتانە دەرناچێت: یان ئەوەتا بیری دەکەوێتەوە پێش ئەوەی بگاتە هەمان روکن لە رکعاتی دووەم، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو روکنەی بیری چووە و لەدوای ئەوەوە دەست پێ بکاتەوە، وە یاخود ئەوەتا بیری ناکەوێتەوە هەتا هەمان روکن لە رکعاتی دووەم ئەوا ناگەڕێتەوە و ئەو رکعاتەی بەتاڵ دەبێتەوەو لەوکاتەدا ئەو رکعاتی دووەمە دەبێتە جێگری یەکەم و لەوێوە دەست پێدەکاتەوە سەرلەنوێ، وە ئەگەریش لەدوای سەلامدانەوە بیری کەوتەوە ئەوا ئەو روکنە و ئەوەی دوای ئەو دێت دوبارەی دەکاتەوە و لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا سوجدەی سەهو دەبات لەدوای سەلام دانەوە. بەڵام ئەگەر واجبێکی بیرچوو بۆ نمونە تەحیاتی یەکەمی بیرچوو وە چوو بۆ ئەو بەشەی کە دوای ئەو واجبە دێت ئەوا ئەو واجبەی لەسەردەکەوێت و دەبێت سوجدەی سەهو لە پێش سەلامدانەوە ببات، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك تەحیاتی یەکەمی بیرچوو بەردەوام بوو لەنوێژەکەی و نەگەڕایەوە و پێش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو دەبات.

٣- **یان گومانت هەیە:** ئەگەر نوێژخوین گومانی هەبوو لە ژمارەی ڕکعاتەکان ئەوا لەسەر کەمەکە بونیادی دەنێت و ئینجا تەواوی دەکات، وە سوجدەی سەهو دەبات پێش سەلام دانەوە، وە ئەگەر زۆرتر گومانی بۆ یەکێکیان چوو ئەوا کار بەگومانە زۆرەکە دەکات و پاش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو دەبات.

وە سوجدەی سەهویش دوو سوجدەیە، و ئەوەی لە سوجدەی نوێژدا دەیڵێت لە سوجدەی سەهویشدا هەر ئەوە دەڵێت لە زیکر و دوعا.

وە زانایان ڕاجیاوازیان هەیە لەبارەی کاتی سوجدەکەوە کە ئایا باشترەکە کامەیە، بەڵام ڕاجیاواز نین لەسەر ئەوەی کە ئەگەر پێش سەلام دانەوە یان دوای سەلام دانەوە بەهۆی زیادەوە یان کەمکردنەوە سوجدەی سەهوی برد ئەوا لەسەری دەکەوێت و نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە. پێشەوا ( النووی)یش ئەمەی گێڕاوەتەوە لە ( شرح مسلم)دا.

*** پرسیاری شەست و دوو: ئایا ئەو کاتانە کامانەن کە نەهیان لەسەرە نوێژیان تێدا بکرێت بەبەڵگەوە؟**

* وەڵام: ئەو کاتانەی کە نەهیان لەسەرە بەگشتی پێنج کاتن، لەفەرموودەشدا هاتوون: وەکو:

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**لَا صَلَاةَ بَعْدَ الصُّبْحِ حَتَّى تَرْتَفِعَ الشَّمْسُ وَلَا صَلَاةَ بَعْدَ الْعَصْرِ حَتَّى تَغِيبَ الشَّمْسُ**» (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) واتە: نوێژ لەدوای نوێژی بەیانیەوە نیە هەتا خۆر بەرز دەبێتەوە و هەروەها نوێژیش لەدوا نوێژی عەصرەوە نیە هەتا خۆر ئاوا دەبێت.

عن عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ الْجُهَنِيَّ (رضي الله عنه) يَقُولُ: **ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ أَوْ أَنْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا: حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ. أخرجه مسلم.** واته: لە(عقبه) کوڕی( عامر الجهنی)م بیستووە (رضي الله عنه) دەیووت: سێ کات هەن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگری لێ دەکردین کە نوێژی تێدا بکەین یا مردووی تێدا بخەینە گۆڕ: کاتێ خۆر هەڵدێت بەتەواوی هەتا بەرز دەبێتەوە، کاتێ لەنیوەڕۆدا کەسێك بەپێوە بوەستێ و سێبەری بۆ دروست نەبێ هەتا خۆر لادەدات، کاتێکیش خۆر لاردەبێتەوە بۆ ئاوابوون هەتا ون دەبێت.

بەڵام لەکاتە نەهیی لێکراوەکانیشدا دروستە فەرزەکان بەقەزا بدرێنەوە و دوورکعاتی تەواف و ئەو نوێژانەش کە هۆکاریان هەیە وەکو تەحیەتی مزگەوت ئەوەش لەسەر ووتەی پەسەندی زانایان.

*** پرسیاری شەست و سێ: کێ دروست نیە بکرێتە ئیمام و پێشەوا لە نوێژدا، بەبەڵگەوە؟**

* **وەڵام:** دروست نیە لەپشتی کەسێکەوە نوێژ بکرێت کە نوێژەکەی فاسدە بە دەستنوێژشکان یان جگەلەوەش مەگەر یەکێك پێی نەزانێت. وە ئەو کەسەش کە

خاوەنی بیدعەیەکی گەورەی وەها بێت کە دەری بکات لەبازنەی ئیسلام، وەمنداڵێکیش کە تەمیز نەکات و پێشنوێژی ئافرەتانیش بۆ پیاوان.

*** پرسیاری شەست وچوارەم: بۆچی بە رۆژی هەینی ووتراوە " الجمعە "؟**

*** وەڵام:** لەبەر ئەوەی خوای گەورە کۆمەڵێك کاری گەورەی تێدا کۆکردۆتەوە وەکو: لەو رۆژەدا خوای گەورە لەدروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی بووەوە کۆتایی پێ هێنا ، لەو رۆژەدا ئادەم ﷺ دروست کرا، وە لەو رۆژەشدا خرایە بەهەشتەوە، وە لەو رۆژەشدا لێی دەرکرا، وە لەو رۆژەشدا قیامەت بەرپا دەبێت.

*** پرسیاری شەست وپێــنــج: باسی هەندێك لە تایبەتمەندی و فەزڵەکانی ڕۆژی هەینی بکە؟**

*** وەڵام:** لە تایبەتمەندیەکانی ڕۆژی هەینی ئەوەیە کە باشترین ڕۆژە خۆری تێدا هەڵهاتبێت، وە خوای گەورە کۆمەڵێك شتی گەورەی تێدا کۆکردۆتەوە وەکو ڕابورد، وە لەو ڕۆژەدا دینداریێتی بیری خەڵکی دەخرێتەوەو لەوتاری هەینیدا، وە ساتێکی تێدایە کە ئەگەر موسڵمان دوعاکەی هاوکاتی ئەو ساتە بوو ئەوا خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە.

**وە لە فەزڵەکانی ڕۆژی هەینی:** ئەوەیە کەلە صحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە رضي الله عنه کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " «مَنْ

تَوضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَاسْتَمَعَ وَأَنْصَتَ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ وَزِيَادَةُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ " واتە: ئەوەی دەستنوێژێکی باش و تەواو بگرێت و پاشان بێت بۆ هەینی ( ئامادەی نوێژ و وتار بێـت ) و بەجوانی گوێ بگرێت و بێدەنگیش بێت ئەوا لەتاوانەکانی نێوان ئەو هەینیە و هەینیەکەی تری خۆش دەبێت بەزیادەی سێ ڕۆژیشەوە.

وَعَنْ أَوْسِ بْنِ أَوْسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَنْ غَسَّلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَاغْتَسَلَ وَبَكَّرَ وَابْتَكَرَ وَمَشَى وَلَمْ يَرْكَبْ وَدَنَا مِنَ الْإِمَامِ وَاسْتَمَعَ وَلَمْ يَلْغُ كَانَ لَهُ بِكُلِّ خُطْوَةٍ عَمَلُ سَنَةٍ: أَجْرُ صِيَامِهَا وَقِيَامِهَا ".رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وأحمد و حسّنه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم وقال: (( صحيح الإسناد)) .

واتە: ئەوسی کوڕی ئەوس دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەو کەسەی لە ڕۆژی هەینیدا خۆی بشۆرێت و زوو بڕوات بۆ مزگەوت و بەپێ بڕوات و سوار نەبێت و لە ئیمامەوە نزیك بێت و بەجوانی گوێ بگرێت و قسە نەکات ئەوا بەهەر هەنگاوێکی کە دەینێت پاداشتی کاروکرداری ساڵێکی بۆ دەنووسرێت لە ڕۆژو گرتن و شەونوێژدا.

*** پرسیاری شەست و شەش: ئایا دروستە بۆ ئیمام کە قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکات لەکاتی ووتاردا، بەبەڵگەوە؟**

* **وەڵام:** بەڵێ، دروستە بەپێویستی و بەڵگەش، ئەوەیە کە سابت بووە لە صحیحی بوخاریدا لەباسی ئەو دەشتەکیەی کە قسەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ کرد و لەو کاتەشدا ئەو ووتاری دەدا، وە هەروەها پێغەمبەری خوایش ﷺ قسەی کرد لەگەڵ ئەو پیاوەدا کەبەسەر ملی خەڵکیدا هاتە ژوورەوە لە ڕۆژی هەینیدا لەکاتی ووتارداندا و پێی فەرمو: **" اجلس فقد آذيتَ "** رواه أبو داود واتە: دانیشە بەڕاستی ئازاری خەڵکیت دا.

*** پرسیاری شەست و حەوت: ئایا هەینی فەرزێکی سەربەخۆیە یاخود جێگرەوەی نیوەڕۆیە ، بەبەڵگەوە؟**

* **وەڵام:** نوێژی هەینی فەرزێکی پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی موکەلەفی نێری ئازادی موسڵمانی بەتوانا و نیشتەجێی ئەو شوێنە، و ئەو نوێژەش لەبری نوێژی نیوەڕۆیە لەبەر کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئەو شێوەیە لەوەتەی فەرزکراوە، وە ئەو کەسە زۆر هەڵەیەکی دیاری کردووە کە نوێژی هەینی دەکات و پاشان چوار ركعات نوێژی نیوەڕۆیش دەکات دواتر، وەکو هەندێك لە گروپە گومڕاکان ئەو کارە دەکەن، وە کەسانی خاوەن عوزری وەکو نەخۆش و ڕێبوار و

ئەوەی نەگاتە یەك ڕكعاتی هەینی[١] ئەوا ئەم جۆرە كەسانە نوێژی نیوەڕۆ دەكەن نەك نوێژی هەینی، وە ئەگەریش كەسێك هەر بەتەواوی لەدەستی چوو ئەوا چوار ركعات نوێژی نیوەڕۆ دەكات، وە هەڕەشەی توند وسەخت هاتووە لەسەر ئەو كەسەی بەئەنقەست نایەت بۆ هەینی و وازی لیٚ دەهێنێت، لەوەش پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: **" من ترك الجمعة – ثلاث مرات- تهاونا طبع الله على قلبه "** رواه الترمذي وغيره واتە: ئەوەی سیٚ جار هەینی نەكات بەتەمبەڵی ئەوا خوای گەورە مۆر دەنێت بەسەر دڵیەوە.

وە **ئەمانەش سوننەتن لە هەینیدا ئەنجام بدرێن:** زوو ڕۆیشتن بۆ هەینی و خۆشۆردن و بۆنی خۆش لەخۆدان و پۆشینی جلی جوان وباش و بێدەنگ بوون و بەباشی گوێگرتن.

*** پرسیاری شەست و هەشت: مەرجەكانی دروستێتی نوێژی هەینی چیە، لەگەڵ بەڵگەدا؟**

*** وەڵام: مەرجەكانی دروستێتی نوێژی هەینی ئەوەیە كە :**

---

[١] (واتە كاتێك دەگات بە ئیمام دەبینیٚ ئیمام لە ڕكوعی ڕكاتی دووەم هەستاوەتە، یان كاتێك دەگات لە ئیمام دەبینیٚ ئیمام لە تەحیاتدایە ، بەڵام ئەگەر گەشت بە ڕكوعی ڕكاتی دووەم ئەوا نوێژی جومعەی لەسەر كەوتوە و هەر بە نیەتی جومعە داخلّی نوێژەكە دەبێت) .

١- لەکاتی خۆیدا بێت، ووتەی پەسەندی زانایانیش ئەوەیە کە کاتەکەی هەمان کاتی نوێژی نیوەڕۆیە.

٢- بەکۆمەڵ ئەنجام بدرێت، دوان و زیاتر، چونکە نوێژەکانی تر بە دوو کەسیش بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێت بەکۆڕای زانایان.

٣- لە شوێنێکی ئاوەدانی و نیشتەجێبووندا بێت.

٤- پێش ئەنجامدانی نوێژەکە دوو ووتار بدرێت کە سوپاس وستایشی خواو دوو شەهادەکە و صەلاواتی تێدا بێت لەسەر پێغەمبەری خواو ﷺ تەقواو گوێڕایەڵی خوا وەبیری خەڵکی بهێنرێتەوە لەوتارەکەدا.

٥- کەسەکە ئازاد بێت و کۆیلە و بەندە نەبێت.

٦- کەسەکە موکەلەف بێت ( منداڵ و شێت نەبێت).

**بەڵگەش** لەسەر ئەمانە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کرداری بەوشێوەیە بووە بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی.

*** پرسیاری شەست و نــــۆ: ووتاری پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن بووە؟**

* وەڵام: ئەوەی هاتووە لەبارەی چۆنێتی ووتاری پێغەمبەری خواوە ﷺ بەم شێوەیە بووە: سەرەتا ووتاری بە " **خطبة الحاجة** " دەست پێدەکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

" **إن الحَمْدَ لِلَّهِ، نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وحده لاشريك له، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ:**

**{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ}** ﴿آل عمران: ١٠٢﴾

**{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا}** ﴿النساء: ١﴾

**{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا** " ﴿الاحزاب: ٧٠-٧١﴾

**أما بعد: فإنّ خير الحديث كتاب الله، وخير الهدي هديُ محمد، وشرَّ الأمور محدثاتها، وكلّ محدثة بدعة، وكلّ بدعة ضلالة، وكلّ ضلالة في النار. أخرجه أبوداود والنسائي وابن ماجة.**

وە وتارەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەرخستن و باسکردنی بابەتی یەکخواپەرستی و ئیمان و بنەماکانی و باسی صیفاتی خوای گەورە و نیعمەتەکانی بوو بەشێوەیەك کە خۆشەویستی خوای دەخستەنێو دڵی خەڵکەوە و باسی ئەو رۆژانەشی دەکرد کە مەترسیدارن بۆ ئەوەی بترسن لەسزای خواو هانی دەدان بۆ زیکر وشوکری خوا و دەیترساندن بە مردن و بەهەشت و دۆزەخ، و هانی دەدان بۆ گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی و سەرزەنشتی دەکردن لە تاوان و سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەرێك ووتاری دەدا کە لەسێ پلە پێك هاتبوو، کە دەهاتە ژورەوە دەچووە سەر مینبەرەکە و ڕووی لەخەڵکی دەکرد و سەلامی لێ دەکردن و دادەنیشت بۆ ئەوەی بانگبێژ بانگ بدات، پاشان وتاری یەکەمی دەدا بەپێوە و خۆی دەدا بەسەر گۆچان یان تیرێکەوە، پاشان کەمێك دادەنیشت و پاشان وتاری دووەمی دەدا بە هەمان شێوەو وتارەکەی کورت بوو، وە نوێژەکە درێژ بوو، وە جاری وا هەبوو سورەتی" ق " لە نوێژەکەدا دەخوێند.

عَنْ جَابِرٍ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا خَطَبَ احْمَرَّتْ عَيْنَاهُ وَعَلَا صَوْتُهُ وَاشْتَدَّ غَضَبُهُ حَتَّى كَأَنَّهُ مُنْذِرُ جَيش يقول: «صَبَّحَكُمْ وَمَسَّاكُمْ» أخرجه مسلم، وكان يشير في دعائه بأصبعه السبابة ولايرفع يديه. واتە: لەجابرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر وتاری بدایە چاوانی سووردەبوونەوەو دەنگی بەرز دەبوویەوە و توڕەیی دەیگرت وەکو بڵێی ئاگادارکەرەوەی لەشکرەو دەڵێت: وا دوژمن بەرەبەیان یان ئێوارە دەدات بەسەرتاندا. وە هەروەها لەکاتی دوعادا ئاماژەی بەپەنجەی شایەتومانی دەکرد و دەستەکانی بەرز نەدەکردەوە .

*** پرسیاری حەفتا: ئەگەر کەسێك بگات بەکەمتر لە رکعاتێکی نوێژی هەینی ، ئایا چی بکات، بەبەڵگەوە؟**

* **وەڵام:** نیەتی نیوەڕۆی لێ دەهێنێت، و چوار رکعات دەکات، بەڵگەش ئەوەیە کە هەریەك لەپێشەوایانی فەرموودە لە النسائي و ابن ماجه و الدارقطني ریوایەتیان کردووە لە ابن عومەرەوە رضي الله عنه کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **" مَنْ أدركَ ركعةً مِنْ صلاةِ الجمعةِ فليُضِفْ إليها أُخرى وقدْ تمتْ صلاتُهُ "** واتە:

ئەوەی بگات بەیەك رکعات نوێژی هەینیدا ئەوا با رکعاتێکی تری بۆ زیاد بکات و نوێژەکەی تەواو بکات.

**مانای فەرموودەکە واتە:** ئەوەی نەگات بەیەك رکعاتی تەواوی هەینیدا ئەوا نوێژی نیوەڕۆ دەکات.

*** پرسیاری حەفتاو یەك: باسی هەندێك لەو شتانە بکە کەبۆ وتاربێژ رێگەپێدراوەو سوونەتە لەوتاری هەینیدا؟**

*** وەڵام:** سوننەتە لەکاتی وتاری هەینیدا بێت وئامادەبێت وەلەسەر مینبەر وتاربدات یان شوێنێکی بەرز، وە کاتێك سەردەکەوێت بۆ سەر مینبەرەکە سەلام لە خەڵکی ناو مزگەوتەکە بکات و دانیشێت هەتا بانگبێژ بانگەکەی تەواو دەکات و لەنێوان هەردوو وتارەکەشدا کەمێك دابنیشێت، وە وتار بەپێوەو بەڕاوەستانەوە بدات لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی گۆچانێك یان شتێکی هاوشێوەی، وە وتاری کورت بێت و دوعای خێر بۆ موسڵمانان بکات و دوعای خێریش بۆ کاربەدەستانیش بکات بەوەی خوا ئیصلاحیان بکات و سەرکەوتویان بکات بۆ کاری خێر و چاکە ولەوکاتی دوعایەشدا ئاماژە بەپەنجەی شایەتومانی بکات و دەستەکانی بەرزنەکاتەوە مەگەر لەکاتی داواکردنی باراندا نەبێت، وە کاتی گونجاو هەڵبژێرێت و دەستنیشان بکات بۆ پێشکەشکردنی دەقەکانی هاندانی خەڵکی بۆ کاری چاکە و

ترساندیان لەکاری خراپە و هەروەها باسی ئەو چیرۆکانەی لەقورئان و فەرموودەدا هاتوون و نمونەیان بۆ بهێنێتەوەو حوکمی شەرعیان بۆ ڕوون بکاتەوە بە ئوسلوب و شێوازێکی ڕەوانبێژی کاریگەر و دووربکەوێتەوە لە زۆرلەخۆکردن و درێژدادڕی وقووڵ کردنەوەی بابەتەکان، وەدەبێت تەواو شارەزایی و زانستی هەبێت بەوەی کە دەیڵێت، وە هەست بکات بەوەی کە ئەو هەستاوە بەئەرکی پێغەمبەران علیهم الصلاة و السلام.

**﴿ پرسیاری حەفتاو دوو: هەڵوێستی سەلەفی صالح چۆن بووە لەبارەی دوعاکردنەوە بۆ کاربەدەستانی موسڵمانان لە وتاری هەینیدا بەبەڵگەوە؟**

﴿ وەڵام: سەلەف گرنگیان داوە بە دوعاکردن بۆ کاربەدەستانی موسڵمانان، وەکرداری موسڵمانانیش بەدرێژایی مێژوو لەسەر ئەوە بووە، ئەوەش لەبەر ئەوەبووە کە چاکێتی و باش بوونی کاربەدەستان بە سوود و قازانجی خەڵکی و نیشتیمان دەشکێتەوە و ئەمەش واقعێکی حاشاهەڵنەگر و لەپێش چاوە، جا یەکێك لەهۆکارەکانی چاکبوونی کاربەدەستان بریتیە لە دوعای خەڵکی و بەتایبەت ئەهلی عیلم، بەڵگەش لەسەر ئەوە:

١- لە ئەمیری ئیمانداارانەوە عومەری کوڕی خەتتابەوە رضي الله عنه دەڵێت: " بزانن کە خەڵکی لەحاڵەتی باش و پڕخێریدان هەتا کاربەدەستانیان ڕێك و سەر ڕاست بن ".

٢- لە ئەبی موسلیمی خەولانیەوە رحمه الله دەڵێت: " بەوێنەی خۆت فەرمانڕەوات بۆ دادەنرێت جا ئەگەر هیدایەت دراوبوو ئەوا سوپاسی خوا بکە و ئەگەریش جگە لەوەبوو ئەوا دوعای هیدایەتی بۆ بکە و پێچەوانەی مەبە چونکە گومڕا دەبیت ".

٣- لە فوزەیلی کوڕی عیازەوە رحمه الله دەڵێت: " ئەگەر یەك دوعام گیرابێت و بزانم وەڵام دەدرێتەوە ئەوا بۆ کاربەدەستی دەکەم ".

٤- لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە رحمه الله دەڵێت: " من دوعا بۆ کاربەدەستان دەکەم بەوەی خوا سەرکەوتو و ڕاست وحەقبێژ و پشتیوانیان بکات و ئەوەش بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ".

٥- زانای بەرێز و هەڵکەوتوو پیشەوا البربهاری رحمه الله لەکتێبی ( شرح السنه )دا دەڵێت: " ئەگەر بینیت پیاوێك دوعا لە کاربەدەستان دەکات ئەوا بزانە ئەوە شوێن هەواو ئارەزوو کەوتووە، وە ئەگەر بینیتیش کەسێك دوعا بۆ

کاربەدەستان دەکات بۆ چاکبوونیان ئەوا بزانە ئەو کەسە خاوەن سوننەتە و شوێن سوننەت کەوتووە ".

هەروەکو چۆن ئەرکی سەرشانی ووتاربێژە کە مافەکانی کاربەدەستان بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە بەوەی کە ئەرکی موسڵمانانە کە بەیعەت و وەفایان بۆ پێشەوایانی خۆیان هەبێت لەکاتی دیار و ئاشکرادا و گوێڕایەڵیان بن لەچاکەدا نەوەك لە خراپە وسەرپێچی خوادا، وەڕێزیان لێ بگرن و ئامۆژگاریان بکەن و حەزبکەن چاك وچاکخواز بن و خەڵکی لەدەوریان کۆببنەوە ویەکریز ویەك دەست بن و ڕقیان لە پەرتەوازە و پارچەپارچەیی و دەرچوون لەسەریان بێت و پشتگیری ئەوانەش نەکەن کەلەدژیان دەردەچن، جگەلەمانەش کە زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە ڕوونیان کردۆتەوە لەسەردەمی سەلەفی صالحەوەو لەکتێبەکانیاندا تۆمارکراوە.

*** پرسیاری حەفتا وسێ: ئایا کاتی نوێژی هەردووجەژنەکە کەیە و شێوازەکەشی چۆنە؟**

*** وەڵام:**

**کاتەکەی:** سەبارەت بە نوێژی جەژنی رەمەزان ئەوا سوننەتە دوابخرێت هەتا خۆر ئەوەندەی دوو ڕم بەرز دەبێتەوە، واتە نزیکەی شەش مەتر ئەوەش لەبەر

ئەوەی کات زۆر بمێنێتەوە بۆ بەخشینی سەرفترە پێش نوێژ، بەڵام کاتی نوێژی قوربان سوننەت وایە پەلەی لیَ بکرێت لەوکاتەی کە کاتەکەی دەست پیَ دەکات بە بەرزبوونەوەی خۆر بەئەندازەی ڕمێك، ئەوەش لەبەر ئەوەی کات زۆرتر بمێنێتەوەو زووتر دەست بکرێت بە سەربڕینی ئاژەڵی قوربانی تابتوانرێت لێی بخورێت .

**شێوازی نوێژەکەشی:** سوونەتە لەچۆڵەوانیدا بکرێت، و سوننەتیشە خۆبشۆررێت و بۆنی خۆش لەخۆبدرێت و جلوبەرگی جوان و نویَ وپاك لەبەربکرێت، و لەڕێگەیەکەوە بچیت و لەرێگەیەکی ترەوە بێیتەوە.

**نوێژەکە دوو رکعاتە:** لەرکعاتی یەکەمدا حەوت الله أکبر و لەدووەمدا پێنج الله أکبر پێش قورئان خوێندن دەکرێت، لەگەڵ ووتنی هەر الله أکبرێکدا دەستەکان بەرزدەکرێنەوە، وە ئیمام بەدەنگی بەرز قورئانی تێدا دەخوێنێت و لەرکعاتی یەکەمدا دوای فاتیحە ﴿ **سبح اسم ربك الأعلى** ﴾ دەخوێنێت و لە دووەمیشدا ﴿**هل أتاك حديث غاشية** ﴾ دەخوێنێت، یان لەیەکەمدا سورەتی ( ق ) ولەدووەمدا سورەتی (القمر) دەخوێنێـت، پاشان ئیمام ڕوودەکاتە خەڵکی و دوو وتار دەدات کە تێیدا سوپاس وستایشی خوا دەکات وباسی پێویستی کارکردن بەشەرع دەکات و هانی موسڵمانان دەدات بۆ صەدەقە و قوربانی کردن و حوکمەکانی ڕوون دەکاتەوەو سوننەتیشە ئامۆژگاری ئافرەتان بکات لەوتارەکەیدا وبیریان بخاتەوە کەچیان لەسەرە لەصەدەقە وهانیان بدات بۆ ئەو کارە.

*** پرسیاری حەفتاو چوار: حوکمی نوێژی خۆر و مانگ گیران چیە و شێوازەکەشی چۆنە؟**

*** وەڵام:**

**حوکمەکەی ئەوەیە کە:** سوونئەتی جەخت لەسەر کراوە لەسەر هەموو موسڵمانێکی نێر و مێ لەشاروشوێنی خۆی بێت یان ڕێبوار بێت ئەگەر خۆر یان مانگ گیرا.

**شێوازەکەشی:** بانگ وقامەتی نیە، بەڵام بەووتنی " **الصلاة جامعة** " بانگی بۆ دەکرێت جارێك یان زیاتر، ئیمام الله أكبر دەكات و سورەتی فاتیحە و سورەتێکی درێژ دەخوێنێت بەدەنگی بەرز، پاشان ڕکوعێکی درێژ دەبات و پاشان سەربەرز دەکاتەوە لەرکوع ودەڵێت: **سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد** وە سوجدە نابات وپاشان دووبارە سورەتی فاتیحە وسورەتێکی کورتتر لەیەکەم جار دەخوێنێت و پاشان ڕکوعێکی کورتتر لەیەکەم جار دەبات و پاشان سەربەرز دەکاتەوە پاشان دوو سوجدەی درێژ دەبات کە یەکەمیان درێژتربێت لەدووەم و لەنێوانیاندا دادەنیشێت پاشان هەڵدەسێت ڕکعاتێکی تر ئەنجام دەدات هاوشێوەی یەکەم ڕکعات بەڵام تۆزێك کورتتر، پاشان تەحیات دەخوێنێت وسەلام دەداتەوە.

جا ئەگەر ئەوان لەناو نوێژدا بوون و خۆر یان مانگ گیرانەکە تەواو بوو ئەوا نوێژەکە کورت دەکەنەوە وئەگەریش هەر بەردەوام بوو ئەوا بەردەوام دەبن لە دوعا وپاڕانەوەو ووتنی الله أکبر وصەدەقەکردن هەتا ئەو دیاردەیە نامێنێت.

*** پرسیاری حەفتاو پێنج: ئایا حوکمی نوێژەبارانە چیە وشێوازەکەشی چۆنە؟**

**وەڵام:** حوکمەکەی ئەوەیە کە سوونەتێکی جەخت لەسەرکراوەو کاتێك ئەنجام دەدرێت کە زەوی ووشك بێت و ووشکەساڵی بێت.

**شێوازەکەشی:** موسڵمان بۆ ئەنجامدانی ئەم نوێژە دەردەچن بۆ چۆڵەوانیەك بەشێوازی شپرزەیی ولاوازی و زەلیلی بەپیاو وئافرەت ومنداڵەوە بەفەرمانی کاربەدەستی موسڵمانان کە ڕۆژێکیان بۆ دیاری دەکات و ئیمام پێش دەکەوێت دوو رکعاتیان بۆ دەکات بەبێ بانگ و قامەت، لەرکعاتی یەکەمدا بەتەکبیرەی ئیحرامەوە حەوت الله أکبر دەکات و پاشان فاتیحە وسورەتێکی تر بەدەنگی بەرز دەخوێنێت و پاشان رکوع وسوجدە دەبات وپاشان هەڵدەسێتەوە پێنج جار الله أکبر دەکات جگە لەهی هەستانەوە لە سوجدە وپاشان فاتیحە وسورەتێکی تر دەخوێنێت بەدەنگی بەرز وپاشان تەحیات دەخوێنێت وسەلام دەداتەوە، وە یەك ووتار دەدات، سوپاسی خوا دەکات وبەگەورەی ڕادەگرێت و داوای لێخۆشبوونی لێ دەکات و

هانی خەڵکی دەدات بۆ گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ و وریایان دەکاتەوە لە سەرپێچی و دڵخۆشیان دەکات بەو پاداشتە گەورەیەی لای خوایە لە لێخۆشبوون وسۆزو بەزەیی و بێ ئومێدیان ناکات و دەپاڕێنەوە لەخوا و سێ جار دەڵێن: (**اللهم أغثنا**) وسێ جاریش دەڵێن: (**اللهم اسقنا**).

ئینجا پشتی دەکاتە خەڵکی و ڕوودەکاتە قیبلە و دوعا دەکات و جلوبەرگەکەی هەڵاودیو دەکات.

*** پرسیاری حەفتاو شەش: چۆنێتی شۆردنی مردوو کفن کردنی چۆنە وشێوازی نوێژی جەنازە وبەڕێکردنی چۆنە؟**

*** وەڵام:** دەبێت بۆ شۆردنی مردوو کەسانێکی ئەمانەت پارێز ولەخواترس وچاکەخواز دەستنیشان بکرێن، کە مردووەکە لەسەر تەختی مردوو شۆر دادەنرێت و عەورەتی دادەپۆشرێت و دەست دەهێنرێت بەسکیدا و تاراتی بۆ دەگیرێت و دەستنوێژی بۆ دەگیرێت وپاشان دەست دەکرێت بەشۆردنی، وە دەبێت شۆردنەکانی تاك بن و لەلای ڕاستیەوە دەست پێ بکرێت، وە بەئاو و سیدر لەگەڵ هەندێك شۆردندا یان هەرشتێك کە پاکی بکاتەوە، وە بۆ دواهەمین شۆردنی لەگەڵ ئاوەکەدا

بۆنێك تێکەڵ بکرێت وباشترینیشی کافورە، وە ئافرەتیش پرچی دەکرێت بە سێ پەلکەوەو لەپشتە سەریەوە بەردەدرێتەوە.

وە پیاو بەسێ پارچە قوماش دەپێچرێتەوە کە ڕەنگی سپی بێت و بۆنخۆش کرابێت و ڕادەخرێت لەسەر یەك و بۆنی خۆشیش لەنێوان قوماشەکان دەدرێت، و پاشان مردووەکە لەسەر پشت لەسەر قوماشەکە دادەنرێت و سمتەکانی دەبەسترێن بەلۆکەیەکی بۆنخۆشکراو و پاشان لای چەپی پارچە پەڕۆکەی سەرەوە دەهێنرێتەوە بەلای ڕاستی مردوەکەدا و پاشان لای ڕاستی پارچە پەرۆکە دەهێنرێتەوە بۆ لای چەپی مردوەکە و ئەو دوو پارچەکەی تریش بەهەمان شێوە و پاشان بەپەڕۆیەك گرێی لێ دەدرێت کەلەناو گۆڕەکەدا دەکرێنەوە.

وە ئافرەتیش وەکو پیاوە باسی کرا، وە دروستیشە بە پارچەیەك کفن بکرێت کە هەموو لەشی داپۆشێت.

وە **چۆنێتی نوێژی جەنازەش:** ئەوەیە کە ئیمامەکە لای سەری مردووی پیاوەوە بوەستێ ولەناوەڕاستی مردوی ئافرەتەوە بوەستێ، چوار الله أکبر بکات، لەیەکەم جاردا دەستەکانی بەرزدەکاتەوە هەتا لای شانەکانی یان نەرمایی گوێیەکانی بەهەمان شێوە بۆ تەکبیرەکانی تریش، پاشان ناولەپی دەخاتەسەر پشتەدەستی چەپی لەسەر سنگی، پاشان پەنابەخوا دەگرێت و بسم الله دەکات و فاتیحە

بەدەنگی نزم دەخوێنێت و هەندێ جاریش سورەتێکی تریش، پاشان بۆ دووەم جار الله أكبر دەكات و صەلاواتی ئیبراهیمی دەڵێت، پاشان سێ یەم الله أكبر دەكات و بەدڵسۆزیەوە ئەم دوعایانە دەخوێنێت:

١- (( **اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا. اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الْإِسْلَامِ وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الْإِيمَانِ. اللَّهُمَّ لَا تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلَا تَفْتِنَّا بَعْدَهُ**)). ( أخرجه أبوداود وابن ماجه ).

٢- (( **اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ مِنَ الدنس وأبدله دَارا خيرا من دَاره وَأهلا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ وَأَدْخِلهُ الْجنَّة وأعذه من عَذَاب الْقَبْر (أو مِن عَذَاب النَّار)** )) **أخرجه مسلم**.

ئەگەر منداڵ بوو ئەوا ئەمەشی بۆ زیاد دەكرێت: " **اللَّهمَّ اجعلْهُ لنا سلفًا وفرَطًا وذُخرًا وأجرًا** " پاشان الله أكبری چوارەم دەكات و یەك سەلام بەلای ڕاستدا دەداتەوە.

وە هەركەسێكیش تەكبیری لەدەست دەرچوو ئەوا بەشێوەی خۆی قەزای دەكاتەوە.

وە **شێوازی بەرێکردنیشی بەم شێوەیەیە:** مردووەکە بەچوار پیاوەوە هەڵدەگیرێت، ئەوانەی بەپێ دەڕۆن لەپێش وپاشەوە دەبن وئەوانەش بەسواری دەڕۆن لەپاشیەوە دەبن وسوننەتە پەلەبکرێت لێی و واز لەباسی دونیایی بهێنرێت لەوکاتەدا و لەسەر گۆڕەکە بوەستن و لەکاتی خستنەناو گۆڕەوە بووترێت: (**بسم الله وعلى ملّة رسول الله**)، وەلەپاش لەگۆڕنانی دوعای دامەزراوی بۆ بکرێت و بووترێت: (**اللهم ثبته بالقول الثابت ، اللهم اغفر له وارحمه**).

وە سوننەتە سەردانی گۆڕستان بۆ پیاوان بەبێ سەفەرکردن و دروستیشە دوعابکرێت بەوەی کە هاتووە لە فەرموودەدا.